ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان
# کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە ٧٥٦ ■ پێنجشەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٨ _ ٢٢ی ئاگوستی ٢٠١٩
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

دیمانەی «کوردستان» لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزب — ل ٣
وتوویژ لەگەڵ ڕێژیم: بۆ«ئا»؟ بۆ«نا»؟ — د. ئاسۆ حەسەنزادە — ل ٤
٢٨ی گەلاوێژ و درێژەی چوار دەیە ئاسنی سارد کوتان — مەنسوور مروەتی — ل ٥
حیزبی دێموکرات مەتەرێزی شوناسخوازی و کێیەتی — سامان فەقێنەبی — ل ٦
ورمێی کوردستان قوربانیی ڕووداوگەلی پۆپۆلیستی — شاڕوخ حەسەنزادە — ل ٧
هەرەسی مەدەنی — ڕزگار ئەمینژاد — ل ٨

## حیزبی دێموکراتی کوردستان

# ڕووگەی نەتەوەیەک بۆ شوناسخوازی



حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەڕێوەبردنی سمینارێک لەژێر ناوی «٢٥ی گەلاوێژ، دەسپێکی مێژووی نوێی سەروەریی نەتەوایەتی»، یادی حەفتاوچوار ساڵەی دامەزرانی خۆی کردەوە. ئەم سمینارە ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ی گەلاوێژ، لە شاری سلێمانی و بەبەشداریی نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان و کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبی و ڕووناکبیری بەڕێوەچوو.

لە برگەی یەکەمی سمینارەکەدا کاک سمایل بازیار، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی کۆیە و کادری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی پێشکێش کرد لەژێر ناوی: «کۆمەڵەی ژ کاف، ڕێچکەیەک بۆ ناسیۆنالیزمی کورد هەتا ئێستا»دا. سیاسەت و ڕێباز و هەروەها پێکهاتەی فیکری و تەشکیلاتیی ژێکاف؛ کاریگەریی ژێکاف لەسەر بیچمگرتنی بیری ناسیونالیستی لە کوردستان؛ ڕوانگەی زلهێزەکانی وەک یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ ژێکاف لە بەردەوامیی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا؛ چەندی و چۆنیی گوتار و پرسی نەتەوەیی و ئامانجە بنەڕەتییەکانی ژێکاف و بەرنامە و سیاسەتیان بەنیسبەت پرسی کورد لە ئێران و؛ گوتار و پرسی نەتەوەیی و ئامانجە بنەڕەتییەکانی ژێکاف لە بەردەوامیی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا؛ چەند تەوەرێکی باسەکەی بەڕێز سمایل بازیار بوون.

لە تەوەرێکی دیکەی سمینارەکەدا مامۆستا هەژار هەورامی، مامۆستای زانکۆ لە هەولێر باسەکەی لەژێر ناوی «حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە» پێشکێش کرد. لە برگەی سێهەمی سمینارەکەدا کاک مەنسوور مروەتی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی پێشکێش کرد لەژێر ناوی «٢٨ی گەلاوێژ و ٤٠ ساڵ ئاسنی ساردکوتان». **(پوختەی ڕاپۆرتی ئەم سمینارە لە لاپەڕە ١٢دا بخوێننەوە.)**

## نیوەی ڕاستی زیندانییانی سیاسی لە ئێران کوردن

جاوید ڕەحمان، ڕێپۆرتەری تایبەتیی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران ڕایگەیاندوە کە نیوەی بەندکراوانی سیاسی لە ئێران کوردەکانن. ئەو لە دووهەمین ڕاپۆرتی خۆیدا پێداگریی لەسەر ئەوە کردوە کە سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵک، پێشێلکردنی ئازادیی ڕادەربڕین، زەوتکردنی مافی ژنان و کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان وەکوو پێشوو درێژەی هەیە و گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامیش کاریگەریی زۆری لەسەر ژیانی خەڵک بووە.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتوە کە دوای سیستان و بەلوچستان کە پەراوێزخراوترن و گەشەنەکردووترین ناوچەی ئێرانە، کوردستان کە چەند پارێزگایەکی ئێران دەگرێتەوە زۆرترین نرخی بێکاریی هەیە. هەروەها لە کوردستان ژمارەیەکی یەکجار کەم لە کاربەدەستانی سەرووی دامودەزگا ئیداری و بەڕێوەبەرییەکان کوردن و زمانی کوردی لە قوتابخانەکان ناخوێندرێ و، هاوکات نیوەی ڕاستی زیندانیانی سیاسی لە ئێران کوردن.

جاوید ڕەحمان لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژەی بە کوشتاری سیستماتیکی کۆڵبەران و کاسبکاران کردوە و دەڵێ ئەوەندە ڕادەیە لە کوشتن و زەبروزەنگ جێی نیگەرانییە و داوای لە ئێران کردوە بەپێی پرەنسیپە نێونەتەوەییەکان ڕێگا بدا سەردانی ئەم وڵاتە بکا و لە نیزیکەوە بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتانە بکا.




## کوژران و برینداربوونی ١٠٢ کۆڵبەر لە دوو مانگدا



لە مانگی ماوەی دوو مانگی هاوینی ئەمساڵدا ٤٦ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆ، بەربوونەوە لە شاخ بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، یان خنکان کوژراون و بریندار بوون. بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە لە پێناو پارووە نانێکدا کوژرابوون و بریندار بوون، گەیشتە ١٠٢ کەس.

لە هاوینی ئەمساڵدا هەروەها لانیکەم ١٥٨ کەس بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی و ئەندامەتی یان هاوکاریکردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری کۆماری ئیسلامی گیراون، بەوەش ژمارەی ئەم کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا گیراون گەیشتووەتە ٢٦٤ کەس.

لەم دوو مانگەی هاویندا لانیکەم زیاتر لە ٦٥ کەس خۆیان کوشتوە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ٤٦ کەس لەوانی ئاشکرا کردوە. لە وەرزی بەهاریشدا ٧٢ کەس لە کوردستان خۆیان کوشتبوو و بەوەش ژمارەی ئەم کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا خۆیان کوشتوە و ناو و نیشانیان تۆمار کراوە، گەیشتۆتە ١١٨ کەس.

سەروتار

## چل ساڵەی ٢٨ی گەلاوێژ و فتوای خومەینی

کەماڵ کەریمی

لە دوای کودیتای ساڵی ١٣٣٢ لە دژی دەوڵەتی خەڵکیی دوکتور موسەدیق، ٢٨ی گەلاوێژ بووە ڕۆژێکی تاڵی لەبیرنەکراو لە بیر و زەینی خەڵکی ئێراندا کە لەو ساڵەدا بە حاستەم هەناسەیەکی ئازادیان لە ئێرانی قەیراناویدا هەڵکێشابوو. ئەودەم لە کوردستانیش خەڵک بە هیوای ڕزگاربوونیان لە چنگ دیکتاتۆریی حەمە ڕەزاشا بە تێکڕا هاتبوونە مەیدان و چاوەڕوانیی گۆڕانکارییەکانیان دەکرد. هیوا و ئومێدێک کە ٣٥ ساڵی خایاند هەتا بە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا بە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی وەدیهات. هەر چەند بەداخەوە زۆری پێ نەچوو کە دەرکەوت گۆڕانێک نەهاتوەتە ئاراوە کە خەڵک دڵی پێ خۆش بکا و تەنیا تاج و مەندیل لە سەر کورسیی دەسەڵات جێگۆڕکەیان پێکرا. بەڵام ئەگەر لە جیاوازییەکان ورد ببینەوە ئەویان بە ناوی دێموکراسی و پێشکەوتنەوە زوڵمی لە خەڵک دەکرد و ئەمی تازەیان بە پاشخانێکی کۆنەپەرستانە لە بیرکردنەوەکانی و لە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە هەوڵی لە نێوبردنی هەر ئاسەوارێکی بیری پێشکەوتنخوازانەی دەدا. زۆری پێنەچوو کە دەسەڵاتدارانی تازە نییەتی ڕەشی خۆیان بۆ دژایەتیی هەر چەشنە بیرێکی ئازاد و مافخوازانە لە کوردستانەوە دەست پێکرد. ئەوان بە شەڕهەڵایسان لە شارەکانی کوردستان سەرەتا لە سنە و دواتر لە نەغەدە و سەرەنجام لە پاوە خەڵکی ئێران و کوردستانیان پەلکێشی شەڕێک کرد کە دوای چل ساڵ جگە لە خەڵک بە کوشتدان و وێرانی، قووڵبوونەوەی قەیرانە سیاسی و نیزامی و ئەمنییەتییەکان هیچ دەسکەوتێکی بۆیان نەبووە.

درێژەی ئەم شەڕانە و سەرەنجام فتوای جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی موسوڵمانی کوردستان بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ عورفێکی سیاسی و ئایینی و ڕاسپاردنی هەموو هێزە نیزامییەکانی ئێران بۆ سەرکوتی ل٢

# پێوانەی ئێمە لە هەموو پێوەندییەکاندا قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانە

## (پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ٧٤ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان)




**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**
**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

بەبۆنەی حەفتاوچوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان پێ دەڵێین. ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، ٧٤ ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا تێدەپەڕێ. بەدامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، قۆناغێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەیی بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لە کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دەستی پێکرد. خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان بەشێوەی مۆدێرن و دێموکڕاتیک ڕێک خرا و بە جەماوەری کرا. حیزب و ڕێبەرایەتییەکەی لە هێندێک بژاردەوە گوڕا بۆ کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە بەدەنەیدا و، نوێنەرانی چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵک لە ڕێبەرییەکەیدا. پانتایی خەبات و ڕەهەندەکانی خەبات ئاڵوگۆڕی چۆنی و چەندییان بەسەردا هات. جولانەوەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی کوردستان خۆی هەماهەنگ کرد لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان و پێشکەوتنەکانی دنیای تازەدا و، خۆی ڕێک خست لەگەڵ پرێنسیپەکانی دیپلۆماسیی سەردەم و یاساوڕێسا نێونەتەوەییەکان و بڕیار و پرەنسیپەکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە.

جوولانەوەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشڕەویی حیزبی دێموکڕات و ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد لە ماوەیەکی کورتدا بە شێوەیەک گەشەی کرد و پێش کەوت کە بتوانێ بە باشترین شێوە لە دەرفەتی ڕەخساو کەڵک وەرگرێ و کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ، ئەویش بەپێی پێوانە مۆدێرن و نێونەتەوەییەکان. هەنگاوەکانی حیزب و ڕێبەرە پێشەنگەکەی پێشەوا قازی محەممەد بە شێوەیەک سەردەمیانە بوون کە لە ماوەیەکی کورتدا ڕۆڵ و کاریگەریی هەمو چین و توێژەکانی کومەڵی کوردەواریی پێوە دیار بوو. ژنان شانبەشانی پیاوان هاتنە مەیدانی خەبات و لاوان ئاوڕیان لێ درایەوە و تەنانەت کۆمەڵێکی بەرچاو لەوان بۆ خوێندن نێردرانە دەرەوەی وڵات.

بناغەکانی بەنەتەوەیی بوون کاریان لەسەر کرا و کۆمەڵێک هێمای نەتەوەیی وەک کۆمار، ئاڵا، هێزی پێشمەرگە و سروودی نەتەوەیی داندران و پێکهاتن کە تا ئێستاش گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان شانازییان پێوە دەکا. هەروەها مێتۆدەکان و پرەنسیپەکانی سەرەتای دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک سەربەخۆیی سیاسی، دێموکڕاسیخوازی، یەکسانیخوازی بۆ ژن و پیاو، باوەڕمەند بوون بە ئازادی، ئەخلاقی سیاسی، ئاشتیخوازی، ئامادەیی بۆ قبووڵکردنی بیر و ڕای جیاواز و پێکەوەژیانی بە ئاشتیانە لەگەڵ پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی کوردستان تا ئەمڕۆش چرای ڕووناککەرەوەی ڕێگای تێکۆشەرانی دێموکرات بوون و لەمەولاش هەر دەبن. هەربۆیە لە قۆناغە سەخت و دژوارەکانی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا وەک سەردەمی کۆمار، ساڵەکانی دوای کۆمار هەتا جووڵانەوەی ٤٦_٤٧، تا ڕاپەڕینی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و بەرگری قارەمانانە لەدژی هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و تا خەباتی خوێناویی ئەمڕۆمان کە سێ ڕێبەری مەزن، دەیان کادری ڕێبەری و هەزاران کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ئەم حیزبە و دەیان هەزار لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە لە سێدارەدان، تیرۆر یا لە مەیدانەکانی شەڕ و هێرشی ناڕەوای دوژمندا شەهید کراون، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەستی لەو پرەنسیپانە هەڵنەگرتووە و ئێستاش پێیان وەفادارە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو مێژووە ٧٤ ساڵەیەدا، هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە کە تیرۆر بە تیرۆر، لە سێدارەدان، بە لەسێدارەدان و ئەشکەنجە، بە ئەشکەنجە وەڵام بداتەوە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو ماوە دوور و درێژەدا دەستی لە پرەنسیپی ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە بۆ مەسەلەی کورد لە ئێراندا هەڵنەگرتووە و دایم ئامادەی وتوویژ بووە و هەیە، هەرچەند بەرامبەرەکەشی بە درندەترین شێوە جولاّبێتەوە و هەرچەند ڕێبەری مەزنی وەک دوکتور قاسملووشی لەسەر مێزی وتوویژ شەهید کراوە. مەنتقی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەوەیە کە دوژمن ئەگەر بتوانێ بە کەڵکی خەراپ وەرگرتن لە ڕێبازی ئاشتیخوازانەت بشتکوژێ، نابێ ڕێگای پێ بدەی کە پرەنسیپەکانت لێ بستێنێ و بتکاتە هێزێکی وەک خۆی.

**کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

ڕاستە لەو ماوەیە پڕ هەوراز و نشێوەدا بێگومان لە قۆناغە جیاجیاکاندا هەندێ کەمکاری، نائارامیی تەشکیلاتی و تەنانەت پێکەوە نەحاوانەوەش لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا ڕوویان داوە و هێندێک هەڵەی ڕێکاری و تەشکیلاتی بۆ ئەوە دەبن بیریان لێ بکرێتەوە و دەرسیان لێ وەربگیرێ؛ بەڵام کۆی گشتیی مێژووی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بەدرێژایی ئەو ٧٤ ساڵە جێگای شانازییە و ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە دەتوانن بە سەربەرزییەوە ئاوڕ لە ڕابردووی حیزبەکەیان بدەنەوە، چونکە هیچ پەڵەیەکی ڕەش و جێگای شەرمەزاریی تێدا بەدی ناکرێ. وە لە ئێستاشدا خەباتی فرەڕەهەندیی حیزب لەسەر بناغەی پرەنسیپەکانی ڕێبەرانی شەهید و ڕابردووی پڕ لە شانازیی لە مەیدانە جۆربەجۆرەکاندا درێژەی هەیە. ژنان و پیاوانی دێموکرات بە پیر و لاوەوە لەنێو جەماوەری مافخوازی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات، لە ڕیزەکانی ڕێکخستنی نهێنی، پێشمەرگەی نێو دەریای کۆمەڵانی خەڵکدا بۆ پاراستنی ڕۆژهەڵات، یا لە تەشکیلاتی ئاشکرا و پێشمەرگەی شاخدا، یا لە شەقام و مەیدانەکانی شاردا بە دڵێکی پڕ لە هیواوە و لە سەر بناغەی ڕێبازی شەهیدان درێژە بە خەبات دەدەن و ڕۆژ نییە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا چالاکی نەکەن. ئەوجی خۆڕاگریی ڕێبەرایەتی، کادر و ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دوای موشەکبارانی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزب بەهۆی کۆماری ئیسلامییەوە کە تێیدا ١٤ کەس لە ڕێبەران، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب شەهید بوون و دەیان کەسیش بە توندی بریندار بوون، پیشان درا. وەک چۆن دیتمان کە قەڵای دێموکرات بۆ یەک ڕۆژیش لە جووڵە نەکەوت و تێکۆشانی خەباتگێڕانە لە ناوەندی حیزب هەر وا درێژەی هەبوو.

لە سەنگەر و بەستێکی دیکەشدا، خەباتی مەدەنی و جەماوەری بە پشتیوانی و ڕێنوێنیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە. پارێزەرانی ڕۆژهەڵات بە لایەنگری لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە مەیدانە جۆربەجۆرەکاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر مەیدانداری دەکەن. ڕۆژهەڵاتتەوەری کە لە داهێنانەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە، خەریکە بنچ دادەکوتێ و لە مەیدانێکی هەراوتردا سەرنجی حیزب و لایەنی دیکەی کوردستانیش بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. سیاسەتی حەکیمانە و یەکگرتوویی خوازانەی حیزب کاریگەری خۆی دادەنێ و لە داڕشتنی بناغەی هاوکاریی حیزبە کوردستانیەکاندا ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و لە مەودواش دەیگێڕێ. لە مەیدانی خەباتی دیپلۆماسی و ڕێکخستنی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگەدا حیزب هەنگاوی باشی ناوە و لە یادی سی ساڵەی تیرۆری ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوودا ئەوە بەتەواوی سەلمێنرا.

**هاونیشتمانییە بەڕێزەکان!**

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بناغەی پرێنسیپەکانی بەردەوام بەڕۆژ دەکاتەوە، چ لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا، چ ڕوو بە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی سەراسەریی ئێران، چ لە بەرانبەر وەڵاتانی دەرەوەدا. سەربەخۆیی سیاسی، داوای مافی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرگری لە دێموکڕاسی، سێکۆلاریزم، ئازادی، یەکسانی و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە، خەبات لەدژی تیرۆڕ لە هەمو پانتایی خۆیدا و بەرگری لە مافی نەتەوەیی بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان لە و پرەنسیپانەن کە هەردەم لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە دەپارێزرێن. بۆیە پێوانەی ئێمە لە هەموو پێوەندییەکاندا قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتییە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەردەگرێ کە بە قازانجی نەتەوەی کورد بێ. لە هەمو ئاڵوگۆڕ و مەسەلە نێونەتەوەیی، ناوچەیی، ئێرانی وکوردستانییەکاندا بۆ حیزبی ئێمە تەرازوو، مەسەلەی کوردە بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە پێی ئەو ئامانجانەی باس کرا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵ دەدا بۆ یەکگرتن لەنێو بنەماڵەی گەورەی دێموکڕاتدا و یەکگرتویی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسیە کوردستانییەکاندا. لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا پشتیوانی دەکا لە مافی ڕەوای کوردەکان بێ ئەوەی دەخالەت لە کاروباری نێوخۆییاندا بکا. لە ئێران هەوڵ دەدا مافی گەلی کورد بچەسپێ و دێموکڕاسی، ئازادی و یەکسانی بەرقەرار بێ و هەر هێزێک باوەڕی بەو مافانە نەبێ، ناتوانێ هاوخەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بێ. لە دنیای دەرەوەشدا هەوڵ دەدا پشتیوانی بۆ خەباتی ڕەوای کورد بەدەست بێنێ و لە سەر بناغەی قازانجەکانی گەلەکەی پەیوەندی دامەزرێنێ.

جارێکی دیکە حەفتاوچوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانتان پیرۆزبایی پێ دەڵێین و هیوادارین لە ژێر سایەی تێکۆشان و ڕێنوێنیەکانی حیزبە تێکۆشەرەکەماندا بە ئامانجی لە مێژینەمان بگەین کە وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانمانە.

سەرکەوێ خەباتی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان،
بەرقەرار بێ ئازادی، دێموکڕاسی و یەکسانی،
نەمان بۆ دیکتاتۆری، تیرۆڕیزم و شەڕخوازی!

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٥ی گەلاوێژ**

دریژەی سەروتار

# چل ساڵەی ٢٨ی گەلاوێژ و فتوای خومەینی

خەڵکی کوردستان بە ناوی شەڕ لە دژی کافران لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، یادی تاڵیی ئەو ڕۆژەی لە بیری خەڵکدا زیندوو کردەوە و لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی لە مێژووی ڕەش و تاریکی ئێراندا تۆمار کرد. مێژوویەک کە دەسەڵاتدارانی تاران بە شەڕ و خوێنڕشتنی خەڵکی ئازادیخوازی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران نووسیبوویانەوە و سەرکوتی بێبەزەییانەی ئازادیخوازانی وڵاتیان وەک سەروەرییەک بۆ خۆیان حیساب دەکرد.

ڕێژیم بە پەلاماردانی شار و گوندەکانی کوردستان بە بۆمبارانی شارەکان، سووتاندنی دەیان گوند و کوشتاری بە کۆمەڵی دانیشتووانی و ئێعدامی بەکۆمەڵی لاوانی کوردستان هەوڵی کپکردنی دەنگی بەرزی ئازادیخوازییان لە کوردستان دەدا. هەرچەند خۆڕاگری و بەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان و زەبری تێکشکێنەری هێزی پێشمەرگە لە ماوەی ٣ مانگدا کە لە مێژووی پڕ سەروەریی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستاندا بە شەڕی ٣ مانگە ناسراوە، هێزە هێرشبەرەکانی کۆماری ئیسلامیی تووشی شکستێکی وەها گەورە کرد کە خومەینی ناچار بکا بۆ پاراستنی هێزەکانی پەیامی ٢٦ی گەلاڕێزان بڵاو بکاتەوە و داوای ڕاوەستاندنی شەڕ بکا؛ بەڵام دوایە و بە شێوازی هەڵسوکەوتی نێردراوەکانی بۆ کوردستان، دەرکەوت کە دەرکردنی ئەو پەیامە هیچ نییەتێکی باشی لە پشت نەبووە. بەمجۆرە ٢٨ی گەلاوێژ بوو بە سەرەتای دەسپێکی شەڕێک کە چل ساڵە بەبێ ئەوەی ڕێگەچارەیەکی کۆتایی بۆ ببیندرێتەوە لە کوردستان درێژەی هەیە. بەڵام ئەم شەڕە بۆ بە سەر کوردستاندا سەپا و ئاکامەکانی چی بوو؟

نەتەوەی کورد لە کوردستانی دابەشکراودا ئەگەر لە مێژبوو خەباتی دەکرد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چوار دەیە بوو کە خەباتێکی سازماندراو لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ڕێبەری دەکرا و جیا لە تێکۆشانی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەردەوام لەلایەن تێکۆشەرانی دێموکراتەوە، خاوەندارەتیی شۆڕشی چەکداری ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی دەکرد کە لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا دەسەڵاتی شایان وەلەرزە خستبوو. هەربۆیە جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی ئێران خەڵکی کوردستان بە بوونی بیرێکی نەتەوەیی و ئازادیخوازانە و ئێرادەیەکی شۆڕشگێڕانە و لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا، بەرەیەکی بەهێزییان بۆ خەبات پێک هێنابوو، کە لە نێویاندا بە هەزاران کەس ئامادەی فیداکاری بوون بۆ پاراستنی دەسکەوتی گەلەکەیان لە پاش شۆڕشی ١٣٥٧. جگە لەوەی چەند ڕێکخراوی چەپی ئێرانیش کە کوردستانیان بە ناوچەیەکی پڕ پتانسییەل بۆ شۆڕش دەدی لەوێ تێکۆشانیان هەبوو. لەولاشەوە لە تاران کۆمەڵە کەسێک دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتبوو کە بە بوونی پاشخانێکی فکریی کۆنەپەرستانە دژی هەر چەشنە بیرکردنەوەیەکی ئازادیخوازانە بوون. هەر بۆیە بۆ پاراستن و قایم کردنی دەسەڵاتەکەیان بە فرسەتیان زانی بە ناوی شەڕ لە گەڵ دژە شۆڕش لە هەستی خەڵکی ساویلکە و نەزانی ئەو سەردەم کە بە هەموو ئێحساسیانەوە لە شۆڕشی دژی ڕێژیمی شا بەشدارییان کردبوو کەلک وەرگرن و لەشکریان لێ پێک بێنن و بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان و دەستبەسەرداگرتنی ئەو سەنگەرە قایمەی شۆڕش ڕەوانەی کوردستانیان بکەن. لەم چل ساڵەدا هەر چەند کوشتن، زیندانی کردنی بە هەزاران کەس و ئێعدامی ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی کورد بەشێک بووە لە سیاسەتی سەرکوتکارانەی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، بەڵام ئەوان نە تەنیا نەیانتوانیوە بە ئامانجە چەپەڵەکانیان کە سەرکوتی یەکجاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە بگەن، بەڵکوو تێکۆشەرانی کورد بە ئاستی بەرزی تێگەیشتووییان لە ڕەوابوونی ماف و داخوازییەکانیان بە پشتیوانی لە حیزبە شۆڕشگێڕەکانیان و بە شێوازی جۆراوجۆر و بەردەوام ڕووبەڕووی ڕێژیم و سیاسەتەکانی دەبنەوە و تەنانەت ڕۆژێک نەیانهێشتوە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بە حەساوەیی بیر لە کوردستان بکەنەوە.

لە کۆتاییدا و دوای چل ساڵ ئەگەر ڕێژیم لە زەلکاوی کێشە نیزامی و ئەمنییەتییەکانیدا لە کوردستان نوقم بووە و ڕێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون لە بەردەم خویدا نابینێ، بزووتنەوەی کورد بە ڕێبەری حیزبە ڕەسەن و پێشکەوتنخوازەکانی لە بواری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە مەودایەکی زۆریان بەرەو سەرکەوتن بڕیوە. کورد ئێستا لە ئاستی سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بەرەو بوون بە فاکتەرێکی کاریگەر لە هاوکێشە سیاسییەکان بەرەو گۆڕانکارییەکان هەنگاو دەنێ. ئەگەر چل ساڵ لەمەوبەر دەگوترا تەنیا شاخەکان پشتیوانی کوردن، ئێستا بزووتنەوەی کورد خاوەن هێزێکی چەند ملیۆنییە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات کە لە کەس تەنانەت ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیش شاراوە نیە و لە دەرەوەش بوەتە خاوەن پێگەیەکی دیپلۆماسیی بەهێز کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر داڕشتنی هەر پلانێک بۆ گۆڕانکاری لە ئێراندا هەبێ.

### مستەفا مەولوودی:

# شوناسخوازیی سەرانسەریی ئێستا لە کوردستان بەرهەمی خۆڕاگریی کوردە لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا

دیمانە: عەلی بداغی



٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٤٠ ساڵ تێپەڕی بەسەر ڕووداوێکی مێژوویی کە چارەنووسی سیاسیی کوردستانی ئێرانی گۆڕی. لەم ڕۆژەدا خومەینی، ڕێبەری ڕێژیم فتوای جیهاد و فەرمانی شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستانی دا و بەوەش دەرگای هەموو هەوڵێکی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە ئێراندا داخرا. لەو کاتەوە شەڕ لە کوردستان لە شێوەی جۆراوجۆردا بەردەوام بووە، کوردستان بە ئەمنیەتی کراوە و وەک موستەعمەرەیەک سامان و سەرچاوەکانی لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بەتاڵان چووە. هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەیی دراوە و لە هەموو پێشکەوتن و پەرەسەندنێکدا بێبەش کراوە و ئەوەش سەرچاوەکەی بۆ ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی دەگەڕێتەوە.

«کوردستان» لە ٤٠ ساڵەی ئەم ڕووداوە مێژووییەدا دیمانەیەکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە و چەند باس و تەوەرێکی پێوەندیدار بەو بابەتەی لەگەڵ بەڕێزیاندا تاوتوێ کردوە.

**چی وای کرد خومەینی فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان بدا؟**

کە بنەڕەتڕا بەپێی تایبەتمەندی و خەسڵەت و کەسایەتیی نادێموکراتیکی ئایەتوڵڵا خومەینی و ئەو نیزامە مەزهەبییە کە ئاغای خومەینی و هاوبیرەکانی خەونی جێگیرکردنیان لە وڵاتی ئێراندا دەدی، سروشتی بوو کە حکومەتی تازەدامەزراو لە تاران زۆر زوو دەکەوێتە بیری کۆنترۆڵ کردنەوەی هەمووی وڵات و لێ ئەستاندنەوەی ئەو برە ئازادییەی کە خەڵکی ئێران بەگشتی و نەتەوە نا فارسەکان بە سەرکەوتنی شۆرش لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا وەدەستیان هێنابوو. ئەوە بەگشتی، بەڵام لە کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر مەسەلەکە جیاواز بوو. لە بەر ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەک بەنیسبەت نەتەوەکانی دیکەی ئێران خاوەنی باکگراندێکی مێژوویی لە خەبات و تێکۆشانی بوو. لە مێژووی تۆمارکراویدا حیزبی سیاسیی خۆی (حیزبی دێموکراتی کوردستان)ی هەبوو، ئەزموونی کۆماری کوردستانی وەک پاشخانی ئیرادەگەریی سیاسی تۆمار کردبوو. لە ڕێژیمی پاشایەتیی توورە بوو و هاوکات بە خوێندنەوە و لێکدانەوەی سیاسیی ورد و بە مەبەستی وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بەشداریی لە شۆرشی ١٣٥٧ بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی کردبوو. پاش سەرکەوتنی شۆرشیش حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەک بە دانوستان و وتوویژ لەگەڵ نیزامی تازە و لە لایەکی دیکە بە کار و تێکۆشان لە ئێران و کوردستان لە بیری جێگیر کردن و دروستکردنی نیهادی مەدەنی و خەڵکتەوەر دابوو. ئەوەش ناتەبا بوو لەگەڵ بنەما فیکری و بەرنامەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی و کەسانی دەوروبەری. ئەوەش بوو کە ئەوان هەر لە سەرەتاوە کوردستانیان وەک چقڵێک دەدی لە چاوی خۆیاندا. بۆیەش خومەینی فتوا و فەرمانی جیهادی لە دژی کورد دەرکرد.

**کورد لەبەرامبەر ئەم هێرشەدا بەرگرییەکی چەکداریی ئازایانەی کرد، ئەگەر هێزە سیاسییەکان ئەم مقاومەتەیان نەکردبا چی ڕووی دەدا؟**

لە مێژوودا کورد بە نەتەوەیەکی ئازا و چاو نەترس ناسراوە. بۆیە خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان (لە شەڕی سێ مانگەدا) نموونەی ئازایەتی و کۆڵنەدانی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بوو. هێزێکی زۆری حکوومەت بە فەرمانی ئاغای خومەینی بە ئیمکاناتێکی زۆرەوە و لە زەوی و ئاسمانەوە پەلاماری کوردستانی دا، بەڵام دوای سێ مانگ شەڕی قارەمانانە و بەرگرییەکی ڕەوا، هیزی پەلاماردەر تووشی تێکشانی گەورە بوو. خومەینی ناچار لە ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەردا پەیامی ڕاگرتنی شە بە دژی کوردستانی ڕاگەیاند و دانی بە ئەوە دانا کە ئەویان لەسەر کوردستان خراپ تێگەیاندوە. پاشان ئۆگری نیشان دا کە کێشەی کوردستان بە دیالۆگ و وتوویژ چارەسەر بکرێ. خەڵکی کوردستانیش وەڵامی ئەرێنیی دایەوە بەو پەیامە. بەڵام بەداخەوە دەرکەوت ئەوەش هەر پیلان و کەلکوەرگرتن لە کات بوو بۆ ئەوەی هێزە پەلاماردەرەکان خۆیان ڕێک بخەنەوە و تەیار و پۆشتە بکرێنەوە بۆ پەلاماری دووبارە بۆ سەر خەڵکی کوردستان.

ڕوونە ئەگەر خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات مقاومەتی نەکردبا، بزووتنەوەی کوردستان تووشی شکانێکی قەرەبوونەکراو دەبوو،و بۆ ماوەیەکی نادیار جووڵانەوەکە تووشی کپ و بێدەنگی دەبوو. هەروەها خەڵکی کوردستان زووتر دەکەوتنە ژێر دەستەڵاتی شوومی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هاوکات سەرکوتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان شوێنەواری خەراپی لەسەر بزوتنەوەی سیاسی سەرانسەریی خەڵکی ئێرانیش دادەنا.

**کۆمەڵێک دەنگ هەیە کە دەڵێن کورد نەدەبوا لەبەرامبەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا کە بە شۆڕش هاتووەتە سەرکار ڕاوەستابا و دەستی بۆ چەک بردبا. چونکی ئەمە بیانووی دا بە شەڕخوازەکانی نێو دەسەڵات کە بۆ هەمیشەی هەیمەنەی خۆیان بەسەر کوردستاندا بسەپێنن. ئێوە وەڵامتان بۆ ئەو بانگەشەیە چییە؟**

لەگەڵ ڕێزم بۆ بووچە جیاوازەکان بەڵام ئەوە لەجێی خۆیدا نییە. خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات بە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی دروست لە بەرانبەر پەلاماری هێزەکانی حکومەت، چ هیزی میلیشا وەک بەسیج و چەکدار لە ناوچەکە و هەروەها هێرشی هیزە چەکدارەکانی حکومەت بە ئەرتەش و سوپای پاسدارانەوە ڕاوەستان و مقاومەتیان کرد و ئەوە کارێکی بەجێ و جێی شانازییە. چونکی دەستی لەسەر دەست دانەنا و ئیزنی نەدا بزووتنەوەیەک سەرکوت و نەتەوەیەک قەڵاچۆ بکرێ. بەڵام لەبەر چی گوتم کە ئەو بۆچوونە لەجێی خۆیدا نییە:

یەکەم؛ هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری حکوومەتی تازە لە ئێران، خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات هەوڵیان دا بە ڕێگای وتوویژ و دیالۆگ مەسەلەی کوردستان لەگەڵ حکومەت چارەسەر بکەن؛ کەواتە ئەوان بە بەرپرسیارەتییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکە کردوە. بەڵام ئەوە حکومەتی تاران بوو بە پەلامار بۆ سەر کوردستان ڕێگای وتوویژی داخست و بەربەستی لەبەردەم چارەسەرە دێموکراتیکەکان دانا وم لە ڕاستیدا هیچ ڕێگایەکی بۆ خەڵکی کوردستان نەهێشتەوە جیا لە مقاومەت و بەربەرەکانییەکی ڕەوا.

دووهەم؛ بەڵام باشە خۆ لە بەشەکانی دیکەی ئێران کە بەو شێوەیە مقاومەت و خۆڕاگری نەبوو، ئەدی چارەنووسی ئەوان بوو بە چی؟

سێهەم؛ هەر لە کوردستان هێز و لایەن هەبوون بە شێوەیەک ڕەفتار و سیاسەتیان دەکرد کە بەهیچ شێوەیەک هانی حکومەت نەدەن و لە بەرامبەر ڕێژیمدا ڕانەوەستن. باشە چارەنووسی ئەوان چیی لێهات؟

چوارەم؛ دوایی ٤٠ ساڵ ئەگەر سەیری ئەو مێژوویە بکەین، بەکردەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خەڵکی کوردستان کاری دروستی کردوە کە مقاومەتی کردوە. هێزە کوردییەکان کە بەرگریی چەکدارییان لە هەمبەر ڕێژیمدا بووە و مانەوەی خۆیان کردۆتە ئەمری واقع، ئێستاش دەبینین کە لە مەیداندا ماونەوە، بەڵام ئەو نەتەوانەی مقاومەتیان نەکرد و بێدەنگی و چاوەڕوانی و تەنانەت تەسلیم بوونیان هەڵبژارد، هەموو شتێکیان لەدەست چوو. بۆیە ڕەمزی سەرکەوتن و مانەوەی کورد لەو مەیدانەدا بۆ ئەوە مقاومەتە دەگەڕێتەوە. ڕاستە کورد و حیزبی دێموکرات ڕێگایەکی هەڵبژارد کە تێچوویەکی زۆر و قورسی هەبوو، بەڵام سەربڵیند و تێکۆشەر لە مەیدانەکەدا ماوەنەوە و ئێستاش خەڵکی کوردستان چاوی هیوایان هەر لە هێزە خەباتکارەکانیەتی.

**دوای هێرشی تاران بۆ سەر کوردستان و بەرگریی کورد و شەڕی سێ مانگە بۆ ماوەیەک شەڕ ڕاوەستا و پرسی وتوویژ لە نێوان ڕێژیم و کورددا هاتەگۆڕێ، بەڵام بێ ئەنجام بوون. تاوانی ئەمە لە ئەستۆی کێ بوو؟ بۆ وتوویژەکان بێ ئامام مانەوە؟**

ڕاستە دوای هێرشی تاران بۆ کوردستان بەو جۆرەی ئێوە دەفەرموون ماوەیەک شەڕ ڕاوەستا و پرسی وتوویژ هاتۆتە ئاراوە، بەڵام لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشتردا گوتم کە ئەمە تاکتیکی ڕێژیم بۆ کات کوشتن بوو. لە ڕاونگەی منەوە پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەر ئاغای خومەینی بۆ دیالۆگ و وتوویژ بە مەبەستی چارەسەری پرسی کوردستان نەبوو، بەڵکوو بۆ حەسانەوە و سازماندان و خۆ ئامادەکردنی هێزەکانی ڕێژیم بووە بۆ پەلاماری دووبارەیان بۆ سەر کوردستان. لە بەر ئەوە هەر چەند بەڕواڵەت هەیئەت لە تارانەوە هاتن بۆ کوردستان و لەگەڵ هەیئەتی نوێنەڕایەتیی خەڵکی کوردستان چەند جارێک دیداریان هەبوو، بەڵام ئەوان نیازپاک نەبوون. هەیئەتی نوێنەڕایەتیی خەڵکی کوردستان داخوازیی خەڵکی کوردستانیان لە چەند خاڵدا فۆرموڵە کردبوو و خەڵکی کوردستان زۆریشی ئامادەگی نیشان دا؛ تەنانەت کە باس لە خودموختاریی ئیسلامی لە کوردستان دەکرێ، سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەش ئامادەیی دەردەبڕێ. بەڵام چوونکە لە ڕاستیدا ڕێژیم خەیاڵی وەخت کڕینی هەبوو بۆ پەلاماری دووبارەی کوردستان نەک چارەسەرکردنی پرسە، بۆیە هەر کە ڕێژیم خۆی لەو ئاستەدا دیتەوە کە دەتوانێ پەلاماری شار و ناوچە و گوندەکانی کوردستان بدا؛ بێ گوێدان بە کاری هەیئەتی دەوڵەت و خەڵکی کوردستان پەلامارەکەی دەست پێکردەوە و شەڕێکی بەسەر کوردستاندا سەپاند کە لە فۆڕمی جۆراوجۆردا تا ئێستاش درێژەی هەیە. بۆیە زۆر ڕوونە کە تاوانی بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵە ئاشتیخوازانەکان لە ئەستۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

**ئەگەر کەمێک وردتر باس لە کاریگەرییەکانی شکستی وتوویژەکان بکەین. دوایە لە کوردستان چ ڕووی دا؟**

ڕاستی وتوویژێک بەم جۆرەی بڵێی وتوویژ بە شێوەیەکی جیددی و کاریگەر لە ئاڕادا بووبێ بە باوەری من هەر نەبوو، چوونکە من لە یەکێک لە هاوڕێیان کە ئەندامی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد بووە و لە وتوویژەکاندا بووە؛ لێم بیستووە کە لەو چەند جار دانیشتنەدا تەنیا یەک جار و ئەویش بۆ ماوەی نیو سەعات وتوویژی فەرمی لە نێوان هەیئەتی نوێنەڕایەتیی خەڵکی کوردستان و نوێنەرانی حکومەتدا هەبوو. کە ئەویش هیچی وای تێیدا باس نەکراوە. بۆیە دەکرێ بڵێین وتوویژێک نەبووە تا بە ئاکام نەگەیشتنەکەی کاریگەریی بووبێ بە سەر خەڵک و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان. تەنیا ئەوە نەبێ کە ئاگربەست هەبوو لە نێوان کورد و هێزەکانی ڕێژیم لە کوردستان، کە هێزەکانی ڕێژیم بۆ جاری دووهەم خۆیان ڕێک خستەوە و تەیارتر و پۆشتەتر و ئەمجارەیان بە پیلان و بەرنامەی درێژخایەنترەوە پەلاماری کوردستانیان دایەوە. دەرەنجامەکەشی شەڕێکی نابەرامبەری خوێناویی لێ کەوتەوە و بووە هۆی وێرانی و کوشت و کوشتارێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان و بەرپرسایەتیی هەموو ئەوانەش لە ئەستۆی ڕێژیمە کە کوردستانی میلیتاریزە کردبوو.

لە هەر شوێنێک هیزەکانی ڕێژیم هەبوون ژیانی خەڵک بەتەواوی لە مەترسیدا بوو. گرتن و کوشتن و ڕەوانەکردنی خەڵک بۆ زیندان و ئیعدامی خەڵکی کوردستان ببوو بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان.

سروشتیش بوو لە بەرامبەر ئەم پەلامارەدا هیزە سیاسییەکان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان بە یارمەتی و هەزینەکردنی خەڵکی کوردستان لە گیان و ماڵ، شەڕ و مقاومەت و خۆڕاگرییەکی بێوێنەیان تۆمار کرد کە لە مێژوودا بە درەوشاوەیی ماوەتەوە و دەمێنێ. ڕاستە بۆ خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات تێچووی ئەو بەربەرەکانی و مقاومەتە زۆر بووە، بەڵام ئەمە پەرەی بە بزووتنەوەیەکی سیاسیی شۆڕشگێرانە داوە و ئێستاش خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر فشاری ڕێژیمدا و سیاسی بوونی خەڵکی کوردستان و سوور بوونیان لەسەر مافە ڕەواکانیان ئەمری واقعە و فەزایەکی تەواو ماف ویستانە و سیاسیی لە کوردستاندا خوڵقاندوە.

**کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی دەسەڵاتیدا هەمیشە وەک موستەعمیرەیەک لە کوردستانی ڕوانیوە، سامان و سەرچاوەکانی بەتاڵان بردوە، شەڕی نەرمی لەگەڵ کورد بردۆتە پێشێ و بە قورسترین چەک کە ڕەنگبێ ئێستاش زۆر لە دەوڵەتان نەیانبێ لە بزووتنەوەی کوردی داوە. کورد و کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا لە کوێ پێک دەگەن؟ یان ئەسڵەن دەکرێ لە جێیەک پێک بگەن؟**

ئەزموونی مێژووی چل ساڵ دەستەڵاتداری کۆماری ئیسلامی لە ئێران و کوردستان، ڕەفتار و کردەوەی کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە، خوێندنەوە و جۆری ڕوانینی ڕێژیم بۆ چارەسەری پرسەکان بە ڕێگای زەبروزەنگ و ئەمنیەتی ئەوەمان پێ دەڵێین کە لە چوارچێوەی حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا دێموکراسی لەم وڵاتە جێگیر نابێ و؛ خەڵکی و نەتەوەکانی ئێرانیش بە ماف و داوای ڕەوای سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان ناگەن. بۆیە ڕێگای ڕزگاریی خەڵکی ئێران لە دەست ئەو ڕێژیمە، ڕەدکردنەوەی ئەو نیزامەیە لە تەواوتیی خۆیدا و جێگیرکردنی نیزامی سیاسیی دێموکرات و بەرپرسیارە.

بەڵام بزوتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان کە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، هەموو کاتێک دیالۆگ و گفتوگۆی بە یەکێک لە ڕێگاکانی تێکۆشان بۆ دەستەبەری مافەکانی خەڵکی کوردستان دەزانێ. ئەگەر بە هەر هۆیەک لە هەلومەرجی زاڵ بەسەر ئێراندا حکوومەت ناچار بە پاشەکشە بێ و، ئیستعدادی ئەوەی تێدا دروست ببێ کە بە داننان بە مافەکانی خەڵکی کوردستان ڕێگا بۆ چارەسەری ئەم پرسە خۆش ببێ؛ کورد دەبێ ئەوە بە هەند وەربگرێ. بۆیە خەڵکی کوردستان و هیزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ ئامادەیی ئەوەیان هەبێ لە ئەگەری وەها دۆخێکدا، ئەم دەرفەتە بە قازانجی بردنەپێشی بزووتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە و لەو بەستێنەشدا لەسەر هەست و بەبەرنامە بن.

**حیزبی دێموکرات ٤٠ ساڵە لەبەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا خەبات و مقاومەت دەکا، ئێوە چۆن باس لە دەسکەوتەکانی ئەم تێکۆشان و مقاومەتە لەو چوار دەیەیەدا دەکەن؟ لە بنەڕەتڕا پێتان وایە دەسکەوتەکان چین؟**

وەک باسمان کرد حیزبی دێموکرات لە چل ساڵ خەبات لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا تێچووی زۆری بووە، خەساری زۆر بەرکەوتوە و ڕەنگە دەرفەتی باشیشی لە دەست دابێ یان باش لە دەرفەتەکان و هێزی خەڵکی کوردستان و توانای هەموو تێکۆشەران کەلکی وەرنەگرتبێ. بەڵام دەستکەوتی زۆریشی بۆ بزووتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان دەستەبەر کردوە. یەکەم لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا بە ئیمکاناتی زۆر سنووردار و لە بەرامبەر ڕێژیمێکی دڕندە و دژی گەلیدا توانیویەتی بزوتنەوەی سیاسی لە کوردستانی ئێراندا لەسەر پێ ڕابگرێ. دەبینین کە تا ئێستاش فەزایەکی تەواو سیاسی بەسەر کوردستاندا زاڵە و خەڵکی کوردستان چەند شەقاوێک لە ناوچەکانی دیکەی ئێران لەپێشترن. حیزبی دێموکرات بە تێکۆشان و لە مەیداندا بوونی هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشگێرانەی لە کوردستاندا زۆر بەهێزتر کردوە و ئەگەر سەردەمانێک هەست و باوەڕی نەتەوایەتی زۆرتر ڕەنگدانەوەی ناوچەیەکی پێوە دیار بوو، ئێستا لە باکووریترین ناوچەی کوردستان هەتا باشووریترینی، ئەوەی تۆخ و دیارە پرسی شوناسخوازییە.

بزووتنەوەی کوردستان هەر لە سنووری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکەدا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکوو سنووری وڵاتانی بڕیوە و زۆر لە وڵاتان و خەڵکی سیاسی ئاگادارن کە چل ساڵە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێیە بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و سیاسی و مەدەنییەکانی. چەند ڕۆژ پێش ئێستا نوێترین ڕاپۆرتی جاوید ڕەحمان، نوێنەری شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران بڵاو بۆوە کە تێیدا هاتبوو نیوەی زیندانیانی سیاسی لە ئێران کوردن. ئەوە تەعبیر لەوە دەکا کە لە کوردستان بزووتنەوەیەکی سیاسیی وشیار و لەسەر هەستمان هەیە.

لە یەک کەلامدا خەڵکی کوردستان بە مقاومەت و خۆڕاگریان لە بەرامبەر پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا و لە ڕێگای هیزە سیاسییەکانیان بەرچاوڕوونیی ورد و تەواویان لەسەر ماف و ویستەکانیان بەو کەس و لایەنانە داوە کە بیر لە داهاتووی ئێران و نیزامی سیاسی لە ئێراندا دەکەنەوە.

**حیزبی دێموکرات لەم چەند ڕۆژەدا هەم یادی ٧٤ ساڵەی دامەزرانی کردەوە، هەم ٤٠ ساڵەی ٢٨ی گەلاوێژی ٨٥ و جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستانی بیر هێنایەوە. حیزبی ئێوە بەو پاشخانە لە مێژووی خەبات چۆن بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێران دەڕوانێ و بەرنامەی چییە؟**

حیزبی ئێمە ئەزموونێکی زۆری خەبات و تێکۆشانی هەیە، زۆر ڕووداو و کارەساتیشی ئەزموون کردوون و قاڵبووی مەیدانی خەبات و تێکۆشانە. بەپێی ئەو ئەزموون و تێگەیشتنەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی، حکوومەتی ئێران لە خراپترین حاڵەتی خۆیدایە، ناتەبایی بەرچاو لەنێو دەزگاکانی ڕێژیمدا دەبیندرێ، خەڵکی ئێران بەگشتی لە چەنگ ئەو ڕێژیمە وەزاڵە هاتوون و ڕۆژانە بەشێوەی جۆراوجۆر نارەزایەتی دەردەبڕن. هەژاری، نەداری و بیکاری و کێشەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی تەنگیان بە خەڵکی ئێران هەڵچنیوە، فشاری سیاسی و ئابووریی دەرەوە لەسەر حکومەتی ئێران نیشانەکانی بەسەر ژیانی خەڵکی ئێران بەتەواوی وەدەر کەوتوە و، بە ئاشکرا بە حکوومەت و نیزامەوە دیارە کە لەگەڵ چ فشارێک بەرەوڕوویە. ئەوانە هەموویان چالشی جیددیان بۆ حکومەت دروست کردوە و خەڵک بە تەوژم و جیددییەتی زیاترەوە بەرەوڕووی ڕێژیم بوونەتەوە. ئەم بارودۆخە دەرفەتێکی باشە بۆ بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک. حیزبی دێموکرات لەو پیوەندیەدا لە سازماندان و بەخۆداچوونەوەدا و لە شێوەی هاوکاری لەگەڵ هیزە سیاسییەکان لە کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە خوێندنەوەی تازەوە سەیری داهاتوو دەکا. هەروەها حیزبی ئێمە خۆی بۆ هەر ئەگەرێک و هەلومەرجێکی پێشبینی کراو و نەکراو ئامادە دەکا.

**سپاس کاک مستەفا کە کاتت بۆ ئەم دیمانەیە دانا**

ئێوەش ماندوو نەبن.

***

# وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم بۆ «ئا»؟ بۆ «نا»؟



د. ئاسۆ حەسەنزادە

**◆ بەهۆی ئەو ناکۆکییە بنەڕەتییەی ئەو ڕێژیمە لەنێوان ویستەکانی کورد و مانەوەی خۆیدا دەیبینێ، ئاشکرایە کە مەبەستی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا چارەسەری پرسی کورد لە ئێران نەبووە. ئەگەر وابا، ئەو ڕێژیمە دەیتوانی لە چلساڵی ڕابردوودا دۆخی مافەکانی کورد لە ئێران لەسەر پەیژەیەکی گریمانەیی سفر بۆ سەت، لە سفرەوە لانیکەم بکا بە یەک، بە دوو، بە پێنج،... بەپێچەوانەوە، سیاسەتی هەڵاواردن و سەرکوت دەرهەق بە گەلی کورد لە سایەی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام درێژەی بووە**

**◆ بۆ پرسێکی وەک پرسی وتووێژ کە لەسەر سنووری نێوان ئیبتکاری سیاسیی کورد و تابووە ئەرزشییەکان گیری کردوە، تەنیا کاتێک دەکرێ ئومێدی بێجێ لەسەر وەها ئاقارێک هەڵنەچنین کە کۆماری ئیسلامی هەرچی زووتر بە ڕوانین و ڕەفتاری خۆی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان و بزوتنەوەی کورددا بچێتەوە.**

بزوتنەوەیەکی سیاسیی واقیعبین و بەرپرسیار ناتوانێ چارەسەری کێشەی خۆی و دەسەڵاتی حاکم لە ڕێگای ئاشتییانە و وتووێژەوە وەک ئەسڵێک ڕەت بکاتەوە. بزووتنەوەی کوردیش بە سروشتی ئاشتیخوازانەی و بەهۆی دۆخێکی سەخت و نالەباری نێوخۆیی و دەوروبەر کە هەمیشە لەگەڵی بەرەوڕوو بووە، قەت ئەسڵی وتووێژی تەنانەت لەگەڵ سەرسەختترین دەسەڵاتیش ڕەت نەکردۆتەوە. ئەگەر بزوتنەوەی کورد لە مەیدانی وتووێژدا زۆر جار ڕەخنەی هاتۆتەوە سەر، ئەوە لەبەر ئەوە نییە کە وتووێژ وەک خۆی خراپ بێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە لە بەرامبەر دەوڵەتانێکدا کە تەنیا زمانی ئینکار و سەرکوتیان زانیوە، زۆربەی کات کورد لە بەستێنسازیی پێش وتووێژ و لە خودی وتووێژدا وەها نەجووڵاوەتەوە کە بە دەستی پڕ و بە سڵامەتی لەسەر مێزی وتووێژ هەستێ.

وتووێژ پرسێکی فەلسەفی نییە هەتا بەشێوەی ڕەها حوکم لەسەر دروست یا هەڵەبوونی بدەین، بەڵکوو پرسێکی سیاسییە کە دەبێ وەک یەکێک لە شێوازەکانی گەیشتنی لایەنێک بە بەشێک لە ئامانجەکانی چاو لێبکرێ. دەکرێ لە سەردەمێکدا شێوازێکی خەبات مومکین و کاریگەر بێ، لە سەردەمێکدا شێوازێکی دیکە. جاری وایە شێوەیەکی خەبات هیچ چەشنە کاراییەکی سیاسی و عەینیی نییە، بەڵام لە بەستێنی حقووقی و مێژووییدا مانادار و بەجێیە. مادام هیچ کێشەیەکی سیاسی لە دنیادا لە درێژخایەندا ڕێگاچارەی نیزامیی نییە، دەتوانین بڵێین هەموو شێوەکانی خەبات و ڕووبەڕووبوونەوە بۆ ئەوە بەکار دێن کە لە کۆتاییدا لایەنەکانی کێشە لە ڕێگای گفتگۆوە بە چارەسەرێکی ڕاستەقینە و چەندی بکرێ هاوسەنگ بگەن. هەربۆیە قسە نەک لە ڕوانینێکی ئیدەئالیستانە و بەهاگەرایانە، بەڵکوو لە باڵانسی سوود و زیانەکانی ئەم شێواز یان ئەو شێواز لە دۆخی هەنووکە و لە چارەنووسی درێژمەودادا هەم لەباری زەینی و جەهانبینییەوە و هەم لەباری عەینی و سیاسییەوەیە.

بەو پێیە ئەوەی دەبێ قسەی لەسەر بکرێ ئەسڵی وتووێژ نییە، بەڵکوو ئەو فاکتەرانەن کە شانسی سەرکەوتن و بەرهەمدار بوونی وتووێژ و سنووردارکردنی زیان و مەترسییەکانی وەها ڕێکارێک دیاری دەکەن و پێمان دەڵێن کە ئەگەر وتووێژ دەکەین، چۆنی بکەین. گرینگترینی ئەو فاکتەرانە بریتیین لە: ١/ لایەنی وتووێژ؛٢/ کاتی وتووێژ؛ ٣/ مەبەست لە وتووێژ؛ ٤/ بابەتی وتووێژ (ئەم دووانەی دوایی پێوەندیی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە و بەسەریەکەوە باسیان دەکەین)؛ ٥/ تێکنیکی وتووێژ. تەنیا لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی بەسەریەکەوەی ئەم فاکتەرانەدایە کە دەکرێ وتووێژ لە قۆناغێکدا یا لە کەیس و کانتێکستێکدا بە دروست یان بە هەڵە بزانین.

## لایەنی وتووێژ

لە کانتێکستی کێشە و ناکۆکییە سیاسییەکاندا، لە بنەڕەتڕا وتووێژ ڕێکاری مامەڵەی نێوان نەیار و ناتەباکانە. ئەمە تەنانەت ئەو کاتەش کە لایەنێک بۆ ڕووخان و نەمانی لایەنی نەیاری خۆی خەبات دەکا، ڕاستە. نەک هەر بزووتنەوەکان، بەڵکوو ئەو دەوڵەتانەش کە لەگەڵ یەکتر لە شەڕدان یا تەنانەت یەکتر بەڕەسمی ناناسن، لەبەر ئەوەی دەزانن کە سەرەڕای دژایەتیی بنەڕەتی لە بەرژەوەندی و بەهاکاندا یەکتریان پێ لەنێو ناچێ، بە شێوەی تاکتیکی یا لەژێر جەبری واقیع لە خاڵێکدا هەر ناچار دەبن پێکەوە گفتگۆی ڕاستەوخۆ بکەن. ئەوان ئەوە وەک ڕێکارێک بۆ پاشەکشە بە لایەنی نەیار و ئەگەر بکرێ بۆ نەهێشتنی ئەو هۆکارانە بەکار دەبەن کە بوونە هۆی ئەوەی خوازیاری نەمانی لایەنی نەیار بن.

کوردەکانی ئێران لە خەبات لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لەچاو بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران تێچووی قورستریان داوە. لەلایەکی دیکەوە، بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی مەسەلەی کوردستان، حیزبە کوردییەکان _وێڕای هاوپێوەندی لەگەڵ بزوتنەوەی سەراسەری_ هەمیشە ئیبتکاری کردەوەی سەربەخۆ و بەجیایان لە هێندێک بواردا بە مافی خۆیان زانیوە. لەم ڕووەوە و بۆ نموونە، وتووێژی کوردەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نابێ لە ڕەوتی ئاشتیی نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیل یا موزاکرەی ئەمریکا لەگەڵ تاڵیبان سەیرتر بێتە پێش چاو.

دیارە هەروەک دواتر ڕوونی دەکەینەوە، دیاریکردنی بەکردەوەی لایەنی وتووێژ بەوە بەستراوەتەوە کە ڕەسمیەت و «ماندەیت mandate» (ڕاسپێردراوی)ی هەیئەتی بەرانبەر وەها بێ کە پێشکەوتن یان ئاکامەکانی وتووێژ ئەرک و دەروەستی بۆ کۆی لایەنی بەرامبەر دروست بکا.

## کاتی وتووێژ

کات فاکتەرێکی سەربەخۆ نییە و بە فاکتەرەکانی دیکە کە ئەوان بۆخۆشیان بەرهەمی هاوکێشەی هێز لەنێوان لایەنەکانی وتووێژدان، بەستراوەتەوە. لەڕاستیدا هەموو کاتێک بۆ وتووێژ گونجاوە ئەگەر لە ئاکامی هەڵسەنگاندنی هاوکێشەی هێزدا بتوانین بڵێین نیشاندانی مەیلی لایەنەکان (لێرەدا بەتایبەتی حاکمییەت) بۆ وتووێژ کەمترین جیدییەتی هەیە. کاتێک لەگەڵ دەوڵەتێک بەرەوڕووین کە بە ماهییەت نادێموکڕاتیکە و بەشێوەی عەقڵانی ناجوڵێتەوە، تەنیا وەختێک دەتوانین ئیرادەی وتووێژ لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە بە جیددی بگرین کە لەڕووی مەیدانییەوە یان لە کۆی ئەو قەیرانانەی دەوڵەتەکە لەگەڵی بەرەوڕوویە، لەژێر فشار و نیگەرانی ئایندە و هەرمانی خۆی بێ. ئەگەر ئەو فاکتەرە لەسەر ئەمڕۆی کورد و کۆماری ئیسلامی جێبەجێ بکەین، سەرەڕای لەسەرپێبوونی بزووتنەوەی کورد و هەموو ئەو کێشانەی کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی ئێستادا لەگەڵیان بەرەوڕوویە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە وێدەچێ ئێستاش بەو قەناعەتە نەگەیشتبێ و خۆی لە دۆخێکدا نەدیوە کە مل بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران یا هەر نەبێ کرانەوەیەکی ڕێژەیی بەڕووی بزوتنەوەی سیاسیی کوردستاندا ڕابکێشێ.

## ئامانج لە وتووێژ/ بابەتی وتووێژ

ئەوە کە مەبەستی لایەنەکان بۆ ڕووکردنە وتووێژ هەمیشە وەکیەک نەبێ، تەواو سروشتییە. بەڵام گرینگە کە جیاوازیی نێوان ئەو دوو مەبەستە ئەوەندە نەبێ کە دژایەتیی سروشت و ناڵێکیی ئاشتیهەڵنەگری لێ بکەوێتەوە. پێویستە مەبەست و مەرامە جیاوازەکان لانیکەم لە خاڵێکدا پێک بگەن بۆ ئەوەی بابەتی وتووێژ بۆ هەردوولا کەم و زۆر یەک شت بێ (تەنانەت ئەگەر وڵامی هەردوولا بۆ هەمان پرسیار جیاوازیش بێ).

مەبەستی حیزبی دێموکڕات و لایەنەکانی دیکەی نێو بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات شتێک نییە جگە لە چارەسەر یا لانیکەم بردنەپێشی پرسی کورد لە ئێراندا (بە هەموو قۆناغبەندی و قەتەعاتێکەوە کە ئەو پرسە هەیەتی). دیارە ئەگەر خەللاق و واقیعبینانە سیاسەت بکەین، نابێ نە وتووێژ و نە بەگشتی چارەسەری پرسی کورد بەشێوەیەکی خەتی و یەکساتە چاو لێ بکەین، بەڵکوو لە دیاریکردنی نەخشەڕێگای خەبات و ڕێکارەکانیدا، وێڕای لەبەرچاوبوونی جەوهەری مەسەلەی کورد و دوورەدیمەنی ستراتژیکی خەباتی ئەو گەلە، دەکرێ هەنگاو بە هەنگاویش بجوڵێینەوە (بە مەرجێک لایەنی بەرامبەر واتە دەسەڵاتی حاکم قابلیەتی گۆڕانی تێدا هەبێ). دیارە ئەوەش کە دۆخی ئێستای خەبات و ئایندەی بزووتنەوە لە بڕیاری حیزبەکان بۆ چوونە نێو وتووێژ دەخیل بێ هەر شتێکی ڕەوایە، چونکە هۆکاری بوونی ئەم حیزبانە داخوازەکانی خەڵکی کوردستانە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کۆماری ئیسلامی، بەهۆی ئەو ناکۆکییە بنەڕەتییەی ئەو ڕێژیمە لەنێوان ویستەکانی کورد و مانەوەی خۆیدا دەیبینێ (چونکە دەزانێ کە قبووڵکردنی مافەکانی کورد ئاکامی ڕاستەوخۆی لەسەر دێموکڕاتیزاسیۆنی ئێرانیش دەبێ)، ئاشکرایە کە مەبەستی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا چارەسەری پرسی کورد لە ئێران نەبووە. ئەگەر وابا، ئەو ڕێژیمە دەیتوانی لە چل ساڵی ڕابردوودا دۆخی مافەکانی کورد لە ئێران لەسەر پەیژەیەکی گریمانەیی سفر بۆ سەت، لە سفرەوە لانیکەم بکا بە یەک، بە دوو، بە پێنج، ... بەپێچەوانەوە، سیاسەتی هەڵاواردن و سەرکوت دەرهەق بە گەلی کورد لە سایەی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام درێژەی بووە.

ئەگەر مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژ لە سەرەتای ئینقلابدا کڕینی کات بۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکانی و داگیرکردنەوەی کوردستان بوو؛ سی ساڵ پێش ئێستا بۆ تێرۆری دوکتور قاسملوو بوو؛ لەم ساڵانەی دواییدا بۆ نانەوەی تەفرەقە لەنێو بزوتنەوەی کورددا بوو؛ وێدەچێ مەبەستی ئەمجارەی ڕێژیم لە وتووێژ کەمکردنەوەی ئەو مەترسییانە بێ کە لە دۆخی ئێستادا ئەو ڕێژیمە هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوە لەسەر خۆی هەست پێدەکا. نابێ ئەو واقعییەتە دیارە پشتگوێ بخەین کە ئاستی ڕێکخراوی و ئینسجامی سیاسی لە کوردستان لەچاو هەموو شوێنەکانی دیکەی ئێران بەرزترە؛ حیزبە کوردییەکان هەم لەنێو خەڵکدا خۆشەویستن، هەم سەرنجی ئەو ئەکتەرە نێودەوڵەتییانەی لە دیاریکردنی چارەنووسی ناوچەدا ڕۆڵ دەگێڕن، بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.

ئەوە کە کۆماری ئیسلامی تەنیا لەبەر دۆخی قەیراناویی خۆی و نیگەرانیی لە ئایندە (نەک لەڕووی باوەڕ بە چارەسەری مەسەلەی کورد) دیسان حەزی لە وتووێژ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردە، ئەگەرچی مزگێنیدەری ئاکامی دڵخوازی وەها ئاقارێک نییە، بەڵام هۆکارێکیش نییە بۆ ئەوەی لایەنە کوردییەکان پێشنیاری وتووێژ ڕەت بکەنەوە. بەپێچەوانەوە، ئەوان بەدروستی لە هەر دەرفەتێک بە قازانجی خەڵکی کوردستان و ڕەوتی گشتیی خوازیاری گۆڕان لە ئێراندا کەڵک وەردەگرن. پرسیار تەنیا ئەوەیە چلۆن دەکرێ کارێک بکەین کە وەڵامی موسبەتی کوردەکان بە پێشنیاری گفتگۆی سیاسی تەنیا بۆ سەلماندنی ئاشتیخوازبوونی ئەوان نەبێ (کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات زۆر لەمێژە و زیاتر لە جارێک لایەنگریی خۆی لە ئاشتی و ڕێگاچارەی سیاسی بە تاڵترین شێوە سەلماندوە). بەڵکوو کارتی وتووێژ بۆ ئەوە بەکار ببەین کە دۆخی مەوجوود هەر نەبێ تا ڕادەیەک بە قازانجی جووڵانەوەی کوردستان بگۆڕدرێ. لێرەدایە کە دەبێ لە خۆمان بپرسین کە ئایا ئەو بزوتنەوەیە حازرە لە بەرامبەر کامە دەسکەوتانە لە کورتماوە یان نێوان ماوەدا لە کامە ئامرازانەی فشار بۆ سەر کۆماری ئیسلامی کە لەبەر دەستیدایە، بگوزەرێ؟

لە حاڵەتێکدا کە مەبەستی هێزە کوردییەکان و کۆماری ئیسلامی لە وتووێژ ئەوەندە لێک دوور بێ، تەنیا بە دوو مەرج دەکرێ بەشێوەی تاکتیکییش وتووێژ ڕەت نەکەینەوە : یەکەم ئەوە کە هەتا ئەو کاتەی کۆماری ئیسلامی ڕەفتاری خۆی دەرهەق بە خەڵکی کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نەگۆڕیوە، لەسەر خەباتی خۆمان هەر بە فەلسەفەی پێشووی ئەو خەباتە بەردەوام بین؛ دووەم ئەوە کە کۆمەڵێک مەرج لە تێکنیکی وتووێژدا ڕەچاو بکرێن.

## تێکنیکی وتووێژ

مۆدێلەکانی دانوستان و بنیاتنانی ئاشتی (Peacebuilding) لە دنیادا یەکجار زۆرن. بە ڕوانینێک لە ڕابردووی خۆمان و بە چاوخشاندنێک بە ئەزموونی گەلانی دیکە لەو بوارەدا، دەبێ چەند مەرجێکمان لەبەرچاو بێ: یەکەم، پێکهاتە و ئاستی وەفدەکانی دانوستانکارە. لەگەڵ ئەوە کە لە گفتگۆ سەرەتاییەکانی ئێستادا، قەڵەمبازێکی نەوعی (هەرچەند لاواز) لە ئاستی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامیدا بەدی دەکرێ، بەڵام هێشتا ناهاوسەنگی لە ئاستی نوێنەرایەتیی نێوان دوو لایەنی وتووێژدا هەیە. جیا لەوەش، هێشتا زۆر ڕوون نییە کە هەیئەتی کۆماری ئیسلامی متمانە و مەئمورییەتی کۆی نیزامی پێیە، یان هەر جێبەجێکاری مانۆڕی بەشێکی نیزامە (دەوڵەت) کە بەدەر لەوە کە بۆخۆیشی چەندەی باوەڕ بە چارەسەری پرسی کورد یا لانیکەم گۆڕینی ڕەفتار دەرهەق بە کورد هەیە، دەکرێ ئەو برە مانۆڕەش لەلایەن بەشێکی دیکەی نیزامەوە (ڕەهبەری؛ نیهادە نیزامی_ئەمنیەتییەکان) بنکۆڵ بکرێ. هەڵبەت خاڵێکی پۆزەتیڤ کە لەم ڕەهەندەی تێکنیکی وتووێژدا دەیبینین ئەوەیە کە هەموو حیزبەکانی ئەندام لە «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران»دا پێکەوە چوونەتە نێو ئەو پرۆسەیە و لەوێشدا تا ئێستا یەکگرتوو جووڵاونەوە.

مەرجی دووەم لە تێکنیکی وتووێژدا بوونی لایەنێکی سێهەمی نێودەوڵەتییە کە ئەرکی نێوبژیوان یا لانیکەم ئاسانکەرەوە بگرێتە ئەستۆ. بەپێچەوانەی ئەو وتووێژانەی لە وڵاتانی دێموکڕاتیکدا لەنێوان حکومەتی ناوەندی و نوێنەرانی بەشێک لە خەڵک بەڕێوە دەچن، لەو وڵاتانەدا کە زەمینەی دێموکراتیکیان نییە و لەوێ کێشە سیاسییەکان دەبنە ڕووبەڕوونەوەی چەکدارانە، بوونی لایەنێکی سێهەم (چەندی بکرێ خانەخوێیەکی تەواو دەرەکی) بۆ ئیعتباری ڕەوتی ئاشتی و بۆ ئەمنیەتی گفتگۆکان زەرووریە. لەگەڵ ئەوە کە ئەو لایەنە سێهەمەی ئیبتکاری گفتگۆکانی ئەم دواییەی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی گرتۆتە دەست نە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی و نە تەنانەت دەوڵەتێکیشە، بەڵام نیهادێکی ئورووپاییە کە جیدیەت و ئیعتباری پێویستی هەیە و دەبێ ئەوە وەک پێشوەچوونێکی موسبەت و پێشتر نەدیتراو لە مێژووی وتووێژی کورد و دەسەڵات لە ئێراندا چاو لێ بکەین.

سێهەمین مەرج بۆ گونجاوبوونی تێکنیکی وتووێژ، ڕەسمیەت و ئاشکرا بوونی وتووێژە کە دیارە نابێ ئەوەمان لەگەڵ شەفافیەتی وتووێژ لێ تێک بچێ (یەکەمیان هەمیشە زەروورە، دووەمیان هێندێک جار بەزیانە). هیچ وتووێژێک لە سەرەتاوە نە لە ئاست و شکڵی دڵخوازدا و نە بە ئاشکرا بەڕێوە ناچێ؛ تەنانەت کاتێک بەمیدیاییش کرا، دروست نییە یەکجێ هەموو وردەکارییەکانی بخرێتە دەرەوە. بەڵام ئەگەر بمانەوێ کارەکە ئاکامی خوازراوی لێ بکەوێتەوە؛ لایەنەکان هەر لەسەرەتاوە ڕووبەڕووی کەموکوڕیی بنەڕەتیی پرۆسەکە نەبنەوە و خۆشمان لە بەرامبەر خەڵکدا بە بەرپرسیار بزانین (چونکە ئەو پرسە پرسی گەلە، نەک هی کەس و لایەنێک)، نابێ لە درێژخایەندا گفتگۆی نهێنی و بەهەرحاڵ دانپێدانەنراو بەدروست دابنێین. لەگەڵ ئەوە کە چاوەڕوانیی لایەنی نێوبژیکار لە نهێنی مانەوەی دەسپێکی وتووێژی ئەمجارەی کورد و کۆماری ئیسلامی قابیلی دەرکە، بەڵام ئێستا کە بە هەر هۆیەک نەک هەر ئەسڵی کارەکە، بەڵکوو زۆر لە وردەکارییەکانیشی دزەیان کردۆتە دەرەوە و بەرپرسانی لایەنە ڕۆژهەڵاتییەکانیش بەڕێوەچوونی گفتگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامییان بە بەشێک لەو وردەکارییانەشەوە تەئید کردوە (ئەگەر تەنانەت هێشتا نەتوانین باس لە «موزاکرە» بە مانای ڕاستەقینەی وشەش بکەین)، خۆبواردنی تا ئێستای کۆماری ئیسلامی لە پشتڕاستکردنەوەی ئەم ڕەوتە بەشێوەی ڕەسمی و لە بەرزترین ئاستیدا چیدیکە پاساو هەڵناگرێ.

## متمانەسازی

هەموو ئەو فاکتەرانەی لەسەرەوە باس کران تەنیا کاتێک مانایان هەیە کە هەر لە سەرەتاوە هێندێک هەنگاو لەبواری متمانەسازی و نیشاندانی «حسن نیت» هەڵگیرێتەوە. جیا لەوە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا لەپێوەندی لەگەڵ گفتگۆکانی ئەم دواییانەیان لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و چارەسەی مەسەلەی کورد لە ئێران (یا هەر نەبێ دروستکردنی زەمینەی وەها چارەسەرێک) ئیرادە و ئامادەیی خۆیان ڕانەگەیاندوە، ڕەفتاری ئەو ڕێژیمە دەرهەق بە خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش هەروەک خۆی درێژەی بووە. لەبیرمان نەچێ بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕۆژی ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ لەکاتێکدا کەوتەبەر هێرشی مووشەکیی سووپای پاسداران کە ئەو حیزبە هیچ جۆرە چالاکییەکی نیزامیی لە نێوخۆی وڵات بەڕێوە نەدەبرد، لەحاڵێکدا ئامادەکارییەکانی بەڕێوەچوونی دانیشتنی ڕاستەوخۆی حیزبە کوردییەکان و کۆماری ئیسلامی چەند مانگێک بوو لە ئارادا بوو.

حاشای لێ ناکرێ کە پرۆسەی ئەمجارەی گفتگۆی «کورد» و ڕێژیم قازانجی خۆیشی لەبواری دانپێدانانەوەی دوفاکتۆ بە پرسی کورد لە ئێران لەلایەن دەسەڵاتەوە و ڕاکێشانی سەرنجی نێونەتەوەیی بۆ فاکتەری کورد لە ئێران و ڕاهێنانی نوێنەرانی بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان بۆ کاری هاوبەش و تێکنیکی دیپلۆماسی و دانوستان هەیە. بەڵام هەمووی ئەمانە لە شرۆڤەی کۆتاییدا جێگایەکی کەمتریان وەبەر دەکەوێ.

بۆ پرسێکی وەک پرسی وتووێژ کە لەسەر سنووری نێوان ئیبتکاری سیاسیی کورد (لەگەڵ دەسەڵات لە ئێران و هاوپەیمانییە جیهانی و ناوچەییەکان) و تابووە ئەرزشییەکان (لە نێوخۆی بزوتنەوەی کورد و لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا) گیری کردوە، تەنیا کاتێک دەکرێ ئومێدی بێجێ لەسەر وەها ئاقارێک هەڵنەچنین کە کۆماری ئیسلامی هەرچی زووتر بە ڕوانین و ڕەفتاری خۆی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان و بزوتنەوەی کورددا بچێتەوە. لە حاڵەتێکدا کە وەها ئەگەرێک بەدوور دەزانرێ، پێویستە بە پارێزی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە بکرێ.

***


مەنسوور مروەتی

# ٢٨ی گەلاوێژ و درێژەی چوار دەیە ئاسنی ساردکوتان




لە مێژووی هاوچەرخی کورددا زۆر بۆنە و ڕووداو و ڕۆژگەلی وا هەیە کە هەر کام بە جۆرێک نیشاندەر و بیرهێنەرەوەی سەرکەوتنێکی نەتەوەیی یا بە پێچەوانە کارەساتێکە کە بە سەر گەلی کورددا هاتوە. ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە مێژووی ڕزگاریخوازیی کورددا دەکرێ بە لووتکەی ڕۆژە خۆش و مێژووییەکانی ئەم بزووتنەوەیە دابندرێ، چونکە لەو ڕۆژەدا «کۆماری کوردستان»، بە پێشەوایەتیی نەمر قازی محەممەد وەک یەکەم حوکمەت و کیانی کوردی لە شاری مهاباد دامەزرا.

بەڵام هەر لەم مێژووە پڕ هەرەس و هەستانەوە و خوێناوییەدا ڕێکەوت و ڕۆژی شووم و نگریسی زۆریشمان لە مێژووماندا هەیە، بۆ وێنە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦، ڕۆژی لەداردرانی پێشەوا قازی محەممەد بە بڕیاری حەمەڕەزا شای پەهلەوی؛ ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨، ڕۆژی فیتوای جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد لەلایەن خومەینی، ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢، ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی؛ ٧ی پووشپەڕ و ٣١ی پووشپەڕی ١٣٦٧، ڕۆژەکانی پەلاماردانی گوندی زەردە لە ڕۆژاوای کرماشان و شاری سەردەشت بە بۆمبی شیمیایی؛ ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨، ڕۆژی تاوانەکەی ڤییەن؛ ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧، ڕۆژی پەلامارە مووشەکییەکەی ڕێژیم بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە ڕاستیدا زۆر ڕۆژی دیکە...

٢٨ی گەلاوێژ یەکێک لەو وێستگە مێژووییانەیە کە دەکرێ لە دوو گۆشەنیگاوە خوێندنەوەی بکرێ. لە لایەک وەک ڕۆژێکی ڕەش کە بڕیاری قەڵاچۆی کوردی تێدا درا و، لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆژێک کە بوو بە هێمای بەرگریی حەماسیی کورد لە بەرانبەر هێرشی هەمە لایەنەی هێزە چەکدارانی حکوومەتی ئیسلامیی تاران بۆ سەر کوردستان.

ئایەتوڵڵا خومەینی چەند ڕۆژ پێش ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ وتارێکی توندی لە دژی کوردەکان دا. خومەینی گوتی: «ئەو ئاژاوەگێڕانەی کوردستان لە ڕیزی کافرەکان دان. ئەوان دەبێ بەتوندی بەگژیاندا بچنەوە. دەوڵەت دەبێ بەتوندی بەرهەڵستیان بێتەوە. ژاندەرمێری بەتوندی بەگژیاندا بچێتەوە. ئەرتەش بەتوندی بەرهەڵستیان بێتەوە. ئەگەر ئەوان بەتوندی بەگژیاندا نەچنەوە، ئێمە بەتوندی بەرەوڕوویان دەبینەوە.» خومەینی بەو قسانە فەرمانی بە هەموو هێزە چەکدارەکانی ئێران کرد کە بڕۆنە کوردستان و شەڕ لەگەڵ کافرەکاندا ببڕنەوە. ئەم فەرمانە لایەنی ئایینیی هەبوو، چونکی خومەینی بە پشتبەستن بەو ئایەتەی قورئان، واتە (أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ ) نەتەوەی کوردی بە کافر زانیێ. ئەم قسانەی خومەینی کە هەم فەرمانێکی نیزامیی ڕێبەری نیزام و هەم فیتوای مەرجەعێکی تەقلید بوو، هێرشی هەمە لایەنە بۆ کوردستان بە مەبەستی قەڵاچۆی کوردی لێ کەوتەوە؛ کە خومەینی بە کافر ناوی بردبوون.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتی تازە کە بە هیچ شێوەیەک باوەڕی بە چارەسەری پرسی کورد نەبوو، سەرەڕای هەوڵی ئاشتیخوازانەی زۆر و بەردەوامی ڕێبەرانی کورد بۆ چارەسەری ئەو پرسە لە ڕێگەی ئاشتییانە و دێموکراتیک و پێشگرتن بە شەڕ و وێرانکاری؛ دواجار پەلاماری کوردستانی دا. هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە فیتواکەی خومەینیان هەم بە پاڵپشتی عەمەلیاتە سەربازییەکەیان و هەم بە بیانوویەک بۆ دامرکاندنی ئەو دەنگە نارەزایەتییە دەزانی کە لە کوردستان بە دژی دەسەڵاتی ناوەندی دەبیسترا، لە ڕۆژانی دوای ٢٨ی گەلاوێژەوە شاڵاوەکەیان لە چەند لاوە و لە چەند بەرەدا بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد.

ئەو هێرشانە کە لە شارەکانی پاوە، کامیاران، دێولان و سنەوە دەستی پێکردبوو، بۆ شارەکانی دیکەش پەرەی پێدرا. هاوکات لەگەڵ ئەو هێرشە بەربڵاو و کوشتارە خوێناوییەدا خومەینی لە بڕیارێکی دیکەدا سادق خاڵخاڵیی بە ناوی حاکمی شەرعەوە بۆ ئێعدامی بەرهەڵستکار و زیندانییەکان ناردە کوردستان. سادق خاڵخاڵی کە پێ بە پێی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بە شارەکاندا دەگەڕا، لە دەیان بەناو دادگای چەند دەقەییدا پۆل پۆل لاوان و زیندانیانی سیاسیی کوردی ناردە بەردەم جوخەکانی ئێعدام و گیانی لێ ستاندن. ئەو تەنانەت بە گاڵتە و لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە «ئایا هەموو ئەوانەی بە بڕیاری ئەو ئێعدام دەکرێن تاوانبارن یا نا؟»؛ دەیگوت ئەمن ئێعدامیان دەکەم ئەگەر تاوانبار بووبن کە کاری چاکم کردوە و دەچنە جەهەننەم. ئەگەریش بێتاوان بووبن ئەوە چوونەتە بەهەشت.

ئەم شەپۆلە بەربڵاوەی ئێعدامەکان لە یەکەم ڕۆژەکاندا لە خەڵکی پاوە و لە زیندانی دیزڵاوای کرماشان دەستی پێکرد. سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ یازدە کەس و ڕۆژی دواتر ٧ بەندیی سیاسیی دیکە لە زیندانی دیزڵابادی کرماشان ئێعدام کران. ئێوارەی ڕۆژی ٣ی خەرمانان نۆ کەس لە مەریوان و دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٥ی خەرمانان یازدە کەس لە فڕۆکەخانەی شاری سنە ئێعدام کران. سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر، ٦ی خەرمانانیش ٢٠ کەس لە گیراوانی شاری سەقز کە زیاتریان ئەفسەر و دەرەجەدار بوون، لە دادگایەکی چەند دەقیقەییدا حوکم دران و دەسبەجێ ئێعدام کران. ئەم ئێعدامانە لە کوردستان لە هیچ بڕگەیەکی زەمەنیی ژیانی کۆماری ئیسلامیدا نەبڕانەوە و دەسەڵاتی زەبروسەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوە تا ئێستا جیا لە تێرۆری زیاتر لە ٤٠٠ تێکۆشەری سیاسی، پتر لە ١٨٥٠ بەندیی سیاسیی کوردی لە بەندیخانەکاندا لەدار داوە.

وەک گوترا ٢٨ی گەلاوێژ بە دیوێکی دیدا نوێنگەی ئیراوە و باوەڕ و فیداکاریی کورد لە ئێران لە پێناو ماف و ئازادی و خەباتی شوناسخوازانەی بوو. دوای ئەوەی وەڵامی داوای ڕێبەرانی کورد بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتی و دیالۆگەوە بە فیتوای جەهادی خومەینی و هێرش بۆ سەر کوردستان وەڵام درایەوە، خەڵک و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڕیاری بەرگرییەکی ئازایانەیان دا لەبەرانبەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا. ئەم خۆڕاگرییە و ئەم فیداکارییە کە بە شەڕی سێ مانگە ناسراوە، بەجۆرێک بوو کە هێزی کۆک و پۆشتەی ڕێژیم بە هەموو توانا لۆجستیکییەکانی بەچۆکدا هات. دواجار ئەوە خومەینی بوو کە لە ٢٦ی خەزەڵوەردا پەیامێکی دیکەی بڵاو کردەوە. خومەینی کە سێ مانگ و لە ٢٨ی گەلاوێژدا فەرمانی دابوو لە ڕێگای ئاسمان و زەوی و دەریاوە! هێرش بکەنە سەر کوردستان و خۆی گوتەنی ڕەگ و ڕیشەی کوفر و کافرەکان لەبن بێنن! داوای ڕاگرتنی شەڕی کرد. ئەو دانی بەوەدا نا کە نەتەنیا لە ڕێژیمی پێشوودا، بەڵکوو لەم دەوڵەتی کاتییەشدا کار بۆ داخوازییەکانی گەلی کورد نەکراوە و داخوازییەکانی کورد هیچ ناتەباییەکیان لەگەڵ ئیسلام نییە!

دوای پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی بۆ ماوەیەکی کورت شەڕ ڕاوەستا و خومەینی هەیئەتێکی ناردە کوردستان بۆوەی لەگەڵ نوێنەرانی کورد وتوویژ بکەن، دانیشتن و کۆبوونەوەگەلێک کە بۆ وتوویژ و بۆ چارەسەری پرسی کورد نەبوو، بەڵکوو لە ڕاستیدا لای خومەینی و ڕێبەرانی ڕێژیم بۆ ڕێکخستنەوەی هێز و پشووهاتنەوە بەرخۆیان دوای شکستەکەیان لە شەڕی سێ مانگەدا بوو. خومەینی ئەو کات بە نێردراوانی خۆی گوتبوو کە «اول محاصره بعد مذاکره»، بەوەش ڕوونە کە نیاز و مەبەستی ڕاستەقینەوەی ئەوان نەک دانیشتن و وتوویژ لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتیی کورد، بەڵکوو بۆ دەستهێنانی کات بۆ سوپا و ئەرتەشەکەیان بوو.

دوای ماوەیەکی کورت لە ڕاگرتنی ئەم دانیشتنانە، هێرشی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی تاران بۆ سەر شار و گوندەکانی کوردستان دەستی پێکردەوە. گەمارۆ و هێرشی هەمە لایەنەی هێزەکانی ڕێژیم لە زەوی و ئاسمانەوە بۆ سەر شاری سنە و بەرگریی ئازایانەی ٢٤ ڕۆژەی خەڵکی شاری سنە نموونەیەکی هەر بەرچاوی ئەو ڕۆژانەیە کە بەداخەوە نیزیکەی دوو هەزار کەس لە بەرەی خەڵک و بەرگریی کورد لەم هێرشەدا شەهید و بریندار بوون. ئەم کوشتارە بەکۆمەڵ و لەڕادەبەدەرە ساڵێک بەوو لە دوای نەورۆزی خوێناویی ٥٨ی سنە، کە لەو پەلامارەشیدا چوار سەد کەس لە خەڵکی شار و ناوچەی سنە شەهید و بریندار ببوون.

ڕێژیم زۆر باش دەیزانی کە جووڵانەوەی مافخوازیی کورد زۆر بەهێزە و بۆیە دەبێ لە ڕێگەی شەڕ و ناسەقامگیرییەوە بەرهەڵستی بێتەوە بۆوەی لە کەشوهەوایەکی ئارام و سەقامگیردا ئەم شوناسخوازییە گەشە نەکا و بەرەوڕووی قەیرانی نەکاتەوە. ئەوەش بەبێ هۆ نەبوو، چونکی لە یەکەم هەڵبژاردنەکانی مەجلیسدا کاندیداکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو شوێنانەی کە دەرفەتی بەشدارییان پێدرابوو، بە بردنەوەی زۆرینە و هەرەزۆری دەنگەکان، شەرعییەتی خۆیان لە خەڵکەکەیان وەرگرتبوو. هەروەها شەهید دوکتور عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکراتیش بە بردنەوەی زۆرینەی دەنگەکان لە پارێزگای ورمێ، وەک نوێنەری خەڵکی ئەو پارێزگایە بۆ مەجلیسی موئەسیسان هەڵبژێردرا؛ بەڵام خومەینی بە ناقانوونی ناساندنی حیزبی دیموکرات و هەڵوەشاندنەوەی یەکەم هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی هەم ڕێگایان لە نوێنەرانی هەڵبژێراوی خەڵک گرت و هەم کەشێکیان خوڵقاند کە مەترسی لەسەر د. قاسملوو بۆ چوونەکەی بۆ تاران دروست ببێ. هەموو ئەوانە و زۆر ڕووداوی دیکەش بەس بوو بۆ ئەوەی کە دەربکەوێ حکوومەتی ئیسلامیی ناوەند لە تاران هیچ ڕێوشوێنێکی بۆ چارەسەری پرسی کورد پێ نییە و هیچ کاتیش ئامادە نییە و نایهەوێ هەنگاو بۆ چارەسەریی ئەو پرسە هەڵگرێ. هەر ئەوە بوو کە شەڕی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی بە دژی خەڵکی کوردستان دەستی پێکردەوە و ئەو شەڕە هەتا ئێستاش کە چل ساڵ لە فیتوا و فەرمانەکەی خومەینی تێدەپەڕێ، سیستماتیک لە شێوەی زبر و نەرمی خۆیدا بەردەوامە.

لەو چل ساڵەدا ئەگەرچی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بەرگرییەکی کەم وێنەیان لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا لە خۆیان نیشان داوە، بەڵام بە داخەوە تێچوویەکی قورسیشیان بۆ داوە کە دەکرێ ئاماژە بە هەندێکیان بکەین.

لە شەڕی داسەپاوی ڕێژیم بەسەر کوردستاندا رژیمی تاران بە سەر خەڵکی کوردستاندا تا لانیکەم ٣٨ گوند بەهۆی پەلاماری ڕێژیمەوە سووتێندرا و بەزۆر بە خەڵکەکەی چۆڵ کرا. لانیکەم ٣٦ ئاوایی لە لایەن سپای پاسدارانەوە پەلامار دراون و لەو قەڵاچۆیەدا ٢٧٩ کەس کۆمەڵکوژ کراون. پتر لە ١٨٥٠ بەندیی سیاسیی کورد لە زیندانەکانی ڕێژیمدا ئێعدام کراون و زیاتر لە ٤٢٠ تێکۆشەری سیاسیی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆر تێرۆر کران کە لە نێو تیرۆر کراوەکاندا تەنانەت منداڵی چوار ساڵەش دەبینرێ.

لەنێو کەیسی تێرۆرەکاندا، تێرۆری دوو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، د. عەبدوڕەحمان قاسملوو لە ڤییەن پێتەختی ئۆتریش و د. سادق شەرەفکەندی لە برلینی ئاڵمان گرینگیی تایبەتیان هەیە، چونکی لە پەروەندەی تێرۆری د. شەرەفکەندیدا کە بە پەروەندەی میکۆنۆس ناسراوە، تیرۆریستەکان گیران و پاش دادگاییەکی درێژخایەن و سەلماندنی تاوانەکەیان دەرکەوت کە بەرپرسانی هەرە سەرەوەی کۆماری ئیسلامی، وەکوو خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم؛ ڕەفسەنجانی، سەرکۆماری ئەوکات؛ عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتڵاعات، عەلی ویلایەتی، وەزیری دەرەوەی ئەو کات و فەرماندەی سپای پاسداران لە دارشتنی پیلان و بڕیاردان لەسەر ئەم تێرۆرانەدا دەستیان بووە و لەلایەن دادگاشەوە وەک تاوانبار و داواکراو ناسران.

شەڕی ٤٠ ساڵە و تا ئێستای کۆماری ئیسلامی کە بە فیتوای ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی دەستی پێکرد، هەر تەنیا لە شێوەی شاڵاوی سەربازیدا نەبووە، بەڵکوو هەر دەرکردنی مامۆستایان و کارمەندە غەیرە خودییەکان، لە ڕێگری لە خوێندنی منداڵانی کورد بە زمانی زگماک، لە هێشتنەوەی کوردستان لە دواکەوتوویی ئابووری، لە پەرەپێدان بە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان، لە دروستکردنی قەیرانی شوناس، لە بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان و .... درێژەی هەبووە. ڕێژیمی تاران بە درێژایی ئەم ساڵانە هەموو هەوڵێکی ئەوە بووە و تێچوویەکی زۆری بۆ ئەوە داوە کە هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتیی سیاسیی حیزبەکان لە خەڵک داببڕێ و دواجار بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان لەبن بێنێ، بەڵام لەسەر هەست بوونی خەڵکی کوردستان و بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگە و لە مەیداندا بوونی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد بەتایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا پێمان دەڵێن کە کۆماری لە هەموو ئەو پیلانانەی بەدژی خەڵکی مافخواز و بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیی کوردستان گێڕاویەتی، سەرکەوتوو نەبووە.

لەگەڵ هەموو ئەو تیرۆر و تاوان و پیلانگێڕییانەی کە ڕێژیمی تاران بەدرێژایی ئەو چل ساڵە بەدژی خەڵکی کوردستان کردوویەتی، دەکرێ ئاماژە بە دوایین کردەوەکانی ئەم ڕێژیمە بکەین، لە هەمانکاتیشدا دانپێدانانی خۆیان بەوەی کە هێشتا بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەترسی بۆ سەر خۆیان دەزانن؛ ئەویش مووشەکبارانی کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ڕابردوودا کە لەودا شازدە کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب شەهید و نزیکەی پەنجا کەسیش بریندار بوون. ڕێژیم لە پاساوی ئەو پەلامارە تیرۆریستییانەی سپای پاسداران لە دوو ڕاگەیاندراودا وێڕای وەئەستۆگرتنی ڕەسمیی تاوانەکە ڕایەگەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاسایش و ئەمنیەتی ئەوانیان خستووەتە مەترسی، بۆیە سپای پاسداران بۆ لە نێوبردنی سەرجەم ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێچەوانەی هەموو ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان ئەم هێرشەی لە قووڵایی خاکی وڵاتێکی دراوسێدا کردۆتە سەر ڕێبەریی ئەم حیزبە.

لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە شەڕی بێکۆتایی و بێ بەزەییانەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حیزبەکانی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانە و ئەوەی جێی شانازیی ئەم حیزبانە و بزووتنەوەی کوردستانە ئەوەیە، کە کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی ئەم چل ساڵە و سەرەڕای تێچووی زۆر قەت نەیتوانی خەڵک و سەرکردایەتیی سیاسیی خەڵک لە یەک داببڕێ. دواجار خۆی دیتی کە چۆن خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانان و ڕاست چوار ڕۆژ دوای ئەو کردوە تیرۆریستیە بە مانگرتنێکی سەرتاسەری و لە شکۆیەکی یەکگرتوودا ڕایگەیاند کە خۆیان بە خاوەنی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانیان دەزانن و لەسەر بزووتنەوە ڕەواکەیان وەدەنگ دێن و هیچ پیلان و پلانێک ناتوانێ بزووتنەوەی کورد لەبن بێنێ. بۆیە ئەگەر ٤٠ ساڵ لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ تێپەڕیوە و ٤٠ ساڵە شەڕی کۆماری ئیسلامی بەدژی کورد درێژەی هەیە، بەڵام ئاڵای شوناسخوازیی کورد هەر گەشاوەیە و سەنگەری خەباتی هەر ئاوەدانە و کوردستان یەکدەنگ و لێبڕاو سوورە لەسەر مافخوازی و دەستەبەری ماف و داواکانی.

***

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## عوسمان مستەفاپوور

# قەڵایەک لە ئیمان و خۆڕاگری



لە دیرۆکی خۆڕاگریی ئەمجارەی ڕۆژنامەدا باس لە بەڕابردووترین بەندیی سیاسیی کورد دەکەین. باس لە کاک «عوسمان مستەفاپوور» کە لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٠وە دەسبەسەر کراوە و هێشتا هەر لە زینداندایە.

عوسمان مستەفاپوور کوڕی حوسێن خەڵکی گوندی «کاسەکەران» سەر بە ناوچەی پیرانشارە، کە وەک ئاماژەی پێکرا، لە ڕێکەوتی ١٣٧٠/٤/٢٣ی هەتاویدا لەگەڵ سێ کەس لە هاوڕێیانی لە ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ لە دۆڵی ئاسنگەران دەسبەسەر کران. دوو هاوڕێی دیکەشیان بە ناوەکانی حوسێن سیتوەت و محەممەدساڵح شاهینی هەر لەو شوێنە و بە دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران گیانیان لەدەست دا. لەو سێ کەسەی کە لەگەڵ عوسمان مستەفاپوور گیرابوون؛ دوو کەسیان بەناوەکانی مەلا جاسم دڵنشین و ئەیووب جەهانگیری بەڕێز لە ساڵەکانی ١٣٧١ و ١٣٧٢ی هەتاوی لە زیندانی ناوەندیی ورمێ ئێعدام کران کە هەتا ئێستاش هیچ زانیارییەک لەسەر شێوەی ئێعدام و شوێنی ناشتنەکەیان لەبەر دەستدا نییە و، میرزا محەممەد قاسمی یەکێکی دیکە لە دەسبەسەرکراوەکانیش لە دوای کێشانی ٨ ساڵ زیندان ئازاد کرا.

عوسمان مستەفاپوور لە کاتی دەسبەسەربوونیەوە بۆ ماوەی شەش مانگ لە زیندانە تاکەکەسییەکانی سپای پاسداران و ئیدارەی ئیتلاعات لەژێر دڕندانەترین ئەشکەنجە ڕووحی و جەستەییەکاندا بووە، کە لەم ماوەیەدا بێجگە لە بازجوو و ئەشکەنجەگەران هیچ کەسێکی نەبینیوە و تەنانەت بنەماڵەکەی خۆشی ئاگایان لە بارودۆخی نەبووە. لە ڕێکەوتی ١٦ی بەفرانباری هەر ئەو ساڵەدا ڕایدەگوێزن بۆ ژوورە تاکەکەسییەکانی زیندانی ناوەندیی ورمێ و لەوێ دەبێ کە بۆ یەکەم جار لە دوای ئەو ماوەیە چاوی بە هاوڕێیانی خۆی دەکەوێتەوە و، هەروەها پاش مانگێکی دی دەهێڵن لەگەڵ بنەماڵەکەی چاوپێکەوتنێکیان هەبێ.

لە ڕێکەوتی ٥ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا وێڕای مەلا جاسم و ئەیووب جەهانگیری لەلایەن بەناو دادگاوە حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپا. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هەرچەندە بنەماڵەی عوسمان مستەفاپوور پارێزەری تایبەتیان بۆ گرتبوو؛ بەڵام هیچکات ئیزنی چوونە نێو دادگا بەو پارێزەرە نەدرا. سێ ڕۆژ لەدوای بەناو دادگاییەکەی لە لایەن دادگاوە بانگ دەکرێ و لەوێ حوکمی ئێعدامەکەی پێ ڕادەگەیەنن، کە ئەمەش ئێعتڕازی عوسمان مستەفاپووری لێ دەکەوێتەوە. بەڵام هاوڕێیانی بە ماوەی چەند مانگی دیکە دەبەنەوە بۆ ئیتلاعات و لەوێ حوکمەکەیان دیسانەوە پێ ڕادەگەیەنن.

بۆ ماوەی دوو ساڵی ڕەبەق لە ژووری تاکەکەسیی زیندان کە پێی دەڵێن «قرنطینە» زۆرترین ئەشکەنجە درا و بەرەوڕووی سووکایەتی پێکردنێکی زۆر بۆوە. لە هاوینی ساڵی ٧١ی هەتاویدا مەلا جاسم لە سێدارە درا و ساڵی دواتریش ئەیووبی جەهانگیرییان ئێعدام کرد و، لە دوای لەسێدارە دانی ئەوان حوکمی ئێعدامی عوسمان مستەفاپوور هەڵدەوەشێننەوە و ڕەوانەی زیندانی تەوریزی دەکەن. بۆ ماوەی دوو ساڵ کە لە زیندانی تەوریز دەبێ تێکەڵ بە زیندانییانی سیاسیی دیکە دەبێ و ئەوە وەک ئازادییەک بۆخۆی دەزانێ لە دوای پتر لە دوو ساڵ زیندانی ئینفرادی و تەحەمولی ئەشکەنجە و لێدان و زەبر و زەنگ و لێپرسینەوە.

بەڵام هەر لەو ماوەیەدا کە لە زیندانی تەوریز بەسەر دەبا هاوکات دەبێ لەگەڵ تەقینەوەیەک کە لە مەشهەد دەکرێ و، بەرپرسانی زیندان بەبێ هیچ هۆکارێکی ئەقڵانی تۆڵەی ئەو ڕووداوە لە زیندانییەکانی بەردەستی خۆیان دەکەنەوە و بۆ ماوەی سێ مانگ لە مافی چاوپێکەوتن و «هواخوری» و حەمام کردن بێبەشیان دەکەن؛ کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری ئەم بەندییە سیاسییانە تووشی نەخۆشیی جۆراوجۆری پێستی بن و لەباری ڕووحییەوە دژوارییەکی تاقەتپڕووکێن تەحەممول بکەن.

ماوەی زیندانەکەی لە زیندانی ناوەندیی تەوریز پتر لە دوو ساڵ ناخایەنێ و لە ساڵی ٧٤دا دیسانەوە بۆ زیندانی ورمێ بەڕێ دەکرێتەوە. لەوێ بێئاگا لە هەموو شتێک دیسان دەیبەنەوە بۆ دادگا بەبێ ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکیان لەبەر دەستدا هەبێ دۆزێکی دەستکردی بۆ دروست دەکەن و تاوانی قەتڵ دەخەنە پاڵی و، بەم دۆزەوە هەتا ساڵی ٧٩ دەیخەنە گێرە و کێشەوە و لە ئاکامدا بە تاوانی بەشداری و دەست تێدا هەبوون لە قەتڵێکدا، حوکمی دە ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێنن. ئەو کە سەری سووڕ دەمێنێ لەم حوکمە ستەمکارانە و بێبنەمایە ئەوپەڕی حەولی خۆی دەدا کە بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێ، بەڵام لەم حەول و تێکۆشانەیدا سەرکەوتوو نابێ. لەو کاتەدا کە دڵخۆش بەوەیە کە ئەوە ٩ ساڵە لە بەندیخانەدایە و دوو ساڵ و چەند مانگی لە ژووری تاکەکەسی و لەوپەڕی زەجر و بێدەرەتانیدا بەسەر بردوە و ئیدی تەنیا یەک ساڵی ماوە هەتا تەواو بوونی حوکمەکەی؛ بەڵام دادگایەکی نوێی بۆ پێک دێنن و ئەمجارەیان بەتاوانی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات ١٥ ساڵ زیندانی دیکەی بەسەردا دەسەپێنن.

دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە لە ڕەوتی دادگایی و مەحکووم کردنیدا هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستی کاربەدەستانی دادگا و بازجووەکانی سپا و ئیدارەی ئیتلاعاتدا نەبووە و، هەموو تاوانەکان لەژێر ئەشکەنجە و دانپێدانانی زۆرەملێ و بەشێوەی زارەکی خراوەتە پاڵ ئەم بەندییە سیاسییە کوردە؛ تەنانەت لە زۆربەی کاتەکاندا لەژێر ئەشکەنجە و لێدانەکاندا کە لەسەر خۆ چووە و وشیاریی خۆی هەتا ڕادەیەکی زۆر لەدەست داوە، لەو کاتەدا بەرگە و بەڵگەکانیان بەزۆری پێ واژۆ کردوە و قامکی جەوهەراوییان پێ لەژێر لاپەڕەکان کوتاوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێستا کە پێی ناوەتە ٢٩ ساڵەی زیندانیی خۆی، تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش مەرەخەسیی نەدراوەتێ و هەر لەم ماوەیەدا دایک، برا و خوشکێکی خۆی لەدەست داوە کە نەیانهێشتوە بەشداری لە پرسە و سەرەخۆشیی هیچ کامێکیان بکا و؛ ئەمە ڕێک بەپێچەوانەی چارتی نێوخۆیی زیندانە کە دەبوو لەژێر چاودێریدا ئیزنی ئەوەیان پێ بدایە. سەرەڕای ئەم بارستاییە لە سەختی و ناخۆشییەک کە بەدرێژایی ئەم ساڵانە بە پێست و ئێسک و هەستی خۆی چێشتوویەتی، عوسمان مستەفاپوور هەر لە چاوەڕوانیدا بەسەر دەبا و هەتا ئێستاش بەشێوەی فەرمی و بە نووسراوە کات و ڕێکەوتی ئازادبوونەکەیان پێ ڕانەگەیاندوە و یەکلاییان نەکردۆتەوە لەوەی کە کەی کۆتایی بەم دۆخەی دێ.

# حیزبی دێموکرات

# مەتەرێزی شوناسخوازی و کێیەتی



سامان فەقێ نەبی




مەبەستی ئەو نووسینە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی خەباتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای سەکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی و کاریگەریی حیزبی دێموکرات لە لاپەرەکانی مێژووی هەرمانی کوردە. هەڵبەت ئەم ڕاڤەکردنە لە گۆشەنیگای چۆنیەتیی هەڵسووکەوت و ئاست و ڕادەی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی ناوەندی بەرامبەر بە ویستە سیاسییەکانی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورددا مانادار دەبێ و مەبەستی هەرە سەرەکیی ئەم وتارەش دۆزینەوەی وڵامی ئەو پرسیارەیە کە گەلۆ حیزبی دێموکرات لەماوەی چوار دەیە تیکۆشاندا لە نرخاندنی دووانەی «تێچوو_دەسکەوت»دا لەکوێ جێی گرتوە؟

ڕوون و ئاشکرایە کە لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، لە حافزەی مێژوویی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەوە سیمبۆلەکانی مقاومەتی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی پاشایەتیدا بوون کە بیچمیان گرتبوو و ئەوەش سەرمایەیەکی مەعنەوی بوو بۆ دەسپێکی قۆناغێکی نوێی گەشە و خەباتی حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی ئەساڵەتە شۆڕشگێرییەکەی لەنێو کۆمەڵگەدا. سەرەڕای ئەوەش بەهۆی زاڵبوونی کەشوهەوا و ژینگەیەکی سیاسیی ڕادیکاڵ لەو قۆناغەدا و دواتریش بەرگریی بەشکۆی حیزبی دێموکرات لە شەڕی سێمانگەدا، فەزایەک خوڵقا کە حیزبی دێموکرات لەلایەن دەسەڵاتی نوێی ناوەندییەوە بە بەردەنگی سەرەکیی خەباتی سیاسیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابندرێ. لەدوای چوار دەیەش و سەرەڕای هەوڵدانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ ئاڵتێرناتیڤ سازی و بەلاڕێدا بردنی ئادرەسی چارەسەریی مەسەلەی کورد لە ئێران، هێشتا ئەو پیلانانە بە ئاکام نەگەیشتوون؛ کە ئەمە دەرخەری پێگەی بەهێزی جەماوەریی ئەو حیزبەیە.

بێگومان لە دەیەی یەکەمی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا و لەو فەزا ئانۆمیکییە و پێشبینی نەکراوەدا، سیاسەت کردن لە چوارچێوەی سیکلی شەڕ و دانوستاندا بۆ ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بەگشتی و دوکتور قاسملوو بە تایبەتی بەهۆی لێلیی گوتار و ڕوانینی دەسەڵات بە نیسبەت مەسەلەی کوردەوە ئەرکێکی سەخت بووە و لەو قۆناغەدا «سیاسەت» لە ڕاستیدا هونەری چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنە پاڕادۆکسەکانی گوتار و کرداری دەسەڵاتی نوێی ناوەندیی بووە.

بەبێ هیچ موزایدەیەکی سیاسی، بەهۆی دەرایەتی سیاسیی دوکتور قاسملووە حیزبی دێموکرات وەک کاریگەرترین کەرەستەی مرۆیی بۆ بیاڤی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەو قۆناغەی لە ڕێڕەوی تێکۆشاندا سەرکەوتووانە بڕی. هەر لەو قۆناغەدا و دواتریش دەرکەوەت کە وێژمانی زاڵ لەنێو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، وێژمانی توندوتیژی (گفتمان خشونت)ە و لۆژیکیشە کە لەم حاڵەتەدا بەپێی ئەسڵی مافی ڕەوای خۆپاراستن بەرەنگاریی چەکدارانە بۆ حیزبی دێموکرات ببێ بە مێتودی تێکۆشان.

لەماوەی ئەو چوار دەیەدا بەهۆی لێڵی گوتار و زەقی پاڕادوکسەکانی دووانەی ماهییەت_ ڕواڵەت لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، لە وێژمانی حیزبی دێموکراتدا هیچکات وەک پرەنسیپ ڕەوایی بە بایەخ و نۆرمە دواکەوتووکانی ئەو سیستمە نەدراوە؛ ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەپێچەوانەی زۆربەی بزاڤ و شۆڕشەکانی پێشووی کوردستان کە لە ئاستی تیۆریدا لاوازییان پێوە دیار بووە، ئەمجارە حیزبی دێموکرات و ڕێبەرییە کارامەکەی (سەرووتر لە هەموویان دوکتور قاسملوو) ئەو بۆشاییەیان پڕ کردبۆوە و بزاڤی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاویتەی مەعریفەی سەردەم و هزری سیاسی و فەلسەفی خەبات ببوو کە ئەمانەش هەردەم لەگەڵ بنەماکانی نیزامیکی تیۆکراتیک وەک کۆماری ئیسلامی ناتەبا بوون.

حاشاهەڵنەگرە کە کاتێک دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیک و چەقبەستووی ناوەند هیچ چەشنە تولێرانسێکی لە ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی پێوە دیار نەما و توندوتیژیی بێسنوور (خشونت عریان) بوو بە پلانی درێژخایەنی دەسەڵات، حیزبی دێموکراتیش لە مەقامی خاوەنداریتی لە مەسەلەی کورد و بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە و لە ڕێگای لێکدانەوە واقیعگرایانەکانی ڕێبەریی حیزب ( بەتایبەت د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی کە بەحەق لە ستراکتۆری حیزبدا خاوەن ئێقتدارێکی عەقڵانی لە ڕێگای مێکانیزمە دێموکراتیکییەکانەوە بوون) بە شێوەی عەینی بوو بە چاوگەی هیوا و بزوێنەری کۆمەڵگە بۆ درێژەپێدان بە خەبات.

بەداخەوە ئەمڕۆکە هێندێک پێنووسی نابەرپرسیار و بێبەری لە وێژدانی فیکری، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعە تاڵەی لە هەڵبژاردنی شێوازی خەباتدا بەسەر حیزبی دێموکراتدا سەپا، ئەم حماسە و بەرگرییە مێژووییە بە غەیرە زەروور ناو دەبەن و تاک ڕەهەندییانە و تەنیا لە دەلاقەی نەبوونی پارسەنگیی هێزەوە دەڕواننە ئەم شێوازەی خەبات؛ واتا لە سۆنگەی ئەو ئەلگۆریتمە کە لە بەراوەردکاریی باڵانسی هێز لەنێوان لایەنە ڕکابەرەکاندا ئاماژەی پێدەکەن، بەهۆی باڵادەستیی دەسەڵاتی ناوەندی یان دیکتاتۆری لەبواری نیزامییەوە، نەفسی بەرەنگاری چەکدارانە بەرامبەریان کردەوەیەکی هەڵەیە! کە ئەم پاساو و بۆچوونە، هێنانە ژێرپرسیاری زۆربەی شۆڕشە مەزنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و هاوکات خەباتی مافخوازانەی زۆربەی ئەو نەتەوە و کەمینە بندەست و ستەملێکراونەیە کە لە ڕێگای گوشاری نیزامییەوە پاشەکشەیان بە دەسەڵاتە سەرەڕۆکان کردوە.

تەنانەت هێندێکجار لە ئاستی وێژمانیشدا، ڕەخنە لەوە دەگیرێ کە لە فەلسەفەی سیاسی حیزبی دێموکراتدا کە لە «بەرنامە»ی ئەو حیزبەدا ڕەنگدانەوەی هەیە، لەجیاتی پێداگریی لەسەر مافی شارۆمەندی و دێموکراسی پتر تەرکیز لەسەر چەمکی ناسیۆنالیزم و مەسەلەی نەتەوایەتی کراوە؛ لە حاڵێکدا هەر توێژەرێکی بێلایەن و بەرنامەی حیزبی دێموکرات ئانالیز بکا، بەو ئاکامە دەگا کە حیزبی دێموکرات چەمک و بەهاکانی دێموکراسی و سێکۆلاریزمی وێڕای زەرووڕەتە عەینییەکانی عەداڵەتخوازیی لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ خەسڵەتە ئەرینییەکانی ناسیۆنالیزم ئاشتکردۆتەوە و لە هەگبەی هەموو ئەو جیاوازییانە وێژمانێکی بەرجەستە کردوە کە لە جوتیار و کرێکار بگرە تاکوو ماڵک و سەرمایەدار و لە مرۆڤی باوەڕمەند بە ئایینەوە تاکوو ئاتێئیست و ... بەرژەوەندییەکانی خۆیانی تێدا دەبیننەوە! گەلۆ ئەدی ئەمە واتای هەوڵدان بۆ سازدانی تەبایی لەنێو کۆمەڵگەدا و ڕێزدانان بۆ سەرجەم شاروەندان و نیشانەی پابەندبوون بە بەها دێموکراتیکییەکان و تەریک کەوتنەوە لە دۆگماتیزم نییە؟!

حیزبی دێموکرات بە شێوازیکی ئاوەزمەندانە خۆی لەژێر باندۆری خوێندنەوەی ڕەها و کلاسیک بۆ چەمکە سیاسییەکان دوورخستۆتەوە و هاوکات داهێنان لە سیاسەتی لە ئاستی گوتار و کرداردا نەهادینە کردوە؛ ئەگەر پێویست بووبێ قرمژنی چەکی پێشمەرگەی کردۆتە ڕەمزی پاراستنی شوناسی نەتەوەکەی و لە جێی خۆیشیدا پاڵپشتیی لە زەرفییەت و ڕێکارە مەدەنییەکان کردوە و لە ماوەی ئەو چوار دەیەدا لە هەڵوێستە فەرمییەکانیدا هیچکام لەو شێواز و مێکانیزمانەی گوشارخستنە سەر دەسەڵاتی ناوەندی بە جێگرەوەی ئەویتر لە قەڵەم نەداوە.

ئەوەیکە هەنووکەش لەژێر ناوی «چالاکیی مەدەنی» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و بە شێوەی بەرهەست لە بوارەکانی ئەدەبی، کولتووری، ژینگەپارێزی و تەنانەت مانگرتن و نارەزایەتییە سینفییەکاندا دەردەکەوێ، زایەڵەی ئەو ئیدەیەی حیزبی دێموکرات لە ڕوانیندا بۆ شێوازەکانی خەبات و بەرهەمی ئەو چالاکییانەی هێزی پێشمەرگەیە کە لەماوەی چوار دەیەدا بە بڕەودان بە کولتووری خۆڕاگری، کۆمەڵگەیەکی ئاگا و مافخواز و خاوەن شوناسیان ئافراند.

لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات و فیداکاریی هێزی پێشمەرگە بووە کە دەرەتانی بەوە نەدا کە لە دۆخێکی پەشێوی فیکریی و لە حاڵەتی مەترسی لێکدابڕانی نەتەوەیی، ئەم دۆخە هاوشێوەی ئەوەی ئێستا لەنێو بەشێک لە نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا هەیە، باڵ بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکێشی.

بەرهەمی چوار دەیە خەباتی حیزبی دێموکرات لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بیچمپێدانی ڕوانگەیەکی پراکسیسی (تئوری معطوف بە عمل) لە ڕەفتاری سیاسی چالاکان لە نێوخۆی وڵات و تاراوگەیە کە تێیدا هەم ئیرادە ڕۆڵ دەبینێ و هەمیش واقعگرایی. حیزبی دێموکرات خاوەنی پاشخانی خەباتێکە کە بە تێچووی پێنج هەزار شەهیدەوە، گارانتیی پاراستنی شوناسی بۆ پتر لە دە میلیون تاکی کورد مسۆگەر کردوە و بووە بە قوتابخانەیەکی فیکری بۆ زۆرینەی بژاردە سیاسییە ئەکتیڤەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. خەباتێک کە ئەگەر چل ساڵ پێش ئێستا هەر لە پارێزگاکانی ورمێ و سنە و بەشێکی کرماشاندا قەتیس مابۆوە، ئەمرۆکە لە سێبەری پابەندبوون بە بەهاکانی کولتووری بەرگری کە خوڵقێنەراوی حیزبی دێموکراتە، باڵی بەسەر هەموو کرماشان و ئیلامیشدا کێشاوە.



شارۆخ حەسەنزادە

# ورمێی کوردستان
# قوربانیی ڕووداوگەلی پۆپۆلیستی

ئێمە لە سەردەمێکدا ئەژین کە ڕاگەیاندنەکان، جۆراوجۆریی تێکنۆلۆژیی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، گەشەیەکی بەرچاویان کردوە. ئیتر وەکوو ڕابردوو، تەنیا هەواڵدەرییەکی مەزن یا ناوەندێکی تایبەت بە ڕاگواستنی زانیارییەکان، سەرقاڵی کاری هەواڵ و پروپاگەندا نین. لە لایەکی تر تەقینەوەی زانیاری و زانست و خۆرەی ئینتێرنێت، دەرفەتی خێرابوونی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە و ڕاگواستنی زانیارییەکانی ڕەخساندوە و بەردەنگ باشتر و سەرنجمەندانەتر دەتوانێ گەڕان بکا.

ئەم نەبوونی تاکمەندییە و بەربڵاوی و جۆربەجۆری و شەڕی ڕاگەیاندن بە شێوازی بەرین دەرفەتی بۆ دەستەڵاتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان، هەروەها حیزب و ڕەوتە ڕادیکاڵەکان (ئەتنیکی و ئۆلی و ...) تەسکتر کردووەتەوە، ئیدی ڕێگەیان پێ نادرێ بە مەیلی خۆیان هەواڵ و زانیاری و ڕووداوەکان شی بکەنەوە و شرۆڤە و باڵەکەویان بکەن و بە چەواشەکاری دەرخواردی خەڵکیان بدەن.

لە ماوەی سەدەی ڕابردوو بە تایبەت چل ساڵەی دەستەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا و دوای هاتنی خێرای چاخی ئینتێرنێت و جۆراوجۆریی سۆسیال میدیا، هەوڵی ڕاگەیاندنە فیتنەچی و ئاژاوەگێڕ، پیاوژۆ و چالاکانی سیاسی سەر بە دامەزراوە تەناهییەکان (سپا و ئیتلاعات و ...) بە تایبەت لەو مەڵبەند و دەڤەرانەی دوو نەتەوەی کورد و تورک لەتەنیشت یەکتر دەژین، بوونەتە هۆی جیاوازی، کێشە و ئاریشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

لە ماوەی ئەم هاوینە (١٣٩٨) لە مەزنە شاری ورمێ چەندین هەوڵ و ڕووداوی گوماناوی و ئاگاهانەی فاشیزمی دەوڵەت_تورک، بە دژی کوردەکانی ئەو ناوچەیە بینراوە کە جێی خۆیەتی سەرنجی وردی بدرێتی.

**لایەنگرانی دێموکراسیی بەشدارانە، بەشداری و بەرابەریی عادڵانە وەک دوو کۆڵەکەی هەرە گرینگ بە پێویست دەزانێ کە بەبێ ئەم دوو خاڵە بەشداری سەر ناگرێ. کەوابوو دەست وێڕاگەیشتن بە سەرچاوەی ئابووری و زانست، زانیاری و شارەزایی سیاسی مەرجی سەرەکیی دامەزراندنی سیستمی دێمکراسیی بەشدارانەیە**

دوای ئەوەی لە سەرەتای هاوینی ڕابردوو کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی جێگری سیاسیی وەزیری نێوخۆ و پارێزگاری ورمێ، هەروەها بەشێک لە کەسایەتی و بەرپرسانی ئەمنیی ئەو پارێزگایە، لەسەر چالاک کردنەوەی بنکە (ستاد) ی هەڵبژاردنەکانی ڕەوتی بە قەول ئیسلاحتەڵەب و نیزیک لە دەوڵەتی ڕووحانی (تەدبیر و ئومید) بۆ یازدەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی پارلمان، گیرا؛ دەرکەوت هەر وەک پیشەی هەمیشەیی خۆیان لەکاتی پێویست و تەنگانەدا نەبێ هیچ بایەخێک بەو کوردانە نادەن کە بەردیان بۆ لە سینگ دەدەن و ئامادەی گیانبازین بۆ ئەو نیزامە! لە ڕاستیدا نەخوێندنەوەی کەسایەتیی کوردانی نیزیک لە دەوڵەت لەو کۆبوونەوەیە، تەنانەت بە خۆشییەوە هیچ شارێکی کوردیان بە شیاو نەزانی کە لە دابەشکاریی ستادەکەیاندا حیسابی بۆ بکەن و هەموو کوردستانیان هاویشتە سەر تەورێز و بەشێکی بچووک لە تورکەکانی ورمێ‌شیان ڕەگەڵ دا. ئەم هەڵوێستەی ناوەند بە هاوبەشیی شەبەنگێک لە تورکی دەڤەرەکە وای کرد دۆستە کوردەکانیان لێ زیز بن و خۆیان لێ دەرباوێن!

پشتی ئەم ڕووداوە بەئەنقەست و ئاگاهانەیە، سەرەتای ئەم مانگە (٥ی گەلاوێژ) لە ڕووداوێکدا، تێکنێسیەنی کوردی ئۆرژانسی ورمێ کە بۆ دەرمانی کەسێکی بریندار بەڕێ کرابوو، بە ناچاری لە زمانی دووهەمی خۆی (فارسی) بۆ پرسیار کردن و قسەکردن دەگەڵ نەخۆش کەڵک وەردەگرێ، هاوڕێیانی نەخۆشەکەش بە هۆکاری ئەوەیکە تێکنێسیەنە کوردەکە، تورکی نازانێ و ناتوانێ بەو زمانە بئاخوێ ... فیلمەکەی لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان هەرا دەنێتەوە و لە ئاکامدا کوردەی بەستەزمان بە تاوانی ئەوەیکە لە ورمێ دەژی و تورکی نازانێ لەلایەن سپای پاسدارانەوە دەگیرێ! گرتنی کوڕە کوردەکە هەڵوێستی کوردانی ورمێی بەدوادا هات، هەتا ئەو جێگایەی چالاکانی مەدەنیی ئەم شارە دوایان لە خەڵک کرد ڕۆژی هەینی لە نوێژی جومعە لە مزگەوتی مەلا ڕەزا، مان بگرن و هەتا ئەو کوردە بێتاوانە ئازاد نەکەن بەردەوام دەبن، دوای ئەو هەڵوێستەی کوردانی ورمێ، سپا خێرا، تێکنێسیەنەکە بەردەدا. بەڵام لەم نێوەدا بەشی هەرە زۆری ڕەوتی پان‌تورکیزمی ورمێ کە کەسایەتییە سەرەکییەکانیان بەرپرسانی ئۆرگانە ئەمنیەتی و دەوڵەتییەکانن، تەنانەت دوو بەناو نوێنەری ئەو شارەش (قازی پوور و بەهادۆری کە لە گەندەڵیی سیستماتیکی ئەم پارێزگایە گلاون) بە کەلکوەرگرتن لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوازێکی زۆر قیزەونانە و هەڕەمەکی، بە دژی هێما نەتەوەییەکانی کورد هەڵوێستیان گرت و بە وروژاندنی پلانمەندی هەست و سۆزی ناسیۆنالیستی و مەزهەبی بەشێک لە شەقامی ڕەشۆکی، جارێکی تر مەبەستی گلاوی ناوەند لە ئادگاری واقعیی خۆیاندا وێنا کرد.

لە ڕووداوێکی ترا (١٨ی گەلاوێژ) بەبۆنەی ڕێزگرتن لە ڕۆژی هەواڵنێر لە ورمێ کە لەلایەن شارەدارەوە گیرا بوو، حەزرەت پوور (شارەداری ورمێ) لە بۆنەیەکی فەرمی کە بەپێی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم دەبێ بە فارسی وەک زمانی سەرەکی قسە بکرێ، بە ئەنقەست بە تورکی قسە دەکا کە هەڵوێستی خالید حاتەمی، شۆڕای کوردی شاری ورمێی بەدوودا دێ و ئاغای شارەداریش بە جێگای داوای لێبوردن دەڵێ: «ئێوە کە تورکی نازانن فەرموون بۆ دەرەوە!» هەرچۆنێک بێ جیا لەوەیکە بەڕێز حاتەمی خۆی لەو ئەندامانەی شۆڕا بوو کە بۆ هەڵبژاردنەوەی حەزرەت پوور ئەوەی لە دەستی هات کردی و بە ئیعترافی خۆشی خزمی تورکانە!، لەو شارانەی کە فرەنەتەوەن بە تایبەتی شارێکی وەک ورمێ کە کورد و تورک دوو نەتەوەی سەرەکین (جیا لە نەتەوەی ئەرمەنی و ئاشووری کە لەو مەڵبەندە کەمینەن و هەموو مافێکیان پێشێل کراوە)، ئاخاوتن بە زمانی تورکی ئەگەرچی حەشیمەتیان لە کوردانیش کەمتر بن مافی سروشتی و بنەڕەتیی خەڵکی تورکە، هەروەک چۆن دەبێ نەتەوەی کوردیش کە لە هەموو ویست و داخوازییە ئینسانییەکانی بێبەشە، دەبێ لەو شارەدا زمانی ڕەسەن و کولتووری خۆی بە فەرمی بناسرێ و قسەی پێ بکا؛ هەر وەک چۆن لە سەردەمی کۆماری کوردستان و لە وڵاتانی ڕۆژاوایی لەو باژێرانەی هاوشێوەی ورمێ کە فرە ئەتنیکن، ئەم پرسە بە دێموکراسی و فرە زمانی چارەسەر کراوە. بەڵام مەخابن بە بوونی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر، ئەم مافە ئینسانییانە لە گەلی کورد و تورک زەوت کراوە.

یا لە ڕووداوێکی تردا بنێری شانۆی کوردی «مێدیئا»ی خاتوونێکی کورد کە بڕیارە لەو شەوانەدا لە ورمێ بەڕێوە بچێ، هەڵدڕ هەڵدڕ دەکرێ و بە ڕەنگی سوور ناوی تورک و دروشمی فاشیستی لەسەر دەنووسرێ. هەموو ئەو کارانە وای کردوە نوێنەری تورکی شاری خۆی غیرەت بداتە بەرخۆی و بە مەبەستی تایبەتی داوا لە دەوڵەت و پارلمان بکا پارێزگای ورمێ کە خاکی ڕەسەن و باوکالی کوردانە جارێکی تر بەشێکی پارچە پارچە بکەن و ناوی «ئازەربایجانی سنووری» لێ بنێن! یا لە سەڵماس دوای ئەوەیکە گرووپی مووسیقای کورمانجی «نۆدم» کە ئیزنی فەرمیی بەڕێوەبردنی کۆنسێرتێکی لەو شارە وەرگرتبوو بە بەهانەی ئەوەیکە ژەنیاری ژنیان دەگەڵدایە، نەیانهێشت هونەری فۆلکلۆریکی خۆیان لەو شارە کوردییەدا پێشانی خەڵک بدەن.

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە، ئەرێ ئەوە بۆ، هەر بەینا بەینێک لەو شارە کوردییانەی کە تورکیش بەوپەڕی ئارامی و تەناهی پێکەوە دەژین، بەشێک لە ڕەوتە تورکی_دەوڵەتییەکان ئاو دە ئاشی ناوەندی ئاژاوەگێڕ دەکەن؟ بۆچی نابێ کورد لەسەر نیشتمانی خۆی کار و چالاکییەکانی ئەگەرچی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمیش بێ، بەڕێوە بەرن؟ کێن ئەوانەی وا ئاگاهانە بە دژی کۆمەڵگە و زمان و هونەری کوردی پیلان دەگێڕن؟ مەبەستیان لەم کردەوانە چییە؟ ئایا کورد دوای ئەو هەمووە کوشت و کوشتار و ژینۆسایدە بەو دژکردەوانە لەنێو دەچێ؟ ڕێگە چارە چییە؟

**لە گرینگترین هۆکارەکانی پێکهێنانی بەستێنێک بۆ بەرەوڕوو بوونەوە دەروونییەکان کە حکوومەتە ئاژاوەگێڕ و دیکتاتۆرەکان باشیان ناسیوە بریتین لە؛ ڕەوشی دەروونی، جیاوازی باوەڕ، ڕوانینی ئایینی، جیاوازییە ئەتنیکی و ڕەگەزییەکان، جیاوازایی چینایەتی**

بناژۆخوازیی ڕادیکاڵیی نەتەوەیی و ئایینی و دیاردەکانی زۆر هەستیار (soft) ڕووداوێکی وا هاسان و ساکار و هەڕەمەکی نین. ئەمە ئاکامی گەندەڵیی سیستماتیکی ئابووری و سیاسی و دیکتاتۆریی مەزهەبییە بە مەبەستی پەرەدان بە فیتنە و ئاژاوە و دووبەرەکی بۆ بەڕێوەبردنی حکوومەت لەلایەن نەتەوەی فارسەوە.

جێگای خۆیەتی وەبیریان بێنینەوە کە ئێمەی کورد هیچکات گەلاوێژی ١٣٥٨ و ساڵانی دواتری لە بیر ناکەین کە هەر ئەو ناوەندگەرا فارسانە (خومەینی بە ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهاد بە دژی گەلی کورد) بەشێک لە تورکەکانی پارێزگای ورمێ بە فیتی دەستەڵات دڕندانە هێرشیان کردە سەر خەڵکی بێتاوان و ژن و منداڵی کورد کە لە ئاکامدا قەتڵ و عامی خەڵکی ئاسایی دەیان ئاوایی وەکوو قاڕنێ و قەڵاتان و ... لێ کەوتەوە. یا دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیم بە پاساوی ناڕاست میتینگی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان هەر ئەو ساڵە لە شاری نەغەدە خەڵتانی خوێن کرد. لەم نێوەدا کورد بۆ بەرگری کردن لە ماڵ و حاڵی خۆی ناچار بەرگری کرد کە کۆمەڵێک تورکی نیزامیش بوونە قوربانی سیاسەتەکانی چەوتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران. دوای چل ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە تاڵ و کارەساتبارانە، بەشێک لە تورکەکان وەک کۆڵەکەی نیزام لە کوردستان و خەندەقی نێوان گەلی کورد و فارس بۆتنە قومارۆچکە و گۆپاڵی دەستی ناوەند و بە مەیلی خۆیان ڕکێفیان لێ شل و توند دەکەن!، کە بەداخەوە دەبێ بڵێین ئەمە لە نەستی خۆبە داردەست زانینی بەشێک لە تورکەکانەوە سەرچاوە دەگرێ.

هەروەها پێوەندییە ئیدئۆلۆژیکەکان بە تایبەت لە دەستەڵاتە دیکتاتۆرە ئایینییەکانە کە شارۆمەندەکەی تەنیا لەبەر ئایینی جیاواز (مەزهەبەکەی)، بەبێ متمانە و هەڕەشە سەیر دەکا. بەم شێوەیە قووڵبوونەوەی کەلێنی نێوان سوننی و شیعە لە ئێران ئاکامی سیاسەتە قیزەونەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و لەم ناوچانەش بۆتە قەیرانێک لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و تورک کە بە گشتی یەک دینیان هەیە بەڵام بە دوو ئایینی جیاواز. ئەم قەڵشتە کۆمەڵایەتی و سیاسییە لە دۆخی نائاساییدا ڕەنگبێ ببێتە هۆی بڕیاردانێکی نادروست و لە ئاکامدا کردەوەی توندی نەخوازراوی بەدوودا بێ کە ئەوکات کار لە کار دەترازێ و ئاگری بن خۆڵەمێش گڕ دەگرێ و تەڕ و وشک بەخۆوە دەسووتێنێ.

تێکدانی ڕەوش بۆ باشترکردنی، تیئۆرییەک و فەلسەفەیەکی تایبەتە لە جیهانبینیی سیاسیدا، لەو ڕوانینە، تاک یا کەسەکان بە لەبەرچاو گرتنی هێندێ مێتۆد و شێواز کە کۆمەڵگە و کەشی زاڵی بەرەو ئاقاری کوشتن و گرتن و وێران کردن دەبەن، هەوڵ دەدا ببێتە هێزێکی جدی بۆ ئاڵوگۆڕی دۆخەکە، ڕوانگەیەکی دەروونناسی هەیە دەڵێ: «ڕەنگبێ ترس هۆکاری هەموو توندوتیژییەکان بێ.» هەر وەک مووسا عەنتەری ناسراو دەڵێ: «ئەگە زمانی دایکی من بناخەکانی دەستەڵاتی تۆ دەلەرزێنێ بەو مانایەیە کە دەوڵەتەکەت لە سەر نیشتمانی من دامەزراندبێ.»

لەلایەکی ترەوە، «پۆل لاین بێرگێر» لە کتێبی خۆی (شەڕی دەروونی)دا پێی وایە، شەڕی ڕەوانی جگە لە پێوەندی لەسەر ئامانجی ئابووری و سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەر بەتەنیا شەڕ و عەمەلیاتی نیزامی نییە بەڵکوو: «کۆمەڵێک کردەوە و هەوڵی وڵاتێکە بۆ کاریگەری و شێواندنی باوەڕ و ڕەوشتی دەوڵەت و نەتەوەکان بە مەبەستی وەدەست هێنانی ئاکامێکی دڵخواز.» دوای شەڕی جیهانیی دووهەم، دوکتۆرینی شەڕی ڕەوانی لە ئورووپا و ئامریکا بە شێوەیەکی ڕێکتر، پێناسەی بۆ کرا و بیرمەندانی ئەم بەستێنە پێیان وابوو پێناسەی شەڕی دەروونی بریتییە لە: «دەستێوەردان لە باوەڕ و چەواشەکاری و بەکاربردنی یەک یا چەند دەنگبەر(ڕاگەیاندن/»رسانە»)ی پێوەندییەکان و بە جۆرێکی تر بێهێز کردنی لایەنی بەرامبەر بۆ هەر چالاکی و کار و دژکردەوەیەک.»

لە گرینگترین هۆکارەکانی پێکهێنانی بەستێنێک بۆ بەرەوڕوو بوونەوە دەروونییەکان کە حکوومەتە ئاژاوەگێڕ و دیکتاتۆرەکان باشیان ناسیوە بریتین لە؛ ڕەوشی دەروونی، جیاوازی باوەڕ، ڕوانینی ئایینی، جیاوازییە ئەتنیکی و ڕەگەزییەکان، جیاوازایی چینایەتی.

بۆ چارەسەری ئەم کێشە وئاریشانە کە ڕەنگبێ هەر ئێستا و لە دوارۆژدا ببنە هۆکاری وەبەریەک کەوتنی کۆمەڵگەی ئەتنیکی، ڕەنگبێ دێموکراسیی بەشدارانە (participatory democracy) لە هەموو جۆر سیسیتم و فۆرمێکی حکوومەتی سیاسی وڵامدەرتر بێ.

دێموکراسیی بەشدارانە پێی وایە کە بۆ ئاڵوگۆڕی دێموکراسییەکانی سەردەم، بۆ دێموکراسیی واقعی یانی (دەستەڵاتی خەڵکی) دەبێ ڕۆڵی شارۆمەندان لە بڕیاردانە گشتییەکان پەرەی پێبدرێ. بەپێی بۆچوونی خاوەن ڕایانی ئەم ڕوانگەیە، گەشەی تاکەکان تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی بەشدارانە مسۆگەر دەبێ، کۆمەڵگەیەک کە هەستی بەرژەوەندیی سیاسی ڕابێنێ، گرینگی دان بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر دەکا و شارۆمەندی ئاگا بەرهەم دەهێنێ کە دەتوانێ یارمەتی و بایەخ بە چالاکییەکانی حکوومەت کردن بدا. مەکفێرسۆن پێی وایە، ئەگە کۆمەڵانی خەڵک ئاگاداری کێشە و گرفتی کۆمەڵگەکەیان بن و قسەی لەسەر بکەن و هەڵیسەنگێنن، ئیدی ئاریشەکان زۆر کەمتر دەبنەوە چونکە کۆمەڵگە بیر لە حاڵی خۆی دەکاتەوە و کاڵفامانە نادوێ جا ئەمجارە جیا لە بەرژەوەندیی تاک دەبیری بەرژەوەندیی گشتیش دەکەوێ بەبێ لەبەرچاو گرتنی زمان و نەتەوە جیاوازەکان.

لایەنگرانی دێموکراسیی بەشدارانە، بەشداری و بەرابەریی عادڵانە وەک دوو کۆڵەکەی هەرە گرینگ بە پێویست دەزانێ کە بەبێ ئەم دوو خاڵە بەشداری سەر ناگرێ. کەوابوو دەست وێڕاگەیشتن بە سەرچاوەی ئابووری و زانست، زانیاری و شارەزایی سیاسی مەرجی سەرەکیی دامەزراندنی سیستمی دێمکراسیی بەشدارانەیە. کە لە جیهانی ژێر سەیتەرەی خاوەندارییەتی تایبەت لە سەر دارایی و سامان و ئابووریی سەرمایەداری؛ سەرکەوتوو نابێ.

مەکفێرسۆن دەڵێ: «هەتا کاتێک مافی چارەنووسی خەڵکانێک تەنیا لە بەستێنی حکوومەتدا خول بخوا، دێموکراسی ڕێک وەک فامی شومپیتێری لێ دێ کە گەلێک کورت و تەسک کراوەتەوە، دەبێ مافی دێموکراتیک لە ئاستی دەوڵەت بچێتە هەناوی هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگە.»



ئەییوب شەهابیڕاد

# دەرفەتە نوێیەکانی بەردەم بزووتنەوە جەماوەرییەکان

هەرچەند بزووتنەوەی جەماوەری لە فۆرمی مەدەنی و مۆدێرندا، مێژوویەکی کۆنی نییە، بەڵام بێگومان هیچکات بە ئەندازەی سەردەمی ئێستا، ئیمکاناتی پێشکەوتوو، ئاسان و جۆراوجۆری لەبەردەستدا نەبووە بۆ پەرەسەندنی زیاتر و گەیشتن بە ئامانجەکانی.

ئادام لیک، یەکێک لە کارناسانی بواری پێوەندی و زانیارییەکان دەڵێ: ئامانجی سەرەکیی دێموکراسی لە بنەڕەتدا، دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە دەسەڵاتە و پاشان کۆنترۆڵ و چاوەدێری کردنی ئەم دەسەڵاتەیە. لەم پێوەندییەدا دەستڕاگەیشتنی زیاتری خەڵک بە زانیاری، بەستێنی سەرەکیی گەیشتن بە دێموکراسییە.

ئەگەرچی پێش ئەم قۆناغەی ئێستا کە بە چاخی شۆڕشی تێکنۆلۆژی و زانیارییەکان ناسراوە، بە دەگمەن بزووتنەوەی جەماوەی لە جیهاندا ڕووی داوە کە بە جۆرێک تێکەڵ بە توندوتیژی نەکرابێ و بگرە زۆربەیان ڕەهەندی چەکداری، حەماسی و شۆڕشگێڕیان هەبووە و بەردەوام ئاوێتەی توندوتیژی بە تایبەت لەلایەن دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆرەوە بوون. بۆیە لەو سەردەمدا کە کۆمەڵگەکان لە ڕووی پێکهاتەیی و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە زیاتر نەریتی بوون و ئاست و بەستێنی وشیاری و مەعریفییان فۆرمێکی خێڵەکیی هەبوو، زیاتر لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئیدئۆلۆژییە باوەکان و ڕێبەرە کاریزماکان، دەکەتنە جووڵەی جەماوەرییەوە.

ڕاستە کە لە سەردەمی ئێستادا بە زۆر هۆکاری زانستی، تێکنۆلۆژی و بەتایبەت هزری و فکرییەوە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گەشەیەکی بەرچاوەی مەعریفی بەخۆیەوە بینیوە و زۆر کۆمەڵگە هەن کە پێکهاتەیەکی گونجاویان لە دەسەڵاتداریی دێموکراتیک و مەدەنی بۆخۆیان دەستەبەر کردوە، بەڵام لە هەمان کاتدا، کەم نین ئەو کۆمەڵگەیانەی کە یان هێشتا گەشەیەکەی ئەوتۆیان لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە نەکردوە، یان ئەوەی کە هەر جۆرە خواست و جووڵەیەکی تەنانەت مەدەنیانەیان لەگەڵ توندتیژیی سەرکوتی رەها لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەرەوڕوو دەبێتەوە.

ئێستا ئەو تایبەتمەندی یان ئەو کاریگەریانە چین و کامانەن کە دونیای ئەمڕۆ بە هەموو پێشکەوتنەکانیەوە، دەتوانێ یارمەتیدەرێکی بەهێز بێ بۆ شکڵ گرتن و پەرەسەندنی بزووتنەوە جەماوەی و مەدەنییەکان؟

دوو فاکتی وشیاری و پێوەندییەکی گشتگیر لە بازنەیەکی بەرفراوانی (زانیاری)دا، بە تایبەت لە بەستێنێکی دانەبڕاو و لەسەر ئاستی گشتیی کۆمەڵگەدا، دوو خاڵی گرینگن بۆ ئەوەی دونیای مەجازی ببێتە جیهانێکی هاوتەریبی دونیای حەقیقی، تا لەم ڕێگەیەوە هەموو جیهان لەنێو تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی پێک ببەستێتەوە. ئەگەرچی لەم قۆناغە نوێیەشدا، کەم نین ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرانەی کە بەردەوام پەنجە بۆ کوشتن و سەرکوتی خەڵک درێژ دەکەن، بەڵام لانیکەم لە ئێستادا ستەم و سەرکوتکارییەکان لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە ڕوو بدەن، ئیتر کاتی بێدەنگی لێکردنیان و خنکاندنیان لە بێدەنگیدا بەسەر چووە.

کۆمەڵگەی جیهانی و بەتایبەت کۆمەڵگە دیکتاتۆر لێدراو و دواکەوتووەکان، بە دەست ڕاگەیشتنیان بە دونیایەکی بەرین لە پێوەندی و پڕ لە زانیاری، هەم دەرفەتێکی مێژووییان بۆ گەشەسەندنی فرە چەشن بۆ ڕەخساوە و هەم بە کەڵکوەرگرتنی بەردەوامیان لەم ئیمکانات و داهێنانە، ئاسۆیەکی ڕوونیان لە خۆ ڕێکخستن و هەنگاونان بەرەو خواست مافەکانیان لە بەردەمە.

کاتێک لە دونیای مەجازیدا هەموو تاکێکی بەشداربوو توانایی و ئیمکانی ئەوەی هەیە ببێتە ڕاگەیەندکار و چالاکێکی بواری کۆمەڵایەتی_ سیاسی، لێرەدایە کە ئەم جۆرە تاکە وشیارانە، دەتوانن کۆمەڵگە دووبارە ڕێک بخەنەوە و بەرەو ئاراستەی داواکارییەکانی خۆیان ببینە پێش و بە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی بەردەوامی زانیاری و بیروڕا، دەتوانن ڕای گشتی دروست بکەن، ئاراستەی پێ بدەن و مودیرییەتی بکەن.

فۆرمی نوێی پێوەندییەکان، بە بەزاندنی سنووورە فیزیکیەکان و بەتایبەت خۆدەرخستنی لە شکڵ و شێوازێکی ئاسۆیی لەبواری پێوەندییەکاندا، (واتە لەم جۆرە پێوەندییەدا هەموو تاکێکی بەشداربوو لە دۆخێکی وەک یەک، بەرامبەر و دوو لایەنە دان)، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەسەڵاتی حکوومەتە ستەمکارەکان لاوازتر دەکا. لە کاتێکدا کە ناوەند و ڕێکخراوە جیهانییە جۆراوجۆرەکانی چالاک لە بواری مافی مرۆڤ بەشێوەیەکی بەردەوام ڕوو لە گەشەسەندنن، بێگومان ئەم ڕەوتە بۆ کۆمەڵگەیەکی وەک ئێرانیش گوازراوەتەوە و دەبینین کە کۆمەڵگەی ئێران و بەتایبەت کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەردەوام لە هەوڵی خۆڕێکخستن و دروستکردنی ناوەند گەلی جۆراوجۆری مەدەنین.

لەسەرخەت بوونی بەردەوام، چالاکی جۆراوجۆر و خاوەندارێتی کردن لە هەموو پرسەکانی تایبەت بە نەتەوە و کۆمەڵگە، لە دەرکەوتە بەرچاوەکانی کۆمەڵگەی ئەمرۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. وەرێخستنی دەیان کەمپەینی جەماوەری و سەرکەوتوو بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر وشیاری خەڵک و پاشەکشەی دەسەڵات، هێما جێگرتوەکانی کۆمەڵگەیەکن کە توانیویەتی تا ئێستا هەموو ئیمکاناتە لانیکەمەکانی بەردەمی بکاتە دەرفەتی مەزن بۆ رەوتی مافخوازی خۆی.

ڕێژیمەکانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەگەرچی بە تەرخانکردنی هەزینەیەکی ئینسانی و ماددیی زۆر هەمووکات لە هەوڵی ئەوە دان پێشی ئەم شەپۆلە جیهانیانە بگرن و ڕۆژ نییە تریبون و مینبەرەکان نەکە سەکۆی هەڕەشە و داد بێدادیان لە پەرەسەندنی وشیاری و زانیاری لە وڵاتدا، بەڵام بزووتنەوەیەکی دێرین و فرە ڕەهەند کە پایەکانی خۆی لەسەر پرەنسیپ و ئامانجەکانی کۆمار بنیات ناوە، دەبینین کە بەردەوام ڕوو لە پەرسەندنە و ئەوەی کە بەردەوام ڕوو لە لاواز بوونە، دەسەڵاتێکی داسەپاو و ستەمکارە.

# کاڵبوونەوەی هێڵە سوورەکان



جەمیل سەرمەستی

دیکتاتۆر و دەسەڵاتدارە ملهوڕەکان بۆ بەلاڕێدا بردنی خەڵک و کەلکوەرگرتن لەوان و درێژکردنەوەی ماوەی دەسەڵاتداریی خۆیان، هەروەها بۆ هێشتنەوەی خەڵک لە بازنەیەکدا کە بتوانن ئاسانتر دەست بەسەر بیر و باوەڕیاندا بگرن و لە پێناوی مەبەستەکانی خۆیاندا بیانجووڵێنن، پیرۆزییان بۆ دروست کردوون و هێڵی سووریان بۆ داناون و بەردەوام بە دوو چەمکی ترساندن و هاندان لەو بازنەیەدا دەیانخولێننەوە. مرۆڤ کە هەستی بە بێدەسەڵاتیی خۆی کرد، ئەو کات گونجاو دەبێ بۆ وەرگرتنی بیرێکی پیرۆزپەرستی و تەنیا لە نێو جەغزی دیاریکراو مافی پرسیارکردنی هەیە و، پێی وایە هەموو شتێک بەستراوە بە چارەنووس و بۆخۆی ڕۆڵێکی لە دیاریکردنی چارەنووسیدا نییە. هەرچی ئەم بازنەی بیرکردنەوەش بەرتەسکتر و چکۆلەتربێ و پەیوەندیی کەمتری لەگەڵ دنیای دەرەوەدا هەبێ دەرفەتێکی گونجاوتر دروست دەکا بۆ دەسبەسەرداگرتن و بەکۆیلە کردنیان.

چل ساڵ لەمەوپێش، لە دوای ڕاپەڕین و شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی، کۆمەڵگەی ئێران بەپێی هەلومەرج و شێوازی بیرکردنەوەی خەڵک و نەبوونی زانیاری و پەیوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە، شوێنێکی گونجاو بوو بۆ پەرەپێدان و گەورەکردنەوەی بیری میتووسی لە بازنەی ئایین و بەتایبەت مەزهەبەوە، هەربۆیە چەن درۆی خومەینی و زەقکردنەوەی مەزهەبی شیعە و لە پاڵیشیدا سەرکوت و کوشتنی بەکۆمەڵی ڕووناکبیران و جیابیران، چاندنی ترس و تۆقاندنی خەڵک، دیاریکردنی هێڵی سوور و بڤە و نانەوەی شەڕ و ئاژاوە هەر لە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکاوە بگرە تا قسەکانی خومەینی بۆ هاندانی شیعەکانی عێراق و شەڕی ٨ ساڵە، ئیزنی بیرکردنەوەی سەرەتاییشیان بە خەڵکی ئێران نەدا و هەر چەشنە دەنگ و بیرێکی جیاوازیان هەناسەبڕ کرد و بێجگە لە چەند ناوچەی ئێران کە بەرچاوترین و بەهێزترینیان کوردستان بوو، ڕەوتی بیرکردنەوەی خەڵکیان بەرەودوا گۆڕی کە یەک لەوانە دانانی یاسایەکی بنەڕەتی و سەقەت لە چوارچێوەی بیرێکی مەزهەبی وساویلکانەدا و دروستکردنی ویلایەتی فەقیهـ بوو. دژایەتی لەگەڵ ئەم چەمکەدا هاوواتای دژایەتیی خودا بوو کە بەرەوڕووی دڕندانەترین زەبر و کوشتن دەبوونەوە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە خەڵک و نەتەوەی کورد بکەین کە لەگەڵ بەرەنگاریی قارەمانانەی گەلی کورددا بەرەوڕوو بوونەوە. ئەم شێوازی بیر کردنە بە مردنی خومەینی کۆتایی پێ نەهات و بگرە بە هاتنە سەرکاری عەلی خامنەیی زەبروزەنگەکان سیستماتیکتر و توندتریش بوون.

پێشکەوتنی زانستەکان و بە تایبەت هاتنی ئینتێرنێت و ئاگاداربوونەوەی خەڵک لە ڕووداوەکانی نێوخۆ و دەرەوە و ئاشکرابوونی ڕواڵەتی کەسە پیرۆزەکان و، دەوروبەرەکانیان و چوونەسەرەوەی ئاستی زانیاری و بیرکردنەوەی خەڵک بە گشتی وردەوردە هێڵە سوورەکانی کەمڕەنگ کردەوە. بەڵام ئەوەی مابوو ترس و دڵەڕاوکێ لە لایەک و یەکنەگرتنی دەنگەکان لە لایەکی دیکەوە و نەبوونی ڕێبەرایەتی و ئۆپۆزیسیونێکی کارا و بەهێز و نەبوونی ئالتێرناتیڤێکی ڕوون و ماوەیەکیش سەرقاڵ کردنی خەڵک بە ڕیفۆرم یارمەتیی بێدەنگیی خەڵک و مانەوەی دەسەڵاتی نوێنەرانی بەڕواڵەت پیرۆزی بۆیان دەستەبەر کرد.

هەرچەند لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا و بەو هەموو سەرکوت و هەڕەشەی کە لەسەر خەڵک و چالاکانی مەدەنی بووە، بەڵام بەشێک لە خەڵکی زانا و دڵسۆز و ئازادیخواز بوونەتە پێشەنگی شکاندنی تاپۆی زۆرداری و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا خەریکی چالاکی و ڕێکخستنی خەڵک بوون و هەن. دیارە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە زستانی ساڵی ٩٦ی هەتاویدا لە زیاتر لە ١٠٠ شاری گەورە و بچووکی ئێران دەسپێکێکی نوێ بوو بۆ ڕەواندنەوەی ترس و نیشاندانی بێزاریی خەڵک لە دەسەڵاتدارەکانی تاران و موچڕکەیەک بوو بۆ ئێسک و پرووسکی جێگرەکانی خودا.

بەدرێژایی ئەم چل ساڵە شێوازی جۆراوجۆر بۆ تێپەڕین لەم ڕێژیمە تاقی کراوەتەوە بەڵام لەم دواییانەدا ئەوەیکە جێگەی سەرنج و تێڕامانە نامەی ١٤کەس لە کەسە ناسراو و بەرچاوەکانی ئێرانە کە لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە پێک هاتوون و بە ئاشکرا و بێدوودڵی هێڵە سوورەکانیان نەک هەر بەزاندووە بەڵکوو یەکسەر چوون بە گژ پیرۆزییەکانی ڕێژیمدا و قامکیان کردووە بە چاوی جێگری خودادا و، داوای دەست لەکار کێشانەوەی خامنەیی و نەمانی کۆماری ئیسلامی دەکەن، هەرچەند ئەم هەنگاوە دەبێ لە دوو لایەنەوە سەیری بکرێ.

یەک؛ چەندە پراکتیکییە و جێبەجێ دەبێ؟ دوو؛ چەندە کاریگەرە و لێکەوتەکانی چی دەبێ؟ ئەوەیکە چەندە ئەم داوایە جێبەجێ دەبێ، بەندە بە کارنامە و جەوهەری زاتیی ئەم ڕێژیمەوە کە بەم چل ساڵە خۆی ناساندوە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە ناتوانین ڕوانگەیەکی ئەرێنی‌مان هەبێ لەم بابەتەوە. ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی دەیان ساڵە گوێ ناداتە سەرەکیترین و ڕەواترین داواکانی خەڵکی ئێران و لەپێناو چارەسەریی کێشەکاندا هەنگاوی باشی هەڵنەهێناوە؛ زیاتر دەرخەری ئەوەیە کە نابێ زۆر گەشبین بین بەوەی کە کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرەکەی لەم ڕێگەوە و بە ئاسانی دەست لە دەسەڵات بکێشنەوە.

بەڵام بەدەر لە جێبەجێ کردن یان نەکردنەکەی پەیامێکی گرینگ و هەستیارە، هەم لەبەر ئەوەی کە ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم واتە ڕێبەری پێکاوە و ڕاستەوخۆ بەرەوەڕووی سەرچاوەی دەسەڵات بۆتەوە و، هەم ئەوەی کە هیوایەکی زۆری بە خەڵکی هیوابڕاو بەخشیوە. ئەمە یەکەم کاری ڕێکخراوەیی نێوخۆی ئێرانە کە لە چل ساڵ لەمەو پێشەوە ڕاشکاوانە و بەبێ ترس و لەرز بەڕێوە چووە؛ ئەوە نیشان لەوەیە کە حکوومەت ئیدی لەسەر شێوازی ساڵانی ڕابردوو ناتوانێ بە ڕاحەتی شوێنی وەک گۆڕستانی خاوەران دووپات بکاتەوە و، خەڵکیش چاوکراوەترن.

کاکڵە و پوختەی باسەکەمان؛ نامەی ئەو ١٤ کەسە و بە دوای ئەوەشدا چواردە و چواردەکانی دیکە دەتوانێ ببێتە ناوەندی کۆکردنەوەی بیرە جیاوازەکان و لە ئاکامدا پشتبەستن بە خەڵک بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی و گرینگتر لە گشتی شکاندنی تاپۆ و هێما پیرۆزەکان و هێڵە سوورەکان و؛ لە یەک ڕستەدا ببێتە ئاڵترناتیڤێکی گونجاوی کاتی بۆ داهاتووی ئێران.

# هەرەسی مەدەنی



ڕزگار ئەمین‌نژاد



کاتێ هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەهەمبەر ڕێژیمی ئێران ڕژدتر دەبێ و بازنەی گەمارۆ ئابوورییەکان تەنگتر دەبن، پرسی «گۆڕینی ڕێژیم»یش زیاتر دێتە سەر زاران. هەڵبەت وڵاتانی ڕۆژئاوا نکۆڵی لەوە دەکەن کە ئامانجیان گۆڕینی ڕێژیم بێ و زیاتر باس لە گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم دەکەن، بەڵام ڕێژیمی ئێران لەو تەنگاوییەدا هەوڵ دەدا پێچەوانەی ئەم ئیدیعایە بسەلمێنێ و سەرنجی ڕای گشتی بۆ لای بەندێکی ئەساسنامەیی دەبا کە دەستێوەردانی دەوڵەتان لە سیاسەتی نێوخۆیی وڵاتان قەدەغە دەکا و هەروەها هەستی ناسیۆنالیزمیی ئێرانیش بەم کارە دەهاروژێنێ. ئەم تاکتیکە بەپێی ڕێساکانی دیپلۆماسی دەتوانێ کارتێکی فشار بێ لە بەرامبەر گوشاری وڵاتانی ڕۆژئاوا، بۆ نموونە سەدام، بەشار ئەسەد، قەزافی و... لە حاند زەختی بایکۆت و گەمارۆ ئابوورییەکان، پەنایان بۆ وەها تاکتیکێک بردوە.

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش ڕاستەوخۆ لەم هەرایە تێوە دەگلێن و پرسی گۆڕینی ڕێژیم بەلایەنەوە زۆر لە جاران ڕژدتر دەبێ و، لە ئاکامدا مەودای سیاسی و فکرییەکانیان زیاتر کەلێنی تێدەکەوێ. بەپێی ئەزموون بینیومانە کە لە وەها دۆخێکدا، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەسەر سێ بەرەدا دابەش دەبن: بەرەی دڵخۆش، بەرەی هەڵوێست و بەرەی بێدەنگی. ئەم ڕەوەندە دەرخەری ڕاستییەکی تاڵە کە؛ فاکتۆری دەرەکی، بەتایبەت دەستێوەردانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، گرینگترین فاکتۆرە بۆ هەر چەشنە گۆڕانێک لە ئێراندا! هەڵبەت بەرەی هەڵوێست کە دژی سیاسەتی گۆڕینی ڕێژیمن، باس لە کۆمەڵگەی مەدەنی وەک پوتانسییەلێکی بەهێز بۆ گۆڕانی دۆخی سیاسی ئێران دەکەن و زیاتر داکۆکی لە مێتۆدی نەرم دەکەن. باسی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی هەڵگری شرۆڤەیەکی تایبەتە کە لەم وتارەدا مەجالی نییە، بەڵام کارایی و پانتای کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران بەڕادەیەک نادیار و ئیدەئالیستیانەیە کە زیاتر وەک کۆمەڵگەیەکی وەهمی دەچێ و ڕوون نییە تا چەند دەتوانێ خاڵی وەرچەرخان بێ لە ئێراندا. لە لایەکی دیکەوە بەرەی هەڵوێست هیچ بەڵگەیەک نادەن بەدەستەوە و دیاریش نییە کە کاریگەریی و پێوەندیی ئەوان بە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە تا چەندە و چۆنە. لە کەس شاراوە نییە کە دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئێران زۆر ناسەقامگیرە و سروشتییە کە پرسی گۆڕینی ڕێژیم لە وەها دۆخێدا زیاتر فۆکووسی لەسەر بێ و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش خوێندنەوەی خۆیان بۆی هەبێ. خوێندنەوەی حیزبی هەرچییەک بێ و هەر چۆنێ بێ، خوێندنەوەیەکی مانیفێستیانەیە کە بەپێی هەڵوێستی حیزب دیاری دەکرێ. بەڵام خوێندنەوەی ئاماری و توێژینەوە مەیدانییەکان عەینیترن و ئێمە ناچارین زیاتر پشت بەوان ببەستین. هەڵبەت لە سیستەمێکی ئەمنییەتی و داخراوی سیاسیدا دەستڕاگەیشتن بە ئامار و دەرەنجامی توێژینەوە مەیدانییەکان زۆر زەحمەتە، بەڵام لە کێشەی باڵە ناکۆکەکانی ڕێژیمدا جاروبار لیفە لەسەر هەتیوان لادەدرێ و بەشێک لەو بەڵگانە لە میدیاکاندا ڕووماڵ دەکرێن و، بەپێی ئەو ئامارانە ئێمە پتر دڵنیا دەبینەوە کە قەیرانی ئێران لە ئێستادا پرسی گۆڕین یا نەگۆڕینی ڕێژیم نییە، بەڵکوو «هەرەسی مەدەنییە»(١).

گەڕان بەدوای تێگەیشتن لە هۆکارەکانی هەرەس، بەشێکی گرنگە لە مێژووناسیدا. کاتێ بۆ نموونە سەیری سنووری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی ڕۆم(٢) دەکەین، دەبینین بەشێکی گەورەی جیهانی لەخۆ گرتوە، بەڵام لە قۆناغێکدا ئەو دەسەڵاتە مەزنە وەها دەپووکێتەوە کە دواتر لە هیچ شوێنێکی نەخشەی جیهاندا نایدۆزینەوە. بە دڵنیاییەوە هیچ توێژەرێکی ژێر پێی وانییە دەسەڵاتیش وەک دیاردە سروشتییەکان ماوەی بەسەر دەچێ و لە ئەنجامدا تووشی نەمان دێ، چوونکە دەسەڵات هەر فۆرم نییە بەڵکوو سیستەمیشە و گشت سیستەمەکان لە توانایاندا هەیە بە پێی دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری بەرۆژ ببنەوە و لە پارادایمێکەوە بەرەو پارادایمێکی نوێ بچن بەبێ ئەوەی سیستەم تووشی هەرەس بێت. کۆڵەکەی سیستەم بە ڕادەیەک پتەوە کە تەنانەت گۆڕینی ڕێژیمەکانیش نابێتە هۆی هەرەسهێنانی، بەڵکوو ڕێژیمی نوێ لەسەر هەمان سیستەم دادەمەزرێتەوە کە ڕژیمی پێشووتری لەسەر دامەزراوە. بۆ نموونە ئینقلابی ئێران گۆڕانێکی ئەوتۆی لە سیستەمدا پێک نەهێنا بەڵکوو گۆڕان بەسەر فۆرمی دەسەڵاتدا هات.

کۆی ئەو پارامێترانەی کە توێژەران لەمەڕ هەرەسی شارستانییەت و ئیمپراتۆرییەکان دیارییان کردوە زۆرن، لە هێندێ نموونەدا ئەو پارامێترانە ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە و لە هێندێ نموونەی دیکەدا ڕۆڵی لاوازیان هەیە. پرۆفیسۆر جەرید دایمۆند لە کتێبی «هەرەس» (٣) ، باس لە ڕکوودی ئابووری، نەخۆشی، شەڕی درێژماوە، ڕووداوی ژینگەیی (لافاو، ئاگرکەوتنەوە و وشکەساڵی)، ئۆلیگاریشی، ناکارامەیی ڕێبەر، ناکۆکییە نێوخۆییەکان، گەندەڵی، عەداڵەت و نایەکسانی دەکا کە لە هەرەسهێنانی زۆربەی شارستانییەتەکاندا ڕۆڵیان هەبووە. ئەمانەی کە باس کران هۆکاری هەرەس نین بەڵکە ئیندێکسەکانی هەرەس بوون کە دەکرێ لە جیهانی مۆدێرنیشدا هەبن و دەسەڵاتە سیاسییەکانیش تووشی قەیران بکەن. بەڵام هۆکاری هەرەس بە بۆچوونی دایمۆند، چۆنایەتیی مامڵەکردنی دەسەڵات و کۆمەڵگەیە لەگەڵ ئیندێکسەکانی هەرەسدا. یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکان لەم کتێبەدا ئەوەیە کە هەم لای دەسەڵات و هەم لە کۆمەڵگەدا «ئیرادەیەک» نامێنێ بۆ چارەسەری و لە ئاکامدا سیستەم بەسەر هەموویاندا دەڕووخێ. مەبەستی دایمۆند لە نەبوونی ئیرادەی چارەسەری هەر ناکارامەیی نییە، بەڵکوو چاو قونجاندنە. دەسەڵات وەها چاوپۆشی لە ئیندێکسەکانی هەرەس دەکا کە تەنانەت زۆرجار هەست دەکەین بۆی گرنگ نییە کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر بچێ. هەڵبەت نکۆڵی کردن بەو مانایە نییە کە قەیرانەکان نەبینێ و بۆی گرنگ نەبێ، بەڵکوو بێمتمانەیی وەها سیستەماتیک دەبێ و ئایدیالۆژی دەسەڵات وەها بروکراتیزە دەکرێ کە مەجالی کردەوەی سیاسی لە کۆمەڵگەدا نامێنێ. لە وەها دۆخێکدا دەسەڵات بەرەو ئۆلیگاریشی دەچێ و ڕۆڵی کۆدەنگی و بەشداربوون لەبەر چاو ناگرێ. کۆمەڵگەش لە سیستەمێکی داخراوی سیاسیدا ئیرادەی چاکسازی نامێنێ و هەمیشە چاوێکی لە دەسەڵاتە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان. کاتێ دەسەڵات چاوی لەحاند ئیندێکسەکانی هەرەسدا قوونجاند، چاو قوونجاندنی هاووڵاتیانیش ئاسایی دەبێ.

بەپێی ئەو ئیندێکسانەی ئاماژەیان پێکرا و بە بەراوەرد لەگەڵ ئەو ئامارانەی لە ناوەندەکانی ئاماری ئێران کەوتوونە بەر دەست، ئێران لە دۆخی هەرەسی مەدەنیدایە و تەنیا کۆڵەکەی نیزامی ڕایگرتوە. وەک باس کرا بۆ هەرەسی مەدەنی دەبێ ئیندێکسەکانی هەرەس و هۆکارەکانی هەرەس لەئارادا بن. سەبارەت بە ئیندێکسەکانی هەرەس، ئامارەکان زۆر بە ڕاشکاوی باس لە قەیرانی ژینگە، گەندەڵی، هەژاری، ئۆلیگاریشی، مودیریەتی ناکارامە، تێچووەکانی شەری درێژماوەی ڕێژیم لەگەڵ جیهان، بێکاری، نایەکسانی، عەداڵەت و... لە ئێراندا دەکەن. لەمەڕ هۆکاری هەرەسیش تەنانەت ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی ڕێژیمیش گلەیی لە بێئیرادەیی حکوومەت بۆ چارەسەریی ئەو ئیندێکسانە دەکەن و پێیان وایە حکوومەت چاوی بەسەر گشتیاندا قوونجاندوە. سەبارەت بە فاکتۆری کۆمەڵگە وەک هۆکاری هەرەس، توێژینەوە و ڕیپۆرتاژەکان باس لە لاوازبوونی هومێدی کۆمەڵایەتی، پەرەسەندنی توندوتیژی، دابەزینی متمانەی نیشتمانی و هەڵکشانی ڕێژەی خەمۆکی دەکەن کە دەتوانێ ئێران بەرەو سوونامییەکی مەدەنی پاڵ پێوەنێت. ئەم دۆخە وەها عەینی و واقعییە کە نوخبە و خەڵکانی دەستڕۆیشتوو چی دیکە وڵاتەکەیان بە شوێنێکی گونجاو نازانن بۆ ژیان و لە ئاکامدا بیرۆکەی هەڵاتن بۆ هەندەران ڕووی لە زیاد بوونە.

بۆ ئەوەی باشتر لە ڕەهەندەکانی سوونامی مەدنی تێبگەین پێویست دەکا سەرنجێکی زیاتر بە سێندرۆمێکی هەمەگیر بدەین کە لەم وتارەدا وەک «خۆخۆریی مەدەنی» پێناسەی دەکەم. مەبەست لە خۆخۆریی مەدەنی ئاراستەیەکی گەندەڵییە کە ڕووی لە خۆیەتی. کاتێ کاربەدەستانی حکوومی، لە ڕێگای ڕانتی حکوومیی و بە بەرچاوی هاوڵاتیانەوە خەریکی هەڵووشینی سەرمایەی وڵاتن و ڕۆژ نییە ماڕاتۆنی ئیختلاس و دزی ڕکۆردی تازەی میلیاردی نەشکێنێ، هاووڵاتیان لە بازنەیەکی بەرتەسکتر دا و لە ڕێگای ئیحتەکار و دەنگۆی ئابوورییەوە، کۆنترۆڵی بازار بەدەستەوە دەگرن و خەریکی هەڵووشینی دەسمایەی یەکترین. بەڵام سێندرۆمی خۆخۆری بەپێی ئامارەکان هەر لەنێو توێژی کاسبکاراندا نییە بەڵکوو پەرەی سەندوە و گەیشتۆتە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە کە بۆتە هۆی لەبارچوونی هومێدی کۆمەڵایەتی. لە هەڵوێست و شرۆڤەی بەشێکی بەرچاو لە نوخبە، چالاکانی سیاسی و مەدەنی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا، وەها سێندرۆمی خۆخۆری بەرۆتین کراوە کە زۆر بەزەحمەت دەتوانین سنووری نێوان ئۆپۆزیسیۆن و پۆزیسیۆن بدۆزینەوە. ئەم توێژە گلەیی ئەوەیان لەسەرە کە بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی کەسی و ئینتمای حیزبی خەریکی ململانێیەکی نامەشرووعن کە لە درێژماوەدا بە قازانجی مانەوەی ڕێژیمە. هەڵمەتی ماس-دیسکۆرسی ئەم توێژە لە شەقامی گشتیدا، نەک هەر خزمەتی بە سامانی ڕۆشنبیریی نەکردوە بەڵکوو دەرکەوتەکەی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی «زانیاریی ناتەبا»(٤) و لە ئەنجامدا بەرچاوگەیەکی گەش بۆ کۆمەڵگە نەماوە و بەم کارە خەڵکی ئێرانیان تووشی فۆبیای ئایندە کردوە. ئەو شتەی کە ئەمرۆ خەڵک لێی دەترسن و وەک هەڕەشە سەیری دەکەن ئیندێکسەکانی هەرەس نین بەڵکوو ئەو داهاتووەیە کە نوخبەی ئێرانی بۆی وێنا کردوە (سێبەری شەڕ، چارەنووسی سووریە، هەڵوەشانەوەی ئێران و هتد). کاتێ زانیاریی ناتەبا باڵ بەسەر ویژدانی کۆمەڵایەتی و ئاگایی واقعیدا دەگرێ، سروشتییە کە دڕدۆنگی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پەرە بستێنێ.

دیاردەی دڕدۆنگی ڕیتمی هەرەسی مەدەنی لە کۆمەڵگەدا خێراتر دەکا. ئامارەکان بە شێوەیەکی سەرسامهێنەر باس لە دڕدۆنگیی کۆمەڵگە لە حاند گشت فاکتۆرەکانی گۆڕان دەکەن. مەبەست لە فاکتۆرەکانی گۆڕان؛ فاکتۆڕی دەروونی و فاکتۆڕی دەرەکین. لەهەمبەر فاکتۆڕی دەروونی؛ خەڵکی ئێران بە گومانەوە سەیری جووڵە ڕیفۆرمیستییەکان دەکەن، چونکە تا دێ مەودای زیاتر لەگەڵ داخوازییە واقعییەکانی کۆمەڵگە دەگرن. لە لایەکی دیکەوە کاتێ بزاڤە ئێعترازییەکان ڕادیکاڵتر دەبن هەجمەی ڕشاندنی زانیاریی ناتەبا لە ڕاگەیاندنەکاندا بە دژی بەرنامەی گۆڕینی ڕێژیم دەست پێدەکا و بە چاوی گومانەوە سەیری ئیمکانی ڕێکخستن و ڕاپەڕینی خەڵک دەکرێ. کە باس لە فاکتۆڕی دەرەکی دەکرێ، دەبێ دوو ڕەهەند لەبەر چاو بگرین: یەکەم؛ سیاسەتی «تێڵا و گێزەر»ی وڵاتانی ڕۆژئاوایە کە خەڵک زیاتر تووشی دڕدۆنگی دەکەن. دووهەم؛ چالاکانی سیاسی دەرەوەی وڵاتن کە لە ئەمرۆی ئێراندا نەک دەرفەت نین بەڵکوو گرفتن. یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا ئەوەیە کە هێشتا نەیانتوانیوە لەسەر ئەولەوییەتەکان ڕێک بکەون. هەڵبەت پێکهاتن لەسەر ئەولەوییەتەکان پێویستیی بە دیالۆگێکی دیمۆکراتیک هەیە کە بەداخەوە لە ڕەفتاری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا بەدی ناکرێ. ئەجندای ئۆپۆزیسیۆن کەمتر پراگماتیک و وەک نەریتێکی هەمیشەیی ئایدیالۆژیکە. حەساسییەت و هەڵوێستی سیاسی بەشێکی زۆر لە لایەنە سیاسییەکانی ئێران لەمەڕ دیاردەی ترامپیزم، کەپرێکی ئاسودەی بۆ ڕێژیم هەڵداوە کە بە دوور لە هەجمەی ڕۆشنگەری پشوو بدا، لە کاتێکدا گشت فاکتەکان ئەوە دەردەخەن کە مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە خۆیدا هەرەسی مەدەنییە. کاتێ پرسی گۆڕین یاخۆ نەگۆڕینی ڕێژیم دەبێتە کێشەی سەرەکیی نێوان ئۆپۆزیسیۆن، لە ڕاستیدا ماناکەی ئەوەیە کە ئیرادەیەک لە ئارادا نەماوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری و کۆمەڵگە ناچارە لە حاند ئۆپۆزیسیۆنیشدا چاو بقونجێنێ، پشت لە داهاتوو بکا و ڕوو لە ڕابردوو بژی، لە شەقامەکانی قووم، تاران و شیرازدا چاو بۆ تراویلکەیەکی نوستالۆژیک بگێڕێ و هاواری مردووان بکا (ڕەزاشای پەهلەوی).

***

**بننووسەکان:**

١) Civil Collapse

٢) ٢٧ ساڵ پێش زایین هەتا ١٤٥٣ی دوای زایین

٣) Diamond Jared (٢٠٠٥), «Kollaps, Hvordan samfunn g□r under eller overlever», Norsk utgave, Spartacus forlag AS, ٢٠١٣.

٤) Cognitive dissonance

زانیاری ناتەبا تیۆرییەکی ساکۆلۆژییە و بۆ پێناسەکردنی نموونەیەکی سترێس دەکار دەکرێ کە پێوەندی بە فرەزانیاریی دژ بەیەک هەیە. کاتێ مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە ناکامییەکانی ژیان تووشی چەند زانیاری و پێشمەرجی جیاواز و دژ بە یەک دەبێ، ناهێمنی و ناهومێدی دایدەگرێ و لە ئاکامدا نازانێ چۆن لەگەڵ واقعەعیەتە عەینییەکانی ناکامیی بەرەوڕوو بێتەوە، دردوونگی و شەرم دوو نموونەن بۆ کارتێکەری زانیاری ناتەبا لەسەر تاک و کۆمەڵ.

# «خەڵک» و «ماف»ەکانیان
# لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا



ئاکام ڕەسووڵی



بارأی قاطع در سراسر کشور
ایران صاحب قانون اساسی اسلامی شد
به علت اخلال، انتخابات در چند شهر کردستان و سیستان وبلوچستان تجدید میشود.
کیهان
۱۲ صفحه
لحظه‌ای باشکوه و تاریخی...
رأی شورای امنیت امشب صادر می شود
تا پایان سال جاری
۱۰۰ هزار کارمند غیررسمی رسمی می شوند
صدور حواله ارزی از پس فردا شروع میشود
هاشمی رفسنجانی: نتایج همه پرسی تا آخر هفته اعلام میشود
در برخورد با ماموران انتظامی:
۱۰ تظاهر کننده در عراق کشته شدند
نامه عزالدین حسینی به هیات حسن نیت
واگذاری ۳۰ میلیون هکتار زمین کشاورزی به مردم آغاز شد
بنا به تصمیم شورای انقلاب
رئیس کل بانک مرکزی مأمور حذف بهره شد
اسکناسهای جدید به بازار آمد
یک خانم ایرانی میخواست ۵۵ میلیون تومان پول نقد به خارج ببرد

مافی خەڵک باسێکی بنچینەییە لە پێکهاتە سیاسییەکاندا کە لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتاندا ڕەنگ دەداتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام و ئایینزای شیعە بنیاد نراوە و قانوونی ئەساسیی ئەم وڵاتەش لە چوارچێوەی ئەو بنەمایەدا نووسراوەتەوە، بەڵام پێکهاتەی ئەم وڵاتە فرەئایینە و شیعەی دوازدە ئیمامی زۆرینەی خەڵکی وڵات نین و بەوەش دەردەکەوێ کە مافی پێکهاتەکانی دیکەی ئەم وڵاتە دەبێ چۆن بێ. لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا بەڕواڵەت هەموو ڕەوایییەتەکان بۆ خەڵک دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم خەڵکە و مافەکانیان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ونن، وە لە زۆربەی بڕگەکانی ئەم یاسایە ناکۆکی و ناتەبایی قووڵیان هەیە لەگەڵ ماف و بەرژەوەندییەکانی خەڵک.

لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا زۆر کەم باس لە مافەکانی خەڵک کراوە و ئەوەندەش کە تیشکی خراوەتە سەر ئەسپاردەی یاسا ئیسلامییەکان کراوە. کۆماری ئیسلامی مافی ئینسانی و کۆمەڵایەتیی خەڵک بەپێی خوێندنەوەی دەسەڵات لە ئایین پێناسە دەکا کە ناتەبایی زۆری لەگەڵ مافی خەڵک بەپێی پرەنسیپە گشتگیر و جیهانییەکان هەیە.

ئەمڕۆکە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە یەکێک لە چەند وڵاتی سەرەکیی پێشێلکەری مافی مرۆڤ دەناسرێ لە دنیادا، کە بەشێک لە هۆکارەکەی ناتەبایی قانوونی بنەڕەتیی وڵاتە لەگەڵ مافی خەڵک. ئەم نووسینە دەیەوێ چەند خاڵێک لەو پێوەندییەدا دەستنیشان بکا:

### ئەسڵی نۆزدەیەم_ یەکسانیی نەتەوەکان (قەومی)

(خەڵکی ئێران لە هەر تیرە و هۆزێک بن مافی وەک یەکیان هەیە و ڕەنگ و زمان و ڕەچەڵەکیان نابێتە هۆی ئیمتیازی زیاتر.)

جارێ پێش هەموو شتێک بێبەشکردنی خەڵکی غەیرەفارس لە خوێندن بە زمانی دایکیان لە پرۆسەی فێربوون و پەروەردەدا نموونەی هەرە دیاری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوەی لە قانوونی بنەڕەتیدا هاتوە زۆر جیاوازە لەو واقعەی بەسەر خەڵکی غەیرەفارسدا سەپاوە کە پتر لە نیوەی دانیشتووانی ئەم وڵاتەن.

ئەم بێبەشییە لە کوردستان زیاتر و سیستماتیکە و تەنانەت قسەکردنی مامۆستایان بە زمانی کوردی لە زۆرێک لە قوتابخانەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەدەغەیە! بێکاری سەروو سەدا ٥٠، پەرەنەسەندنی مرۆیی، پاشکەوتوویی ئابووری و پیشەسازی و ئاستی زۆر نزمی خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان لە کوردستان پێمان دەڵێن لە ئێراندا پێچەوانەی مافی بنەڕەتی، بەڵام مافی کورد و فارسێک یەکسان و وەکیەک نییە.

### ئەسڵی بیست و بیست و یەک_ یەکسانیی ژن و پیاو

لەم دوو ئەسڵەدا باس لەوە کراوە کە ژن و پیاو وەک یەک لەلایەن قانوونەوە پشتیان دەگیرێ و هەموو مافێکی مرۆیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییان هەیە. هەروەها دەوڵەت ئەرکدار بەوە کراوە هەموو مافەکانی ژنان دابین بکا، هەڵبەت هەموو ئەوانە بە ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنەکانی ئیسلام!

ڕوون و ئاشکرایە کە ژنان لە قوربانیانی سەرەکیی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێرانن. قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی هەموویان خەسڵەت و ڕەگەزی پیاوسالارییان هەیە و لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە باشترین شوێن بۆ ژنان چێشتخانەی ماڵەکانە. سەرەڕای ئەوەش کە ژنان لە ئێران هەوڵیان داوە بە خوێندن و هاوبەشیی سیاسی و جموجۆڵە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ مافەکانیان تێبکۆشن، بەڵام لە هەموو مەیدانەکاندا ڕێگرییان لێکراوە. ژنان لە بوارەکانی تەڵاق، کار، میرات، سەرپەرستیی منداڵ، لەباربردنی منداڵ و ... هەر بە قانوون مافەکانیان زەوت کراوە. ژنان خۆیان دەڵێن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دژەژنترین نیزامی سیاسییە لە دنیادا.

### ئەسڵی بیست و سێهەم_ مافی بیروڕا

(پشکنینی بیروبۆچوونی خەڵک قەدەغەیە و نابێ کەس لۆمە بکرێ و بگیرێ لەسەر ئەوەی بیروبۆچوونی تایبەت بە خۆی هەیە.)

ڕێزگرتن و بایەخمەندبوونی بیروباوەڕەکانی خەڵک لە حاڵێدا لەو بڕگەیەی قانوونی بنەڕەتیدا ڕەنگی داوەتەوە کە خەڵکی کوردستان بەهۆی سوونني بوون (زۆرینەیان) و بۆچوونی سیاسیی جیاوازیان لەگەڵ دەسەڵات (لە پێوەندی لەگەڵ شوناسخوازییاندا) سیستماتیک سەرکوت دەکرێن و زیندانەکانی وڵاتیان لێ قەڵاپرچن دەکرێ. جاوید ڕەحمان، ڕیپۆرتێری شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تازەتری ڕاپۆرتی خۆیدا ڕایگەیاندوە کە نیوەی زیندانیانی سیاسیی ئێران کە لەسەر بیروباوەڕی جیاوازیانەوە بەند کراون، کوردن.

پێشێلکردنی مافی سووننیەکانی ئێران و پەراوێزخرانیان و، هەروەها حاشا لە بەهاییەکان و سەرکوتی کوردانی یارسان چەند نموونە و بەڵگەیەکی دیکەن بۆ نیشاندانی ناتەبایی ئەم بڕگەیەی مافی بنەڕەتیی ئێران لەگەڵ ئەم واقعەی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر خەڵکی ئێرانیدا سەپاندوە. لە کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک ڕێز لە بیروباوەڕی جیاواز ناگیرێ، بەڵکوو هەر چەشنە بۆچوونێکی جیاواز بە «هەوڵدان دژی ئەمنییەتی وڵات»، «بانگەشە دژی کۆماری ئیسلامی» و «تێکدانی نەزمی گشتی» مانا دەکرێ و سزای قورسی «محارب» لە چاوەڕوانیی ئەم کەسانەدایە کە زۆر جار ئێعدام و کوشتنیشە.

### ئەسڵی بیست و حەوتەم_ مافی پێکهێنانی کۆڕ و کۆبونەوە

(پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان بەبێ هەڵگرتنی چەک و بەو مەرجەی ناتەبایی لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام نەبێ، ڕێگەپێدراوە.)

ڕوون و ئاشکرایە کە پێچەوانەی ئەم بڕگەیە لە یاسای بنەڕەتی ئیزنی خۆپیشاندان و پێکهێنانی کۆبوونەوە بە هیچ کەس و لایەنێک نادرێ بێتوو بزانن لەواندا ڕەخنەیەک لە دەسەڵات دەگیرێ. بۆیە زۆربەی کۆبوونەوە نارەزایەتییەکان بێ گەڕانەوە بۆ ناوەندە پێوەندیدارەکان دەگیرێن و زۆربەی جاریش ئەگەر بابەتەکە هەستیار و سیاسی بێ، ئەوا بە زەبری چەک و سەرکوت بەرەوڕووی خەڵک دەبنەوە.

ڕێگری لە خۆپیشاندان یان سەرکوتی خۆپیشاندان و نارەزایەتیدەربڕینەکان لە کوردستان بەپێی سروشتی خەباتی مافخوازانەی خەڵک لە ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاترە.

### ئەسڵی سییەم _ مافی پەروەردە

(دەوڵەت ئەرکدار دەکرێ بەوە هەموو کەرەستەکانی خوێندنی بێبەرامبەر بۆ هەمووان هەتا کۆتایی قۆناغی دواناوەندی دابین بکا و پێداویستییەکانی خوێندنی باڵا هەتا سنووری خۆبژێوی بێبەرامبەر پەرە پێبدا.)

بەپێی ئەو ئەسڵە لە قانوونی بنەڕەتی دابینکردنی کتێب و کەلوپەلی خوێندن و ئیمکاناتی قوتابخانە و خوێندنگەکان هەمووی لە ئەستۆی دەوڵەتە، بەڵام بە کردەوە ئەسڵەن وانییە و لە ڕاستیدا پەروەردە کەمترین پشکی لە بەشە بودجەی وڵاتدا هەیە.

لە ئێران زۆربەی ئەرکی خوێندن و پرۆسەی پەروەردە لە ئەستۆی بنەماڵەکانیانە و ئەمەش گوشارێکی زۆرە بۆ خەڵکی ناوچە هەژارەکان بۆ نموونە کوردستان. لە کوردستان بەشی نیزیک بە تەواوی خوێندنگەکان نەک لەلایەن دەوڵەت، بەڵکوو بە هیممەتی کەسانی خێرخواز دروست دەکرێن، زۆر قوتابخانەش پێویستییان بە نۆژەنکردنەوە هەیە و زۆر شوێن و ناوچە لە کوردستان ڕێگای هاتوچۆیان ئەستەمە و ئەمە لە بواری خوێندندا کێشەی دروست کردوە. لە کوردستان بە هەزاران پۆل کەمایسیی شوێنی خوێندن هەیە و ئەوەندە خوێندنگەیەش کە هەیە ستاندارد نین و ساڵ نییە کارساتێک تووشی خەڵک نەکەن. بنەماڵەکان بۆ خوێندنی منداڵەکانیان بە زۆرەملێ پارەیان لێوەردەگیرێ و کەم نین ئەو منداڵانەی لەسۆنگەی نەبوونی و نەداریی بنەماڵەکانیان ناچار بە وازهێنان لە خوێندن و قوتابخانە بوون.

### ئەسڵی سی و هەشت_ قەدەغەبوونی ئەشکەنجە

( هەرچەشنە ئەشکەنجەدان بۆ وەرگرتنی زانیاری و داننانی زۆرەملێ قەدەغەیە. ناچارکردنی بە شایەتیدان، داننان و سوێندخواردن ڕێگەی پێنادرێ و ئەم جۆرە شایەتیدان و داننان و سوێندخواردنە بایەخ و ئیعتباریان نییە.)

ئەم قانوونە لەسەر کاغەز و بەڕواڵەت زۆر جوانە، بەڵام بۆ کەسێک کە نەزانێ لە گرتنگە و زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا چ ڕادەبرێ. هەر لە سەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە ئەشکەنجەکرد بۆ داننانی زۆرەملی بە تایبەت لە زیندانییە سیاسییەکان بەشێک بووە لە نیزامی دادی! ئەم ڕێژیمە. دادگاکانی شۆڕش کە لەواندا قازی و دادئەستێن و ئەشکەنجەکەر یەک کەس و لایەنن، بە میلیون کەسی داوەتە بەر قامچی و بە دەیان هەزار کەسی لەسەر داننانی زۆرەملێ بردووەتە پای سێدارە.

لە کوردستان بەپێی خەسڵەتی شۆڕشگێریی خەڵک و بزووتنەوە مافخوازییەکەی ئەم دیاردەیە بەرچاوترە. ژمارەی گرتنەکان، کوژرانی بەندییە سیاسییەکان لەژێر ئەشکەنجەدا، چەند و چۆنیی دادگاییەکان و سەپاندنی سزای درێژخایەن لەسەر بنەمای داننانی زۆرەملێی بەندییە سیاسییەکان لە هەموو شوێن و ناوچەکانی ئێران زیاترە.

لە کۆتاییدا ئەگەر پێناسەی ئێمە بۆ مافەکانی کورد هەر ئەو پێناسەیە بێ کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوون و ٧٠ ساڵ لە تەمەنیشی ڕادەبرێ، بەداخەوە زۆر لەو مافانە لە سۆنگەی قانوونی بنەڕەتیی ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ کورد وەدی نەهاتوون. لە حاشاکردن لە هەرچەشنە مافێکی سیاسی و نەتەوەیی، لە ژمارەی زۆری ئیعدام، شاڵاوی گرتن و بەندکردنی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری، لە سەرکوتی توندوتیژانەی بزاوتە مەدەنییەکان، لە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایکی لە پەروەردە و بارهێناندا، لە بەشدارنەکردنی کورد لە ئیدارە و بەڕێوەبەریی ناوچەکانی خۆیان، لە لەپەراوێزخستن و لەپەراوێزدا ڕاگرتنی کوردستان لە ڕەوتی گەشە و ئاوەدانیدا، لە بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان و لە زۆر ڕەهەندی دی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.

بە گشتی ئەگەر ڕێژیم خۆی لە خۆیدا نادێموکراتیک، سەرکوتگەر و دیکتاتۆرە، بەڵام کوردستان لە هەموو بوارەکانی ئەو زەبروزەنگ و پێشێلکارییانەدا بەداخەوە پشکی شێری بەر دەکەوێ و لە هەموو ناوچەیەکی دیکەی ئێران خەڵکەکەی پتر مافەکانی پێشێل کراوە.

***

## ٢٨ی گەلاوێژ
## یادی ٤٠ ساڵەی فەرمانی جیهادی خومەینی و هێرش بۆ سەر خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**
**هاونیشتمانانی خۆڕاگر و خۆشەویستی کوردستان**

٤٠ ساڵ لەمەوبەر و لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، خومەینی، ڕێبەری تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی پاش ٩ مانگ حوکمڕانی بە دەرکردنی فتوا بەدناوەکەی دژ بە خەڵکی ئازادیخواز و بیر جیاوازی کوردستان، بە کردەوە ڕێگای بۆ قەڵاچۆ کردنی خەڵکی بێتاوانی کوردستان و ئازادیخوازان بەشێوەی جۆراوجۆری وەک دادگای سەحرایی خەڵخاڵی و بڕیاری ئێعدامی سەرانی ئەحزاب و کوشتاری خەڵکی ئاسایی کوردستان و بە بیانووی بێبنەما و تۆمەت و بوختانی هەڵبەستراو، لەشکرکێشییەکی بەربڵاوی بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان دەست پێکرد.

ڕێژیمێک کە لە تاریکایی مێژوورا هاتبوو و خەونی نیگریسی بۆ کۆمەڵگەی ئێران بۆ بردنی بۆ ناو تاریکخانەی سەدەکانی نێوەڕاست هەبوو، نەیدەتوانی کوردستانێک قبووڵ بکا کە لەو ماوە کورتەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران تا ٢٨ی گەلاوێژ، واتە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک، سەرەڕای کەم ئەزموونی لە ئیدارەی وڵات وحوکمڕانی، کوردستانی بەوپەڕی ئارامی و سەقامگیری ئیدارە دەکرد و لەوماوە کورتەدا و سەرەڕای گەمارۆی ئابووری لە لایەن ناوەندەوە؛ کوردستان ببوو بە نموونەی ناوچەیەکی ئازاد و دیمۆکراتیک و وەک مۆدێلێکی ئالترناتیو بۆ هەموو ئێران چاوی لێ دەکرا. نوێنەرانی شار و دێهاتەکانی بە دەنگی ئازادانەی خەڵک هەڵبژێردرابوون و ئەنجوومەنە سینفیەکان دەوری خۆیان دەگێڕا و دابینکردنی مافی یەکسانی بۆ ژنان لە دەستووری کۆمەڵگەی کوردستان کە ئەزموونی کۆمەڵگەیەکی سێکولاری تێپەر دەکرد ببوو بە چەقلی چاوی حاکمانی کۆماری ئیسلامی. نیگەرانی لە بەهێزتربوونی ئەم ئەزموونە هاندەری سەرەکیی کۆماری ئیسلامی بوو بۆ لەشکرکێشی و هێرش بۆ سەر خەڵک و خاکی کوردستان. لە بیرمان نەچێ کە هەر ئەو جۆرەی چاوەڕوان دەکرا، تەنانەت ئەو هێزانەی بە بیانووی پڕوپووچ وەک خەبات لە دژی ئامریکا و شتی لەو بابەتە چوونە پاڵ کۆماری ئیسلامی و پشتیوانیان لێکرد و لە دژی بزووتنەوەی کوردستان دەستیاندایە دوژمنکاری، دوایی کەوتنە بەر گورزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و قوربانی غەزەبی دەسەڵاتی ئایینی کۆنەپارێز.

بەهەموو ئەوانەشەوە و سەرەڕای توانایی زۆرتری ئیمکانیات و کەرەسەی نیزامی، بەڵام دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین کە ٢٨ی گەلاوێژ لە هەمان کاتدا ڕۆژی بەرەنگاری و ئیرادەی نەتەوەی کورد بوو بۆ خەبات لە دژی سەرەڕۆیی و سەرکوت. هەموو شاخ و دۆڵ و دێهات و شارەکانی کوردستان بوون بە سەنگەری بەرگری و مقاومەت و لەو ڕێگایەدا گەلێک شانازیی مەزن و شکۆدار لە لایەن جەماوەری خەباتکار و هێزی پێشمەرگەوە تۆمار کران.

ئێستا و پاش تێپەربوونی ٤٠ ساڵ بە سەر تەمەنی کۆماری ئیسلامی، ئێران لە بارودۆخێکی ناسەقامگیر دایە و حاکمییەت بە گشتیی کەوتووەتە ژێر گوشاری یەکجار زۆری وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ناوچەیی لە لایەک و خەڵکی مافخوراوی نێوخۆی ئێرانش لە لایەکی تر و تا دێت ئەم گوشارانە زیاتر دەکا. لە لایەک زێدەخوازییە ناوچەییەکانی ئێران و دەست تێوەردانی لە وڵاتانی دراوسێ و جیهان و داڵدەدان و پشتیوانی کردنی تێرۆریزم، کێشەی ئەتۆمی و مووشەکە دوورهاوێژەکانی بوونەتە قەیرانی گەورە و هۆکاری گەمارۆ ئابوورییەکان و، کێشەی دەرەکی و لایەکی تر ناکارامەی سیاسی، سیستمی بەربڵاوی ڕانتخۆری-مافیایی ئابووری، سەرکوتی بیرجیاوازان و کێشەی ناوخۆیی باڵەکانی دەسەڵات و دەیان هۆکاری تری نێوخۆیی ئێرانی گەیاندۆتە ئەم باردۆخەی ئێستا.

نارەزایەتییەکانی ئەم ٢ ساڵەی ڕابردوو دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە تا دێت خەڵکی ئێران لە چاکسازی لە نێو سیستەمی حاکم بێهیواتر دەبن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قورسایی ژیان لە نێو ئەم دامودەزگایە زیاتر دەکەوێتە سەر شانی خەڵک و پتر هەست بە بێ چارەنووسی دەکەن، بەڵام هیوا بە خۆی خەڵک بۆ بەرەنگار بوونەوە لە بەرانبەر حاکمیەت ڕوو لە هەڵکشانە و لە لایەکی کەش بۆ جارێکیتر تا بەرەوپێش دەچین ئاڵقەی دژبەرانی و دوژمنانی دەرەکی ئێران بەربڵاوتر و ئاڵقەی دۆستانی تەنگتر دەبێتەوە.

لە نیهایەتدا هیچ دەسەڵاتێک نییە کە توانیبێتی تا کۆتایی بە گوشار و سەرکوت و ئێعدام درێژە بە ژیانی خۆی بدا و ئەوە هێز و وزە و ئیرادەی جەماوەرە کە چارەنووسی هەر کۆمەڵگایەک دیاری دەکا. بە دڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەر بەم ڕێچکە مێژووییەدا دەڕوا کە هەموو ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەر پێیدا ڕۆیشتوون و سەرکەوتن بۆ ئەو کەسانەیە کە بەبێ هیچ دوودڵییەک بەرانبەر وەها دەسەڵاتێک دەوەستنەوە.

دیارە دوای ٤٠ ساڵ خەڵکی کوردستان هەر بە ورەی سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران بگرە زیاتریش درێژەی بە نافەرمانیی خۆیان بەرانبەر کۆماری ئیسلامی دەدەن. بە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەدرێژایی ئەو ساڵانە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران هاتوە دەیان جار بەبەر چاوی هەموو لایەکەوە خەڵکی کوردستان بەرانبەر ئەو ڕێژیمە وەستاونەوە و نیشانیان داوە کە ئێستاش کوردستان هەر سەنگەری مقاومەتی ئێرانە و خەڵکی کوردستانیش شۆڕشگێرانی پێشڕەوی ئەو ڕێگایەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیش یەکدەنگتر لە هەمیشە و بەرچاوروونتر لە ڕابردوو بەرەو یەکگرتووی زیاتری نێوان کۆمەڵگە و هێزە سیاسییەکان هەنگاو دەنێ پشت بەستوو بە پشتیوانیی بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەڕوانێتە داهاتوویەکی گەشاوە بۆ خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان و ئێران.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩٨ی هەتاوی**

هەگبەی شاخ و شۆڕش

# «ئاگری ٢٥ی گەلاوێژ هەرگیز ناکوژێتەوە»



برایم چووکەڵی

لە هەر بستە ڕێگایەکی ئەم ڕێبازەدا، فیداکاریی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دیار و بەرچاوە و ئاڵای ئەم خەباتە لە ئاکامی ئەو خوێنانەدا سوور بووە کە لەبەر ڕۆڵەکانی حیزب و گەل ڕۆیوە و ئاسۆی سووری ئازادیی نەخشاندوە.

نیزیک بە سێ چارەگە سەدەیە حیزبەکەمان بە هەوراز و نشێوی ڕێگای خەباتدا دێ و ئەوەتا بێوچان بەرەوپێشەوە بە ڕێبازی دروستی خۆیدا دەڕواتە پێش، بەڵام کێ هەیە نەزانێ کە لە ماوەی ئەو ٧٥ ساڵەدا حیزبەکەمان بێپسانەوە درێژەی بە خەبات داوە و، لەو ماوەیەدا بە سەدان و هەزاران گیانبازیی لەخۆی نیشان داوە. تەنانەت ڕێبەرانی هەرە سەرووی لەم ڕێگەیەدا بەخت کردوە و بە خوێنی ئەوان ئاشی شۆڕش و خەباتی گێڕاوە. ئازایەتی و حەماسەخوڵقاندن بۆ ڕێگای ئازادی هێندە زۆرن کە هەر لاپەڕەیەکی مێژووی ئەو سێ چارەگە سەدەیەی حیزب و نەتەوەکەمان جێگای شانازییە بۆ هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز. با لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەدا یادێک لە حەماسەخوڵقێنیی سەرەدەمە سەختەکانی خەبات و تێکۆشانی هێزی گیاڕەنگ بکەینەوە.

پێشتریش لە باسی جادەی سەردەشت_ پیرانشار لە ژمارە ٧٤٦ی کوردستاندا ئاماژەم بەعەمەلیاتێکی هێزی گیاڕەنگ کرد کە وەک دیاریی ٢٥ی گەلاوێژ، لە ڕۆژی ٢١ی گەلاوێژدا کرا. ئەم داستانە هەر لە سەردەشتی سەرسەوز و هەر لەلایەن هێزی «گیاڕەنگ»ی هێمای بەرخۆدان و ئازایەتی، جارێکی دی لەساڵی ١٣٦٩ دا دووپات بوویەوە و جارێکی دیکەش مزگێنیی ئەو سەرکەوتنەیان بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە بەخەڵکی کوردستان دا.

هێزی گیاڕەنگ چەند ڕۆژ پێش لەم ڕێکەوتە بەپێی گەڵاڵەیەکی ڕێکوپێکی داڕێژراو عەمەلیاتێکی گەورەیان بەڕێوە برد کە دەبێ وەک وانەیەک بۆ فێربوون بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوترێتەوە. گەڵاڵەی عەمەلیات، جۆری عەمەلیات، شوێنی عەمەلیات، کاتی عەمەلیات و جێبەجێکردنەکەی بۆ ئەوان سەرکەوتنێکی گەورە و دەسکەوتێکی پڕبایەخ بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم لەباری سیاسی و هەم لەباری نیزامییەوە بوو؛ کە ئەمەش نیشانەی ئەزموون و دیسیپلین لە کاری خەباتگێڕانەدایە.

ڕۆژی ٢١ی گەلاوێژ بەپێی ئەو گەڵاڵەی کە داڕێژرابوو و پێشتر کاری شناساییەکەی بۆ کرابوو؛ دەست بەکار بوون. بە مەبەستی پێکانی ئامانجەکەیان ناوەندی گورهانی یەک، لە تیپی دووی لەشکری ٢٣ی هێزی تایبەتی ڕێژیم دیاری کرا ، کە لە بەرزاییەکانی پشتی ئاوایی «وەردێ» هەڵکەوتبوو و لە هەمان کاتدا پایەگایەکی دیکە کە بۆ پارێزگاری لە گوردان لە بەرزایی «خۆڵەپۆلێ» و پایەگایەکی دیکە کە بەسەر گوندی «کانییەزەردی» دەڕوانی. سەرەتا تێکڕای فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە لە وردەکارییەکانی عەمەلیات ئاگادار کرانەوە و هەرکەس بەپێی ئەرکی خۆی لە کاتژمێری ٦ی پاش نیوەڕۆ دەست بەکار بوون و تا کاتژمێری ٧، هەموو ئەو دەستە و پەل و تیمانەی کە بۆ مەئموورییەت داندرابوون لە شوێنی خۆیان جێگیر بوون و ئامادەی بڕیاری فەرماندەرانیان مانەوە. لەکاتی دیاریکراودا بە ڕەمزی «ئاگری ٢٥ی گەلاوێژ هەرگیز ناکوژێتەوە» یەکەم تەقەی تفەنگ لە لوولەی چەکی پێشمەرگە هاتەدەر و ڕێگرەکانی سەر ڕێگای گورهانیان نەهێشت. دواتریش بەبێ ڕاوەستان پەلاماری ناوەندی گورهانیان دا. قارەمانانی دێموکرات لەو ڕۆژەدا بە جۆرێک ئاوریان بەسەر دوژمندا باراند کە مەجالی سەرهەڵێنانیان لە دوژمن بڕی، لەبەر ئەوەی تیمی هێرشبەر بتوانێ لە ناوەندی گورهان نیزیک بێتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە دوژمن ناوەندی گورهانی بە تێلدڕوو، سەنگەری قایم، خاکڕیزی بەرز، مینڕێژ کردن، سەنگەری تاک و بەکۆمەڵ و هەروەها چەندین لەمپەری دیکە پاراستبوو. بەڵام ئەم کۆسپانە هیچیان نەیانتوانی پێش بە هێزی پێشمەرگە بگرن. ئاگری توندی چەکی فیداکارانی ئەو مەڵبەندە وەک بارانی مەرگ بەسەر هێزی دوژمندا دەباری و، ئەمە بووە هۆی ئەوەی سەنگەرەکانی یەکەمی گورهان بەزوویی دەستیان بەسەردا بگیرێ. بە گرتنی سەنگەرەکانی یەکەم ئەوەندەی دیکە هێزی داگیرکەر ورەیان دابەزی و توانای دەست کردنەوەیان لێ بڕا، بەڵام گرتنی سەنگەرەکانی خوێنباییەکەی شەهیدبوونی ڕۆڵەی ئازا و بەوەفای هێزی گیاڕەنگ «عەلی باساوێ» بوو. هەر بۆیەش تێکۆشەرانی دێموکرات کاتێک لە گەرمای شەڕدا هەواڵی شەهید بوونی عەلی باساوێیان بیست بڕیاریان دا، هەتا گرتنی یەکجاری پایەگاکە و سڕینەوەی لە جینایەتکارانی ڕێژیم دەست هەڵنەگرن. بەم جۆرە لەماوەی یەک سەعات حەماسە خوڵقاندن، شانازییەکی گەورەی دیکەیان لە لاپەڕەکانی پڕ لە فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات تۆمار کرد هەموو هێزەکانی ڕێژیم لەو پایەگایە کوژران کە زیاتر لە ٣٠ کەس بوون. هەروەها تەواوی چەک و چۆڵی ئەم گورهانە وەک دەسکەوت بۆ شۆڕشگێڕانی دێموکرات بەجێ ما.

بەشێکی دیکە لە پێشمەرگەکانی لەو عەمەلیاتەدا مەئموورییەتیان ئەوە بوو کە نەهێڵن لە پایەگای کانییەزەردەوە بە یارمەتیی ناوەندی گورهانەوە بێن. بۆ پێشگیریی لەم کاردانەوەیە ئەم تیمە لە پێشمەرگەکان بەردەوام تا کۆتایی عەمەلیات پایەگای کانییە زەردیان ئاگرباران کرد و هەروەها، دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکان بە ئاگری چەکەکانیان پایەگای خۆڵەپۆلێیان دایە بەر ڕەهێڵەی فیشەکەکانیان و هەموو جموجۆڵێکیان لە هێزی دوژمن بڕی. هەر بەپێی گەڵاڵەی فەرماندەکانیان دەستەیەکی دیکەش لە پێشمەرگەکان بۆ لەداو خستنی یارمەتیدەرانی دوژمن دیاری کرابوون، کە دوژمن بەپێی عادەتی خۆی غیرەتی ناردنی هێزی یارمەتیدەری بۆ هێزە لەداوکەوتووەکانی نەبوو.

لەم عەمەلیاتەدا دووشت جێگای سەرنجی تایبەتی بوون.

یەکەم؛ ناوەندی گورهانی یەک، لە تیپی دووی لەشکری ٢٣ی هێزی تایبەتی ڕێژیم، کە خەڵکێکی زۆری ئەو ناوچەیەیان ئازار دابوو؛ بە تێکڕایی بە سزای ڕەفتاری دوژمنکارانەیان گەیشتن و ئەمە دەرسی عیبرەتێک بوو بۆ هێزەکانی دیکە کە ئەم جۆرە ڕەفتارەیان نەبێ.

دووهەم؛ ئەوەی گرینگە لە ڕۆژێکی وادا، واتە ٢٥ی گەلاوێژ کە بناغەی حیزب لەو ڕۆژەدا دامەزراوە، ڕێبوارانی وەفادار بە ئامانجە پیرۆزەکانی ئەم ڕۆژە، نیشانیان دا لەسەر ڕێبازی خوازیارانی ڕزگاریی کوردستان و لەسەر بەڵێنی خۆیان سوور و شێلگیرن و هەتا وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکان دەست لە خەباتیان هەڵناگرن.

«نقاشی قهوەخانە»

# سەفەری هامبورگ و دڕدۆنگیی یۆسف ئەمین



عومەر باڵەکی



کازم دارابی لەبارەی سەفەرەکەی بۆ هامبورگ دەڵێ: «چوار ڕۆژ پێش لە ڕووداوی تێرۆری میکۆنووس لە هامبورگ بووین و ڕۆژانە یا لە جەلەسەی یەکیەتیی ئەنجومەنی ئیسلامی بەشدار بووین یا سەردانی پێشانگای فەڕش و پیشەسازیمان دەکرد و شەوانە بۆ حەسانەوە دەچووینەوە بۆ ماڵی سەقەفی لە ئۆڵدنبۆرگ.» ئەو لە درێژەدا دەڵێ: ڕۆژی ١٧ی سێپتامبر زێنەب کچە نقوستانەکەی ناحاوێتەوە و بە قسەی خۆی زۆر نائارامە، بۆیە لەگەڵ خێزانەکەی وا ساغ دەبنەوە بگەڕێنەوە بۆ بێرلین. لە بێرلین دوای ئەوە کچە نقوستانەکەی تەحویلی دایەنەکەی دەداتەوە و سەردانی شیرکەتەکەی دەکاتەوە و بەردەستەکەی دەنێرێتە بانک بۆ ئەوە پەنجا هەزار مارک لە حیسابی شیرکەت بە نەقدی وەرگرێ و بۆی بێنێتەوە و دوای تەحویل وەرگرتنی پووڵەکە هەر ئەو ڕۆژە بەخێرایی بەرەو هامبورگ دەگەڕێتەوە و لەوێشەوە خۆی دەگەیەنێتەوە شاری ئۆڵدنبۆرگ بۆ ماڵی ئاغای سەقەفی!

پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی «تێرۆر بەناوی خودا»دا لەو بارەوە دەنووسێ: «دارابی لە هەنگاوی دوایی لە مانگی ئووتدا موبایلێکی کڕی، ئەو کڕینە بۆ ڕاییکردنی کاری تیجاری نەبوو بەڵکوو بۆ ئەوە بوو دوای تێرۆرەکە بتوانێ بەبێ ئەوەی شنوود بکرێ لەگەڵ تیمی تێرۆر لە پێوەندیدا بێ. ئەو کارە زۆر پێویست بوو، چونکە دارابی بەرپرسی بەڕێوەبردنی تێرۆرەکە بوو و، دەبوایە بە وەزعی تیمەکە ڕاگەیشتبایە. بەڵام خۆی وا ساغ ببۆوە کە لە کاتی بەڕێوەچوونی تێرۆرەکە لەو شارە نەبێ و بەڵگەی بەدەستەوە بێ و بیسەلمێنێ کە لەو کاتەدا لە بێرلین نەبووە.»

ئەگەر چاو لە هەڵسوکەوت و هاتوچۆی دارابی لەو سەفەرەدا بکەین دەبینین کە ناوبراو لە گێڕانەوەی سەفەرەکە و هۆکارەکانی ئەو سەفەرە جۆرێک تووشی ئاڵۆزی بووە و ئەمەش هێندێک گومان دەخاتە سەری، یەکەم ئەو سەفەرە چەند ڕۆژ پێش ڕوودانی تێرۆری میکۆنووس بووە ،بەڵام ڕاست لە ڕۆژی ١٧ی سێپتامبردا دارابی، نەحەوانەوەی کچەکەی دەکاتە بیانوویەک بۆ گەڕانەوە بۆ بێرلین کە زۆر پێدەچێ لەم سەردانەدا مەبەستی جێبەجێکردنی کارەکانی پێوەندیدار بە تێرۆرەکە بووبێ، بۆ نموونە وەرگرتنی پووڵ لە بانک کە لە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسدا دەردەکەوێ کە «یۆسف ئەمین» پووڵی بۆ دروستکردنی پاسپۆرتی ساختە و هەڵاتن لە ئاڵمان لە دارابی وەرگرتوە. دارابی ژن و منداڵەکەی لە هامبورگ بەجێ دەهێڵێ و دەگەڕێتەوە بۆ بێرلین لە حاڵێکدا هەر ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ هامبورگ و بە قسەی خۆی ڕۆژی ١٩ واتا دوو ڕۆژ دواتر دەگەڕێتەوە بێرلین و ئەو هەموو هاتوچۆیە دەکرێ تەنیا لەبەر ئەوە بووبێ لە کاتی بەڕێوەچوونی تێرۆرەکەدا بەڵگەی بەدەستەوە بێ کە بە ماڵ و منداڵەوە لە سەفەر بووە و هیچ ئاگای لەو ڕووداوە نییە. دەنا بۆچی ئەو مەودا دوورودرێژەی نێوان ئۆڵدنبۆرگ و هامبورگ کە ١٦٩ کیلۆمیترە و مەودای نێوانی هامبورگ و بێرلین ٢٨٨ کیلۆمیترە کە لەسەر یەک بە چوون و گەڕانەوە ٩١٤ کیلۆمیترە، بە ماشێن دەبڕێ؟! ئەویش لە کاتێکدا کە لە یەک ڕۆژدا ئەم هاتوچۆیە دەکا و لە ١٩ی مانگدا بە ژن و منداڵەوە دەگەڕێتەوە بۆ بێرلین.

ئەگەر بەڕاستی دارابی فارس گوتەنی: «ریگی بە کفش نداشت» بۆ هەر ڕۆژی ١٧ی سێپتامبر کە کچە نقوستانەکەی دەبردەوە بۆ بێرلین هەر ئەو ڕۆژە بە ماڵ و منداڵەوە نەدەگەڕانەوە، وەرگرتنی پووڵی نەقدی ئەویش بەو ڕادەیە بۆ کاری بازرگانی لە سیستمی بانکی ئورووپادا لانیکەم شتێکی باو نییە، لێرەشدا بەو ئاکامە دەگەین کە کازم دارابی هەموو ئەو کارانەی بەمەبەستی سڕینەوەی نیشانەکان کردوە.

ناوبراو لە درێژەی ئەو چیرۆکە خەیاڵییەدا دەڵێ: «ڕۆژەکانی ٢٤ و ٢٣ی مانگی سێپتامبر لە گەڵ دوو کەسی دیکە بە مەبەستی وەرگرتنی چەند داواکارییەکی شیرکەت دەچمەوە هامبورگ و چەند شوێنی دیکە لە باکوور و ڕۆژئاوای ئاڵمان. بۆ کارێکی بەپەلە هەر لەو سەفەرەدا ماشێنە بارییەکەم لە هامبورگ بەجێ هێشت و ماشێنێکی (BMW)م بۆ چوار-پێنج سەعات بە کرێ گرت. ئەوەندە بەپەلە بووم کە بە خێراییەکی پتر لە ڕادەی دیاریکراو ماشێنم لێ دەخوڕی و تەنانەت چەند جار ڕێگام لێ ون بوو، بەم بۆنەیەشەوە کە گەیشتمەوە ماڵێ گەڵای جەریمەکەم بۆ هاتەوە.» لێرەدا ڕوونی ناکاتەوە کە بۆچی ئەوەندە بەپەلە بووە و نیگەرانی چ شتێک بووە، هەر بۆیە ڕەنگە ئەو گومانەش دروست بکا کە بە ئەنقەست وای کردبێ و خۆی بە جەریمەبوون دابێ، بۆ ئەوەی دواتر شایەدێک بێ کە لەو کاتەدا لە فلان شوێنی ئاڵمان بووە. لە لاپەڕەی ١١٥ی کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا لە کۆتایی ئەو بابەتەدا دەنوسێ: « کارمان کە تەواو بوو گەڕاینەوە بۆ بێرلین، هەر ئەو کات بلیتی تەیارەم کڕی بە مەبەستی سەفەر بۆ تاران، سێ ڕۆژ دواتر واتە ٢٧ی سێپتامبر لە ڕێگای فڕۆکەخانەی هامبورگەوە گەڕامەوە بۆ ئێران.»

هەر چەند دارابی بیانووی سەفەر بۆ ئێرانی بە قسەی خۆی بۆ ئەوە بوو کە بچێ لە نیزیکەوە ئەو کەلوپەلانەی کە شیرکەتی «ابریشم ساز» بۆی دابین کردوە لە بواری چەندی و چۆنییەوە هەڵسەنگێنێ، بەڵام ئەمە دوورە لە ڕاستی، چونکە هەر بە سەرنج بەو داستانەی کە خودی دارابی لە ماوەی ڕۆژەکانی ١٧ هەتا ٢٧ی سێپتامبر دەیگێڕێتەوە، بۆمان دەردەکەوێ ئەو کابرایە چەند شێواو و نیگەرانە و بەردەوام لە حاڵی سەفەردایە و نازانێ چۆن پاساو بۆ ئەو کارانەی بێنێتەوە، بۆ ئەوە لە دواڕۆژدا بیسەلمێنێ کە ئەو ئاگای لە تێرۆری میکۆنووس نەبووە، بەڵام دەبینین لە دواییدا بەهۆی لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەردەکەوێ کە ناوبراو لە دوای تێرۆریش لە هەوڵی ئەوەدایە سەرەداوەکان لەسەر خۆی و کۆماری ئیسلامی بسڕێتەوە و هەر بەم هۆیەشەوە لە تەواوی ئەو کتێبەدا مەگەر لە زمانی تێرۆریستەکانی دیکە، دەنا دارابی باس لە بێتاوانیی ئەوان ناکا و هەوڵ دەدا وا نیشان بدا ئەوانی هەر نەناسیوە و یان ناسیاویی ئەوان لە چاکوچۆنییەک تێ نەپەڕیوە. دارابی باش دەزانێ کە «یۆسف ئەمین» دانی بە هەموو تاوانەکەدا ناوە و باسی هەموو وردەکارییەکانی کردوە.

### دڕدۆنگیی یۆسف ئەمین

ئەوەی لە نێوەرۆکی کتێبەکەدا لەمەڕ تێرۆری میکۆنووس دەردەکەوێ ئەوەیە کە دارابی و هاودەستانی هەر لە پێشدا ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بوون کە دەوڵەت و پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان گاڵتەی پێ ناکرێ و دەبێ وابکەن هەموو شتێک بەپێی بەرنامە بچێتە پێش، بەڵام لە یەکەم هەنگاودا یۆسف ئەمین دڕدۆنگ و دوودڵە کە کارێکی وا بکا؛ بەڵام تازە پێیان گوتوە و لە ترسی ئاشکرابوونی گەڵاڵەی تێرۆرەکە دەستی لێ هەڵناگرن و هەوڵ دەدەن بەتەواوی تێوەی گلێنن بۆ ئەوە لە ترسی خۆیشی بێ نەتوانی لە هیچ جێگایەک زار بکاتەوە. لە زمانی خودی یۆسف ئەمین کە لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا باسی ئەو مەسەلەیەی کردوە و، لە پەروەندەکەیدا سەبت بووە کە لە چەند جێگا باس لە چاودێریی قایمی ئەو گرووپە دەکا لەسەر خۆی کە نەکا ڕابکا. نووسەری کتێبی نەقاشیی قاوەخانە لە زمانی دارابییەوە لە لاپەڕەی ٢١٣دا بەم جۆرە لە زمانی یۆسف ئەمین ئەو بابەتە دەگێڕێتەوە: «من لەو ماوەیەدا بە چەندین جار بە شەریفم گوت کە دەمهەوێ بگەڕێمەوە بۆ «ڕاینە»، بەتایبەتی کە براکەم لە ڕاینە تەسادوفی کردبوو و لە نەخۆشخانە کەوتبوو. ئەو کات بە تەلەفوون لەگەڵ براکەم قسەم کرد، لێی پرسیم ناگەڕێیەوە. پێم گوت ناهێڵن، ئەوکاتەی کە لەگەڵ شەریف خانووەکەمان بەجێ دەهێشت، بۆم ڕوون نەبوو ئەوان چ ئامانجێکیان هەیە، لەلایەن ئەوانەوە هەستم بە مەترسی دەکرد، یانی غیرەتم نەبوو ڕابکەم، دەترسام بەڵایەکم بە سەربێنن. [...] شەریف بە منی گوت دەبێ لە پێشەوە بڕۆم، شەریف لە پشت سەرم بوو و لە دوای ئەویش عیماد. ئێمە بە ستوون دەڕۆیشتین، وام هەست دەکرد شەریف دەیهەویست پێشی هەڵاتنی من بگرێ.

هەر وەک گوترا ڕازی ئەو تێرۆرە لە ڕاستیدا لە زمانی کەسێکەوە درکێندرا کە لە شارێکی دیکەوە بە نیازی کار پەیدا کردن بە دوای قسەی تێرۆریستەکان کەوتبوو و کاتێک پۆلیس دەستبەسەری دەکا هەر زوو ڕاستییەکان ئاشکرا دەکا و لە تەواوی ئەو کتێبەدا کازمی دارابی بەدەر لە ئۆپۆزیسیون لە یۆسف ئەمین دڵمەندە و ئەو بە خەتاباری سەرەکی دەزانێ.

پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی «تێرۆر بەناوی خودا»دا لەو بارەیەوە دەڵێ: «[...] تەنانەت ئەمین بە پێچەوانەی عەباس ڕایل بە هۆکاری بنەماڵەیی لە سەرەتادا نەیدەویست بەشداری لەو تێرۆرەدا بکا، بەڵام لە کۆتاییدا بەهۆی پاڵپشتیی سیاسی بڕیار دەدا کە هاوکاری بکا.» هەر لەو کتێبەدا نووسەر لە جێگایەکی دیکەشسا باس لە ڕاڕایی ئەمین دەکا: «لە گەڵاڵەی تێرۆرەکەدا شەریف بۆ تیمی تەقەکردن دووکەسی دیاری کرد بوو. یەکێکیان دەبوایە بە چەکی ڕەگبار و ئەوی دیکەشیان بە دەمانچە تەقە لە قوربانییەکان بکەن. دەمانچە بەدەستەکە دەبوایە فیشەکی کۆتایی لە قوربانییەکان بدا و، بۆ ئەو مەبەستە شەریف کە فەرماندەی تیمی تێرۆرەکەیە، یووسف ئەمین دەستنیشان دەکا و شەریف لەگەڵ ئەمین لەو بارەوە قسە دەکا؛ بەڵام ئەمین پێشنیارەکەی شەریف ڕەد دەکاتەوە و ئامادە نابێ دەمانچەکە وەربگرێ و فیشەکی کۆتایی لێ بدا. شەریف زۆر هەوڵ دەدا کە ئەمین ڕازی بکا بەڵام ناتوانێ و ئەمین سوور دەبێ لەسەر بڕیارەکەی خۆی. هەر بەم بۆنەوە ئەمین دەکەوێتە بەر لۆمە و گازندەی ڕایڵ و پێی دەگوترێ ترسەنۆک و خوێڕی بەڵام بەو حاڵەش ئەمین لە گەڵ تیمەکەدا دەمێنێتەوە و لە کاتی بەڕێوەبردنی تێرۆرەکەدا نیگابانیی درگای دەرەوەی ڕێستوورانەکەی لە ئەستۆی.

لەسەر ئەو بابەتە ڕۆئیا حەکاکیان لە کتێبی «پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە» لە لاپەڕەی ٥٨دا بەمجۆرە باس دەکا: «خۆبواردن لە پیاوکوشتن گران بۆ یۆسف تەواو بوو، تیمەکە چیدی متمانەیان بە یووسف نەبوو. ڕەفتاری بێتێبینی و سەربەخۆیانەی ناوبراو کە زیاتر ڕەفتارێکی بێزەرەر بوو، ئێستا لەلای ئەوان نیشانەی لاوازی بوو. ئەوان چاویان لە سەر هەڵنەدەگرت و لە ڕۆژەکانی پێش حەڤدەی سێپتامبردا ئیزنیان دا چەند دەقیقەیەک ئەوان بەتەنیا جێبهێڵێ و تەنیا تەلەفوون بۆ ماڵێ بکا. هاوسەرەکەی داوای لێ کرد بچێتەوە ماڵێ، بەڵام ئەو گوتی: «ناتوانم ئیزنم نادەن.» وەختێک بۆی دەرکەوت ئەوان بە جارێک دژی وی هەڵوێستیان گرتوە کە لە ئاخر نیوەڕۆدا، بە تاقی تەنیا لە ئاپارتمانەکەدا مابۆوە. کاتێک هەموو ئەندامانی تاقمەکە چوونە مەئمووریەت، ویستی خێرا بچێ تەلەفوون بۆ هاوسەرەکەی بکا، بەڵام دەرگا داخرابوو و، نەشیتوانی کلیلەکە بدۆزێتەوە.»

هەرچەند ئەمین لە پرۆسەی دادگادا قسەکانی گۆڕی و هەوڵی دا وا بە دادگا بسەلمێنێ کە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا پێی وابووە ئەگەر دان بە تاوانەکەدا بنێ و باس لە هەندێک کەس بکا هەر زوو ئازادی دەکەن؛ بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە یۆسف ئەمین لەلایەن «حیزبوڵڵای لوبنان»ەوە هەڕەشەی کوشتنی بنەماڵەکەی لێ کراوە و، لەژێر ئەو گوشارەدا هەوڵی دەدا کە قسەکانی پێشووی خۆی وەربگرێتەوە و بە جۆرێکی دیکە باسی تێرۆرەکەی دەکرد. بەڵام دادگا قەبووڵی نەکرد چونکە جێ پەنجەمۆری دەستی چەپی ئەمین لە سەر ئەو کیسە نایلۆنە کە لە نێو ماشێنی هەڵاتنی تێرۆریستەکان لەلایەن پۆلیسەوە، دەبیندرێتەوە بە دیار دەکەوێ. هەر ئەوە دەبێتە هۆکار بۆ دەستبەسەر کردنی لەلایەن پۆلیسەوە و ئەو بەڵگەیە شتێک نەبوو کە ئەمین بتوانێ حاشای لێ بکا و قسەکانی دوایی ئەو جێگای پەسەندی پۆلیسی لێکۆڵینەوەی جینایەت بێ. لەبارەی قسەگۆڕینی ئەمین، پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی «تێرۆر بەناوی خودا»دا دەنووسێ: «[...] دوای دەسپێکردنی دادگا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای دیکەوە دەستوەردان دەکەن. سەرەتا باسیان لەوە دەکرد کە تێرۆری میکۆنووس هیچ پێوەندییەکی بەوانەوە نییە و، پەروەندەی تێرۆرەکەیان بە پیلانی شەیتانی گەورە و بچووک دادەنا. لەگەڵ دەستپێکی دادگا، بنەماڵەی ئەمین بە بارمتە دەگیرێن، هەتا ناوبراو لە قسەکانی خۆی کە کۆماری ئیسلامی لە پشت ئەو تێرۆرە نیشان دەدا پاشگەز بێتەوە. دیارە ئەو بە بارمتە گرتنە و هەڕەشە لێکردنە بوون بە هۆکارێک کە هێندێک لە شاهیدەکان قسەکانی خۆیان وەرگرنەوە.

درێژەی هەیە...

# ئەگەر دەستدرێژی دزێوە، تاوانەکەی بۆ دەستدرێژکەر ئەگەڕێتەوە، نەک بۆ قوربانی



فەریبا ڕەشیدی

**خاتوو مینوو هۆمەیلی، لەدایکبووی شاری سنەیە. یەکێک لەو سەدان ژنە کوردەیە کە لە بەندیخانەکانی سنە، ئیسفەهان و قۆمدا تامی تاڵی ئەشکەنجەی چێشتوە. ئەمە دەقی دیمانەیەکە لەگەڵ خاتوو مینوو هۆمەیلی، چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دانیشتووی کانەدا. خاتوو مینوو هۆمەیلی کە خۆی بە یەکێک لەو کەسانە دەزانێ کە لە ڕووی دەروونی و جنسییەوە ئەشکەنجە کراوە، باوەڕی وایە ئەمە ئەرک و ڕیسالەتی سەرشانییەتی کە دەنگی هەموو ئەو ئازیزانە کە ئەشکەنجە و ئازاریان چێشتوە، یان ئێعدام کراون؛ بە گوێی خەڵکی جیهان بگەیێنێ.**

**ئێوە چۆن بوون گیران، چالاکییەکانی ئێوە چی بوون لەو کاتەدا؟**

چالاکییەکانی ئێمە زیاتر بۆ ئەو دەورانە دەگەڕێتەوە کە هێشتا ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە دەڵەمە بوو. دوای ئەوە من بە دیاریکراوی لە دەرەوەی وڵاتدا توانیم چالاکی دەست پێبکەمەوە. چالاکییەکانی من لەبەر فەزای تایبەتیی کوردستان جدی بوون. دوای شۆڕش تا مانگی گوڵانی ١٣٥٩ شاری سنە لەلایەن شۆڕای هەڵبژێردراوی خەڵکەوە بەڕێوە دەبرا. هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ لەم شارەدا و لە فەزایەکی دێموکراتیکدا ئازادانە چالاکییان هەبوو. شۆڕای شاری سنە لە ڕێگای دەنگی خەڵکەوە هەندێ نوێنەریان هەڵبژارد کە دواتر توانیان ٥٥ شۆڕای ناوچە ڕێک بخەن کە پێیان دەگوترا ‹‹بنکە›› و لەوێدا خەڵکیان پەروەردە دەکرد. بۆ وێنە لەم پەروەردانە دەکرێ ئاماژە بکەین بە پەروەردەی چەکداری، فریاکەوتن، پەروەردەی سیاسی (لە ڕێگای مێزگردی وتەبێژی حیزبەکان و شانەکانی خوێندنەوە) و گەلێک کاری کولتووری وەک شانۆگەری. یەکێک لە چالاکییە دیارەکانی بنکەکان هەوڵدان بوو بۆ تەرکی مەوادی موخەدیر لە شارەکەدا.

شۆرای ناوچەی ئێمە ناوی ‹‹بنکەی قەتارچیان›› بوو. لە بنکەکەدا پەروەردەی چەکداری و فریاکەوتمان دەدیت. هەروەها من کارم ئەوە بوو کە بڵاوکراوەی هێزە سیاسییەکانی شارەکەم کۆ دەکردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی بنکەکەی ئێمە بتوانن بیانخوێننەوە. لە مانگی گوڵانی ١٣٥٩دا ڕێژیم تەحەمولی وەزعەکەی نەکرد و هێرشی کردە سەر شاری سنە. لە ماوەی ٢٤ ڕۆژدا لە ئاسمان و زەوییەوە هێرشیان کردە سەر شارەکە و سەدان کەس کوژران و بریندار بوون. من لەم شەڕەدا زۆر جینایەت و دڕەندەییم بە چاوی خۆم بینی. هەر وەک فیلمەکانی دەورەی شەڕی جیهانی دووەم. شەڕێک لە نێوان خەڵک و هێزە سیاسییەکان لە لایەک و هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم لە لایەکی دیکەوە لە ئارادا بوو. لەو کاتەدا من وەک فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی ‹‹شهدا›› چالاک بووم. برینداەکان بە ڕادەیەک زۆر بوون کە چەندین کاتژمێر لە ڕێڕەوەکە و لەبەردەم ژووری نەشتەرگەریدا چاوەڕێی چارەسەر بوون. من سێتەکانی نەشتەرگەریم دەشۆرد و ئیسترلیزەم دەکردن و شوێن برینەکانم دەشۆرد و وەک پەرەستار لەبەردەست جەڕاحەکاندا کارم دەکرد. کاتێ دەست و لاقە براوەکانم دەبردە ساردخانە، ئەوەندە تەرم هەڵدرابوونەوە کە هەتا نیزیک میچەکە گەیشتبوو. هەندێ جاریش لەگەڵ هاوڕێیەکانمدا بە ئامبوڵانس دەچووینە نێو شار و بریندارەکانمان کۆ دەکردەوە و دەوا و دەرمان و کیسە خوێنەکانمان دەبرد بۆ نەخۆشخانە نهێنییەکانی وەک ‹‹ئاغا زەمان›› و، لە بارەگای پاسدارەکانەوە ‹‹باشگای ئەفسەران›› بە قەناسە تەقەیان لێ ئەکردین و بەداخەوە دەیان کەس لە هاوڕێیانم لە تەنیشت منەوە گیانیان لە دەست دا.

من لە چەندین چالاکیی دیکەشدا بەشداریم کرد. وەک مانگرتنی یەک مانگەی خەڵکی سنە لە بەردەم پارێزگا بۆ وەدەرنانی پاسدارەکان لەنێو شاردا، بەشداری لە کۆبووەنەوەی سێ ڕۆژەی خەڵکی سنە بۆ پێشگیری لە لەشکەرکێشیی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر شاری سنە، بەشداری لە دەستەی تەدارەکاتی «پیشگام» بۆ کۆکردنەوەی دەواودەرمان، خواردەمەنی و خواردن ئامادەکردن بۆ ڕێپێوانی حەوت ڕۆژەی خەڵکی سنە بۆ مەریوان بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە ئێعدامەکانی خەڵخاڵی.

**ئەگەر بە کورتیش بێ باسێک لەو خەم و مەینەتییانە بکەی کە ژنانی بەندیی سیاسی لەو کات و ساتانەدا چێشتیان و ئێستاش لە زیندانەکانی ڕێژیمدا ئەم دۆخە وەک خۆیەتی. چیمان بۆ باس دەکەن؟**

بێگومان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا زیندانیی سیاسی لە هەموو مافەکانی بێبەشە، بەڵام ئەگەر ئەم زیندانییە سیاسییە ژن بێ، چەند قات دەچەوسێتەوە و جەزرەبە دەدەرێ. زیندانیی ژن وەک نێچیرێک چاوی لێدەکرێ و ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێ. لەبیرمە لە بەندیخانەی ئیسفەهان هەرکەس نوێژی نەکردبایە، فەلاقە ئەکرا. ئەمن لە بەندیخانەی ئیسفەهانڕا ئەمنیان دەهێناوە. لە ڕێگای هاتنەوەدا «کدخدا»، دادیاری ئیجرای ئەحکامی سنە کە خۆی بە پاسدارێکی سادە بە من ناساندبوو دەستی بۆ دەبردم و خۆی دەدا بە سەرما. پێشنیاری پێ دەکردم بمباتە میوانخانە یان شوێنێک و لەگەڵی بم. ئەو ئازار و مەینەتییانە کەمتر نەبوون لە دەستدرێژی و بوونە ترس و دڵەخورپەیەک کە هەمیشە لەگەڵم بوون. لە بەندیخانەی قومیشدا پێیان وتین چوون لە خانووە تیمییەکاندا لەگەڵ پیاوان پێکەوە خەوتوون، دەبێ هەمووتان پشکنینتان بۆ بکرێ. لە بیرمە ئێمە حەوت کەس بووین کە لە سنەوە گوازرابووینەوە بۆ قوم و وەک بەرخۆلە ڕیزیان کردبووین تا دوکتورەکە، لەوانەشە پاسدار بووبێ یان هەردووکیان، بمانبینێ. ئێمەش ناچار بووین بەقسەیان بکەین.

لەم جۆرە هەڵسوکەوتە پڕ سووکایەتییانە زۆرم دیوە. بۆ وێنە لە بەندیخانەی ئیسفەهاندا ڕێگەیان پێی نەئەدایین وەرزش بکەین. دەیانوت دەنگی هەناسەتان لە کاتی وەرزش و هەڵاتندا ئەبێتە هۆی وورووژاندنی پیاوە بەندییەکان و زیندانوانەکان. تەنانەت لە کاتی هەواخۆریشدا بۆمان نەبوو وەرزش بکەین. پاسدارەکان لە زیندان سەری قسە و بنی قسەیان قسەی سووک و چرووک و سووکایەتی بوو. بازجووەکەی یەکەمم دەستی لەسەر ئەندامی نێرینەی دادەنا و هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە دێمە سلوولەکەت و دەستدرێژیت دەکەمە سەر. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ژنبوون تاوانێکی گەورەیە، جا چ بگا بەوەی ژن بی و زیندانیی سیاسیش بی.

**لەسەر دەستدرێژی جنسی بۆ سەر کچانی عازەب (باکرە) پێش ئێعدام لە بەندیخانەکاندا هیچتان بیستبوو؟**

بیستبووم کە لە گرتووخانەیەکی شاراوە بەناوی ‹‹خانەی امن›› لە ئیسفەهاندا، کچێکی عازەب بەر لە ئێعدام لە پاسدارێک مارە کرا و ٢٠٠ هەزار تمەن و قورئانێک درا بە بنەماڵەکەی. بەڵگەکانی من تەنیا ئەو شتانەیە کە بیستوومن، بەڵام لێکۆڵینەوەی باش کراوە و هەوڵێکی زۆر لەلایەن خودی بەندییەکانی ئەو کاتەوە دەستی پێکردوە بۆ ڕوونکاریی زیاتر. کتێبی ‹‹جنایت بی عقوبت›› کە شادی ئەمین نووسیویەتی و من لە چەند بەشێکیدا هاوکاریم کردوە، کۆمەڵێ ژنی بەندکراوی دەیەی شەست وەک شایەتحاڵ لەخۆ دەگرێ. پرسی دەستدرێژی بۆ سەر کچانی عازەب لە حوکمێکی ئاغای مونتەزیریەوە وەرگیراوە کە بڕوای وابوو نابێ لە ئیسلامدا کچانی عازەب ئێعدام بکرێن. خودی مونتەزیریش لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا حاشای لێ ناکا. تەنیا دەڵێ کە من ئەم فیتوایەم دەرکرد کە پێش بە ئێعدامەکان بگرم، بەڵام بەداخەوە خراپ بە کاریان هێنا. ئەڵبەت ناکرێ زۆر ئەم پاساوەی مونتەزیری بەجدی وەربگرین. کاتێ ئەم پرسە لە لایەن یەکێک لە بەرزترین ئاستەکانی حکوومەتەوە پێش دەخرێ، یانی کێشەکە زۆر جدی بووە.

**پێتان وایە جۆری ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەشکەنجەی ژنان لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟**

ئەشکەنجەگەرەکان لەژێر کاریگەریی کولتووری توندوتیژی، بێڕەحمی، ترساندن و دەسەڵاتخوازیدان. سیستمی کۆماری ئیسلامی سیستمێکی توندوتیژ و دژە ژنە. هەروەک پێشتر باسم کرد، بەندیوانەکان بە چاوی دیل و دەسکەوت تەماشایان دەکردین. بۆیە ئەو مافەیان بە خۆیان دەدا کە هەر چەشنە سووکایەتی و توندوتیژییەکمان پێ ڕەوا ببینن. ئەشکەنجەگەرەکانمان بەپێی ڕوانگەی ئیسلامی بۆ ژنانی دیل لەگەڵمان دەجووڵانەوە. ئەوەش بڵێم کە زۆر لۆمپەن و بێڕەحم و توند بوون. بۆیە کردەوەکانیان لە بیروباوەڕیانەوە سەرچاوەی دەگرت. لەبەر ئەوە توانیان لە پڕۆژەی ‹‹تواب سازی››دا بەشێک لە بەندییەکان لە ڕێگای ترساندن، دانی بەڵێنی ئازادی، ئەشکەنجە و و مێشکشۆردنەوە تا ئەو ڕادەیە بڕووخێنن کە خۆیان ببنە ئەشکەنجەگەر و هەندێک لەوانە لە ئەشکەنجەدان و ئێعدامی هاوبەندەکانیاندا زیدەڕۆییش بکەن. بەپێی مادەی ٦ی کۆنوانسیۆنی دژی ئەشکەنجە، ئەشکەنجەگەران لە هەر کوێی دنیادا بن، دەبێ بدرێن بە دادگا. مادەکانی ٥ و ٧ی بڕیارنامەی ڕۆم (ئەساسنامەی دادگای کەیفەری)یش ئەشکەنجە لە ڕیزی جینایەتی جەنگی و جینایەت دژی مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدا. بەپێی تەواوی ئەم یاسا و ڕێسایانە، ئەو دەستە لە تەوابەکان کە دەستیان لە ئەشکەنجەدا هەبووە دەبێ بدرێنە دادگا. لە کۆماری ئیسلامیدا ژن لە پیاو کەمترە و دەبێ لە قسەی پیاو دەرنەچێ. بۆیە ئەوان ژن وەک مرۆڤ بەحیساب ناهێنن. ژنێکی بەندکراو، کافرە و بەندیوان بۆی هەیە دەستدرێژی بکاتە سەری و بەم کارەی ئەرکی دینیی خۆی بەجێ هێناوە. لە هەندێ لەو حاڵەتانەدا کە زیاتر لە یەک کەس دەستدرێژییان کردووەتە سەر بەندییەک، دەسدرێژیکەری دووەم بەوەی یەکەمی وتووە: «جزاک الله خیرا» واتە خوا جەزای بەخێرت بداتەوە. لە شوێنێکدا کە قەزاوەتی ژن بێبایەخە و، لە شایەتیدان و میراتبردنیشدا نیوەی پیاوی بەر ئەکەوێ، سروشتییە کە لە کاتی بەدیلگیراندا زەبر و زۆرێکی زیاتری بەرامبەر دەکرێ. لە کۆماری ئیسلامیدا ڕادە و تایبەتمەندیی ئەشکەنجە بەندە بە خوێندنەوەی مەزهەبییەوە و تەنیا لەبەر وەرگرتنی زانیاری نییە، بەڵکوو وەک ئەرکێکی شەرعی و پیرۆز چاوی لێ ئەکرێ. ئەم ڕوانگەیە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ زەمانی شادا یەک ناگرێتەوە.



**ئێوە چەند ساڵ لە بەندیخانەدا بوون و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە و ئەشکەنجەکان چەندە کاریگەرییان لە سەر ڕوانینتان بۆ شێوازی کار وچالاکیی سیاسیی دوای ئازادبوون دانا؟**

من دوای چوار ساڵ ئازاد کرام. ئەوان توانییان بۆ ماوەیەکی زۆر ئێمەمانان تووشی داهێزران بکەن. سەرکوتی بێڕەحمانە و کۆکوژیی بەندییە سیاسییەکان، داخرانی فەزای سیاسی و بەردەوامیی دیکتاتۆری کارێکی وای کرد کە هێزە سیاسییەکان مەیدانەکە بەجێ بێڵن و دەنگیان نەبێ، هاوکات پچڕانی پێوەندیی ڕێکخراوەیی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکاندا بە کردەوە ئێمەی خستبووە نێو بەرزەخێکی بێناسنامەیی و بێمەیلییەوە. زۆربەمان وازمان هێنابوو و فڕێ درابووینەوە بۆ نێو ژیانی ئاسایی و ئەگەر بمانەوێ خەسارناسانە چاوی لێ بکەین، دەبێ بڵێم (پێمل بوون) بە مێردکردنی هەڵە و بەپەلە، وازهێنان لە خوێندن و وازهێنان لەو خوێندنەوانەی کە لە سەرەتای شۆڕشەوە دەست پێکرابوون، تەنیا گۆشەیەکن لەو خەسارانەی بەر جیلی گیانفیدا و ئارمانخوازی ئێمە کەوتبوو.

بەگشتی بەندیخانە وای کرد کە من ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بناسم. ئەشکەنجەدانی خۆم و هاوڕێیەکانم مەیلی خەبات لەدژی ئەم ڕێژیمەی لە مندا بە زیندوویی هێشتەوە. بۆیە هەر دوای هەڵاتن لە وڵات و لە هەمان قۆناغی پەنابەریدا دەستم کردەوە بە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

**ڕووداوەکانی ئەو ساڵانە، ئەشکەنجە و ئازارەکانی بەندیخانە چەندە کاریان لە ژیانی تایبەتیی ئێوە کردووە؟ هیچ بیرەوەرییەکی ئەو سەردەمە ئازارتان ئەدا؟**

دوای بەندیخانە هەرگیز خۆم وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی نەدەهاتە بەرچاو، ئیتر هەرگیز خۆم وەک بەشێک لە ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان نەدەبینی، پۆلیس و دەستوپێوەندەکانی بۆ من نیشانەی نائەمنی بوون، هەمیشە هەستم بە ترس و نائەمنی دەکرد. تا بەرلەوەی بێمە دەرەوەی وڵات، هەستکردن بە هەڵبژاردنی مەرگ و ژیان بۆم غەریب و جێی سەرسووڕمان بوو. ئەوەی کە تۆ هەست بکەی ناتوانی لە هیچ هەڵبژاردنێکدا بەشدار بی، یان خۆت بە بەشێک لە بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان نەدەبینی و دەیان هەستی لەوجۆرە. هەروەها یادی یارانی لەدەسچوو کە بەداخەوە بەشێکیان لەبەر چاوی خۆمەوە هەڵوەرین.

**ئێوە ئێستا لە کانادا دەژین، چ جۆرە چالاکییەک دەکەن و چ ئامانجێکتان هەیە؟**

من لە ڕێگای درێژەدان بەم چالاکییانە برینەکانی ڕابردووم سارێژ دەکەم. یەکێکی دیکە لە چالاکییەکانم یارمەتیدانە بە پەنابەرە ئێرانییەکان. من ١٥ ساڵە کە خۆبەخشانە ئەم کارە دەکەم. لەگەڵ نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئانکارا چەندین دانیشتنم هەبووە. بە خەرجی خۆم دەچمە تورکیە، کەیسە ڕەت کراوەکان وەردەگرم و دەیاندەمەوە بە «یوو ئێن» بۆ ئەوەی بەسەریاندا بچنەوە و هەندێ کەیسی واهەن کە بە یارمەتیی من وەرگیراون و گوازراونەتەوە بۆ وڵاتی سێهەم. نموونەیەکی سەرکەوتوو هاتنی بنەماڵەیەکی پەنابەری کوردە دوای سێزدە ساڵ چاوەڕوانی. ئەم شتانە لای من شیرینن. وەک چۆن خەڵکی دیکە کەیسی منیان بەسەر «یوو ئێن»دا سەپاند و قبووڵییان بۆ وەرگرتم، منیش هەوڵ ئەدەم کەیسی پەنابەرانی دیکە بەسەر «یوو ئێن»دا بسەپێنم و جوابیان بۆ وەربگرم. من و کچەکەم دوای پانزە ڕۆژ مانگرتن لەبەردەم «یوو ئێن»ی ئانکارا و وەرگرتنی قەبووڵی قەولمان بەخۆمان دا لە هەر سووچێکی ئەم دنیایەدا بین یارمەتیی خەڵکی ئاوارە بدەین. هەروەها بەڵێنم بۆ پاراستنی خوێنی گیانبەختکراوانی بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی هۆیەکی دیکەی چالاکییەکانمە. ڕیسالەت و بەرپرسایەتییەکم هەیە و ئەویش گەیاندنی دەنگی یارانی لەدەست چوویە بە گوێی خەڵکی جیهان. بە ئەرکی خۆم ئەزانم بەرگری لە خوێنی بەناحەق ڕژاویان بکەم.

**خاتوو مینوو هۆمەیلی گەلێک سپاس بۆ کات تەرخانکردنت بۆ ئەم دیمانەیە**

سپاس بۆ ئێوەش.

# شێعر دژی فتوا

**ساماڵ ئەحمەدی**

چەند مانگێک پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی ستەمکاری پادشایەتیدا، ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی، خومەینی، ڕێبەری مەزهەبیی ڕێژیمی نوێ، کە زانی ئامانجی نەتەوەی کورد لە بەشداربوون لەو شۆڕشەدا بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیەتی، ئەو مافە ئینسانییەی پێ قبووڵ نەکرا و فتوای سەرکوتکردنی نەتەوەی کوردی دەرکرد و فەرمانی بە هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی کاتیی ئێران کرد، کە بەتوندی هێرش بکەنە سەر کوردستان و نەتەوەی کورد قەڵتوبڕ بکەن. پاش ئەو فتوایە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی جەنگێکی بەسەرداسەپاو هات و بێجگە لە بەرگری هیچ ڕێگایەکی دیکەی بۆ نەمایەوە. لەو پێناوەدا هونەری شێعری کوردییش دەوری بەرگریی خۆی گێڕا.

چەمکی بەرگری لە فەرهەنگی گەلاندا چەمکێکی بەهادارە و، بەرگری کاردانەوەیەکی خێرایە لە بەرامبەر هێرشی نەیاردا. ئەو ئەدەبیاتەی کە لە چەمکی بەرگری دەکەوێتەوە زیاتر هەوڵ بۆ داهێنانی واتایی لە دەقدا دەدا. شێعری بەرگری لەڕێی وەسفی کارەساتەکانەوە خوێنەرانی خۆی هان دەدا بۆ خەبات و بەرەنگاری و گیانفیدایی لەپێناو ئەو مافە ڕەوایەدا کە لایەنی هێرشکەر، یان داگیرکەر لێیان زەوت دەکا.

شێعری بەرگریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نیزیکەی نیوسەدە پێش فتواکەی خومەینی دژی نەتەوەی کورد، لە ساڵانی پێش کۆماری کوردستانەوە لە لایەن شاعیرانی ڕووناکبیری وەکوو سەیفولقوزات و مەلا مارفی کۆکەییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داهێنرابوو، لە تەمەنی کورتی کۆماردا و بەتایبەتی دوای جوانەمەرگبوونی کۆمار گەشەی کرد و قوتابخانەیەکی شێعریی بەبرشت و پڕ لە بەرهەمی بەپێزی بەناوی قوتابخانەی شێعریی موکریان لێ کەوتەوە و، شاعیرانی بەناوبانگی وەکوو هێمن و هەژار و ئاوات و محەمەد نووری (عەتری گڵۆڵانی) و خاڵەمین بەرزەنجی و هێدی بەرهەمی شێعریی ڕووناکبیرانە و بەرگریکەرانەیان تێدا داهێنا، کە کاریگەریی بەرچاویان لە ڕەوتی هۆشیاریی نەتەوەیی و ڕووناکبیریی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو. لەوانەیە ئیدیعایەکی بێهوودە نەبێ ئەگەر بڵێم شێعری بەرگریی کوردی و قوتابخانەی شێعریی موکریان لەو سەردەمەدا ئاکادیمیای زانستە مرۆییەکانی وەکوو سیاسەت و کۆمەڵناسی و مێژوو و زمانناسی بوو. مرۆڤی کورد لە ڕێی ئەو جۆرە شێعرەوە چەمک و زاراوەی ئەو زانستانەی دەناسی و پێیان ئاشنا دەبوو و هەر لەڕێی ناسین و زانینی ئەو چەمک و زاراوە تازانەشەوە بوو کە هەوڵی دەدا مافەکانی خۆی لە دنیای نوێدا پێناسە بکا و بۆ دەستەبەرکردنیشیان تێبکۆشێ.

قوتابخانەی شێعریی موکریان جیا لە شێعری بەرگری، لە بواری داهێنانی دەقی لیریکیشدا خاوەنی گەنجینەیەکی بەپێزە، بەڵام مەبەستی ئەم کورتەیادداشتە شێعری بەرگرییە، بۆیە خۆ لە باسی لایەنە جۆراجۆرەکانی قوتابخانەی شێعریی موکریان دەبوێرم و لێرەدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە هەر لە ساڵانی پێش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیدا شێعر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پێشتر لە سۆنگەی قوتابخانەی موکریانەوە واتا و نێوەرۆکەکەی نوێ ببووەوە، لە بواری فۆڕمیشەوە هەوڵی دابوو کە فۆڕمی نوێ دابهێنێ، وەک فۆڕمی عەرووزیی نوێ لەلایەن سوارە ئیلخانیزادە و هاوڕێکانییەوە، هەروەها کێشی پەنجەیی و شێعری ئازاد، کە پێشتر لە باشووری کوردستان لە لایەن شۆڕشە شێعرییەکەی عەبدوڵڵا گۆران و دواتر ڕەوتە شێعرییەکانی ‹‹ڕوانگە›› و ‹‹کفری››یەوە تاقی کرابوونەوە.

پاش هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی و فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوەی کورد، شێعری بەرگریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم بە فۆڕمە کلاسیکەکەی قوتابخانەی موکریان و هەمیش بەو فۆڕمە نوێیانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا درێژەی بە داهێنانی دەقی بەرگری دا و لەڕاستیدا شێعر بەرەنگاری فتوا بووەوە. زۆرن ئەو شاعیرانەی کە پاش فتواکەی خومەینی بە دەقی شێعر خوێنەرانی خۆیان هان دا بۆ خەبات و بەرەنگاری و گیانفیدایی لەپێناو ئەو مافە ڕەوایەدا کە فتواکەی خومەینی لە نەتەوەی کوردی، نەک هەر زەوت دەکرد، بگرە مەبەستی ژینۆساید و تواندنەوەی یەکجارەکیی ئەم نەتەوەیە بوو، کە هەتا ئێستاش، پاش چل ساڵ، ئەو ڕێژیمە هەر لەسەر هەمان فتوا لاوانی کورد دەستبەسەر و زیندانی دەکا و لە بێدادگاکانیدا سزای مردن و سێدارەیان بەسەردا دەسەپێنێ و سەرەتاییترین مافی مرۆڤ کە خوێندن و فێربوونە بە زمانی دایک، ئەو ڕێژیمە لە مرۆڤی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی زەوت کردووە و دەیکا.

توێژینەوەی مێژوویی و زانستیی شێعری بەرگریی کوردی، نەک لە هەموو مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بگرە لەو چل ساڵەی پاش فتواکەی خومەینیدا زۆر هەڵدەگرێ و لە کورتەیادداشتێکی ڕۆژنامەییدا ناگونجێ. بەڵام مەبەستی ئەم یادداشتە نرخاندنی ‹‹بەهای بەرگری››یە لە دەقی شێعری کوردیدا، کە لەو چل ساڵەدا چ لە فۆڕمە کلاسیکەکەی قوتابخانەی شێعری_ڕووناکبیریی موکریاندا و چ لە فۆڕمە نوێ و نوێترەکانی دواییدا هەتا ئێستاش بەردەوامە لە ڕەتکردنەوەی فتواکەی خومەینی و هەرچەشنە بیرێکی داگیرکەرانەی سەرکوتکەر.

ئەگەر بمەوێ هەموو شاعیرانی شێعری بەرگریی کوردی لەو چل ساڵەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بناسێنم و دەقەکانیان بنرخێنم دیسان لەم دەرفەتە کورتەدا ناگونجێ. بەڵام یاد و دەقی بەشێک لە شاعیرانی شێعری بەرگریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەمە شایەدی نێوەرۆکی یادداشتەکەم. لە مامۆستا هێمنی سەرتۆپەوە تا ئازا سەکری (قادر لوتفیانی) و جەلال مەلەکشا و ڕەحیم لوقمانی و مارف ئاغایی و فەرەیدوون ئەڕشەدی و شاعیرانی دیکەش (کە لەم دەرفەتەدا من بیرم بە ناویان و دەستم بە دەقەکانیان ڕاناگات) درێژەدەرانی شێعری بەرگری لەسەر ڕێبازی قوتابخانەی موکریان و ڕێبازە شێعرییە نوێیەکانی دواترن و بە لەکارهێنانی هێما و سیمبولی جۆراوجۆر بە زمان و فۆڕمی جیاواز هەوڵ دەدەن نەتەوەی کورد هان بدەن کە خۆ بەدەست هەڕەشەی فتوا و قەڵتوبڕی داگیرکەرەوە نەدەن.

هەرچەند تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئەم جۆرە شێعرە لە جۆرەکانی دیکەی شێعریشدا هەیە، بەڵام ئەوەی کە هۆی هەڵاوارادنی شێعری بەرگرییە، پەیام و واتاکەیەتی. واتا ئەم جۆرە شێعرە ئاوێنەی ئازارەکان و ستەملێکراوی و هیواکانی خەڵکێکە، کە لە لایەن ڕێژیمێکی زاڵمەوە وەبەر ستەم کەوتووە. ئەم جۆرە ئەدەبیاتە وێڕای ئەوەی کە مژدەی ئاسۆی ڕوون و سەرکەوتنی بێگومان بە خەڵک دەبەخشێ؛ خەڵک بۆ خەبات و خۆڕاگری و بەرخۆدان لە بەرامبەر ستەم و ستەمکاریدا هان دەدا، پەسنی ئازادی دەدا و بە ستایشی شەهیدان و گیانفیدایانی ڕێگای ئازادی وا نیشان دەدا کە درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدان هەنگاونانە بەرەو لووتکەی سەربەستی و ئازادی. ئەدەبیاتی بەرگری بە گەورەکردنەوەی هێما و ئەفسانە نەتەوەیی و مێژووییەکان، هەستی نیشتمانپەروەری و بەرگری لە خاک و ئاو بەرز دەکاتەوە و وا دەکا کە گەل لەبری ئەوەی خۆی بە دەستی دۆخی هەیی (وەزعی مەوجوود)ەوە بدا، بەرەنگاری ببێتەوە بۆ ئەوەی دۆخی دڵخواز بەدی بێنێ.

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:756 22 August 2019

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی

# وەرزی هەرمانی ئەدەب و هونەری بەرگری


هەردی سەلیمی

کاتێک کە گەلێک دەکەوێتە مەترسیی لەنێوچوون یا داگیربوونی خاکەکەی و یا بە هەر شێوەیەک مەترسی دەکەوێتە سەر چوارچێوەی جوغرافیایی و دەسکەوتە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی؛ دژکردەوەی جۆراوجۆر لە خۆی نیشان دەدا. یەک لەم دژکردەوانە هونەری بەرگرییە کە بە دوو مەبەستی سەرەکی بەکار دەهێندرێ؛ یەکەم ئەوەی کە حەول دەدرێ کردەوەی دوژمن و نەیارەکە پێناسەیەکی قیزەونانەی بۆ بکرێ و قووڵایی دەستدرێژییەکەی بنوێندرێ، دووەم ئەوەی کە ورە و حەماسەتی خەڵک بۆ هەڵوێست گرتن و بەگژداچوونەوەی نەیار بباتە سەرێ.

ئەم لقە لە درەختی چرووپڕی هونەر جێی سەرنجی زۆربەی گەلانی ستەملێکراو و هونەرمەندانی ئازادیخوازی دنیا بووە و هێشتاکەش هەیە. کاتێک هونەرمەند لە بەرامبەر چارەنووسی نەتەوەکەی خۆیدا هەست بە بەرپرسایەتی دەکا و ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە، هونەر دەگەڵ زێر ناگۆڕێتەوە و، پشت لە هەموو ئەگەرە باشەکانی سەر ڕێی ژیانی تاکایەتیی خۆی دەکا و لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێکی پیرۆزدا ورە بە هاونیشتمانییانی خۆی دەبەخشێ؛ لەوێدایە کە هونەری دەروەست و، تەیار بە بیرۆکەی بەرەنگاری دەردەکەوێ.

گەلی کوردیش یەک لەو گەلانەیە کە لەژێر ڕەهێڵە بارانی ستەمی داگیرکەرانی نیشتمانەکەیدا بووە و؛ بۆیەش پەرچەکرداری تایبەت بەخۆی هەبووە. هەر سووکەئاوڕێک لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەینەوە بۆمان دەر دەکەوێ کە چەندە هونەری بەرگری ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕاوە لەم جەغزەدا. بۆ نموونە هەر سروودی نەتەوەییەکەی کە ئاماژە بە زیندووبوون و شەکاوەیی ئاڵاکەی دەکا، نیشانەی ئەوەیە کە لە ڕێگەی هونەری سروودەوە بەرهەڵستی سڕینەوە و لەبەرچاو نەگرتن بۆتەوە. دواتریش هەر لەم ڕێگایەوە و لەسەر هەمان ڕێچکە بە یارمەتیی مۆسیقا و هەڵبەست، زۆر هەوڵی ورەبەخش لەلایەن هونەرمەندانی دەروەستی ئەم بەشە لە کوردستان دراوە. کاتێک هونەرمەندە دەروەستەکان هۆمێد بە داهاتووی سەرکەوتن وێنا دەکەن، یا لە شاخە بەرزەکانی کوردستانەوە پەیام بۆ دایکە دڵ بە سۆکان دەنێردرێتەوە کە لە ئەگەری شەهیدبوونی ڕۆڵەکانتان ڕۆڕۆ مەکەن و لە جێگایەکی دیکەدا و لەسەر هەر ئەو ڕەوتە دەڵێ لە جیات ڕۆڕۆ کردن هاوڕێی ڕۆڵە شەهیدەکەتان تێرماچ کەن هەتا ستاندنەوەی تۆڵەی و، لە لایەکی دیکەشەوە دەنگێکی خۆش و بلاوێن لە گەرووی شێرەوە بەرز دەبێتەوە و شەهید دەکاتە گوڵی چیای بەرز و کۆتایی بە گریان و شیوەن دێنێ و بۆ هەمیشە لە بەرزاییەکانی ئەم نیشتمانەدا هەرمانی دەکا؛ نیشان لە پێگەی بەرزی هونەرە.

لە بواری شێعردا و لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان هونەرمەندانی مافویست و نیشتمانپەروەر سەریان هەڵدا و لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان بە شێعرەکانی کەسانی وەک هێمن، هەژار، هێدی، سەیفولقوزات و ... ڕازایەوە و، ئەوان بە تێکڕایی لە هەر کاتێکی خۆش و ناخۆشدا، نیشتمانی خۆیان هەر لەبیر نەکرد. ئەم ڕەوتە لە تاراوگەشدا هەر درێژەی هەبوو و، کێشە و ئارێشەکانی کۆمەڵ کە لە سۆنگەی دەسەڵاتی پاشایەتییەوە تووشی ئەو خەڵکە ببوو لە شێعرەکانی بە تایبەت مامۆستا هێمندا ڕەنگی داوەتەوە و، هەر لەو تاراوگەیەوە بەڵێنی هاتنەوە دەدا و هەروەها بەئیمانەوە هاوار دەکا و دیسان بەڵێن دەدا هەتا دوژمنەکەی لە خوێنی نەگەوزێنێ بۆ گەلەکەی هەر بخوێنێ. لەگەڵ ڕووخانی سیستمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و داسەپاندنی شەڕی نابەرامبەر بەسەر گەلی کورددا، مامۆستایەکی شەریف سەر هەڵدەدا و پڕ بە گەرووی منداڵانی هەموو قوتابخانەکانی کوردستان هاوار دەکا «ئا» وێنەی ئازادی و «ک» وێنەی کوردستان، کورد و کۆمەڵ و کوێستان و ئەو منداڵانە، گەورەپیاوەکان بەرەو یەکگرتن و یەکیەتی و یارمەتیی یەکتر بانگهێشت دەکەن. لە سەنگەری زماندا شاعیری گەل کە یادگارێکی کۆمارە و ماوەتەوە بۆ جیلی نوێ بە هاوکاریی کەسانی وەک مامۆستا شەریف و مامۆستا مەلەکشا و ... ئەم سەر و ئەو سەری کوردستانیان لێک گرێ دا و؛ ئەم سەنگەرە پیرۆزەیان پاراست و پێشیان بە ئاسیمیلەبوون گرت. هەر ئەم ئازیزانە بوون بە تێکۆشانی بێوچانی خۆیان بیرۆکەیان بوو بە هەوێنی هاتنە مەیدانی بەرەی چوارەم و ڕەحیمی لوقمانییەکان.

ئەم نەتەوەیە کەم و زۆر، لە زۆربەی درگای هونەرەکانی داوە بۆ وەی ڕەوایی خۆی بسەلمێنێ، بەو مەبەستەی ستەم لێکراویی خۆی بنوێنێ، بۆ ئەوەی لە خەباتە ڕەواکەیدا شێلگیرتر لە پێشوو بێ، پەیکەری مامۆستا هەژار کە کفن دەدرێ و دیسانەوە بۆ کورد تێهەڵدەچێتەوە، بەڕێوەبردنی چەندین شانۆ لەمەڕ ڕووداوگەلی جۆراوجۆر بۆ نموونە هێرشی شیمیایی بۆ سەر سەردەشت، فیلمی چریکەی هەورام، چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەو ڕۆمانانەی وا ڕاپۆرتێک لە تێکۆشان و ئەشکەنجەی زۆر یەک لە تاکەکانی ئەم گەلەن بۆ نموونە «چریکە و تاریکستانی ساڵەسپییەکان» لە نووسینی بریا کاکەسووری؛ زەحمەت و مەینەتێکن کە ئێمە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە گەیشتن بە سەرکەوتن نیزیکتر دەکەنەوە.

ئەم حەولانە پیرۆزن و پڕباش بەڵام تەواو و بەس نین؛ هونەرمەندانی ئێمە نابێ بچن لە پشت ئەو دەستەواژانەی وا لە وڵاتە ڕۆژاواییەکانەوە دێ خۆیان حەشار بدەن و ئەرکی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیی خۆیان پشت گوێ بخەن. خەسرەو گوڵسورخی دەڵێ: «کێ دەڵێ شێعر نابێ دروشم بێ، لە کاتێکدا ئەم ژیانە هیچ ویکچوویەکی لەگەڵ ڕاستیی خۆیدا نییە. من لەپێناو ژیاندا چاوەڕوانیی ئەوەم لە شێعر هەیە کە گەر پێویست بوو نەوەک تەنیا دروشم؛ بەڵکوو خەنجەر و پەت و ژار و تەنانەت فیشەکیش بێ.»

# سمیناری ٢٥ی گەلاوێژ، دەسپێکی مێژووی نوێی سەروەریی نەتەوایەتی



حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەڕێوەبردنی سمینارێک لەژێر ناوی «٢٥ی گەلاوێژ، دەسپێکی مێژووی نوێی سەروەریی نەتەوایەتی»، یادی حەفتاوچوار ساڵەی دامەزرانی خۆی کردەوە. هەروەها لەو سمینارەدا بابەتی ٤٠ ساڵەی فیتوای جیهادی خومەینی لە دژی نەتەوەی کورد و شکۆی بەرگریی کورد لەو ماوەیەدا ئاوڕی لێ درایەوە. ئەم سمینارە ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ی گەلاوێژ، لە شاری سلێمانی و بەبەشداریی نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان و کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبی و ڕووناکبیری بەڕێوەچوو.

لە بڕگەی یەکەمی سمینارەکەدا کاک سمایل بازیار، مامۆستای مێژوو زانکۆ لە کۆیە و کادری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی پێشکێش کرد لەژێر ناوی: «کۆمەڵەی ژ کاف، ڕێچکەیەک بۆ ناسیۆنالیزمی کورد هەتا ئێستا»دا. بەڕێزیان لە باسەکەیدا تیشکی خستەسەر ئەوەی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ کاف) مێژوویەکی ناتەواوە و بە هێنانەوەی چەند فاکت ئاماژەی بەوە کرد کە بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی ژێکاف نە هەڵوەشا و نە هەرەسی هێنا.

سیاسەت و ڕێباز و هەروەها پێکهاتەی فیکری و تەشکیلاتیی ژێکاف؛ کاریگەریی ژێکاف لەسەر بیچمگرتنی بیری ناسیونالیستی لە کوردستان؛ ڕوانگەی زلهێزەکانی وەک یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ ژێکاف لە بەردەوامیی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا؛ چەندی و چۆنیی گوتار و پرسی نەتەوەیی و ئامانجە بنەڕەتییەکانی ژێکاف و بەرنامە و سیاسەتیان بەنیسبەت پرسی کورد لە ئێران و؛ گوتار و پرسی نەتەوەیی و ئامانجە بنەڕەتییەکانی ژێکاف لە بەردەوامیی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا؛ چەند تەوەرێکی باسەکەی بەڕێز سمایل بازیار بوون.

لە تەوەرێکی دیکەی سمینارەکەدا مامۆستا هەژار هەورامی، مامۆستای زانکۆ لە هەولێر باسەکەی لەژێر ناوی »حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە» پێشکێش کرد. بەڕێزیان لە باسەکەیدا سەرەتا ئاماژەی بە دروستبوونی دەوڵەت_نەتەوەکان لە بەرژەوەندیی زلهێزە جیهانییەکاندا کرد. پاشان بە تیشک خستنەسەر ناکامیی کوردەکان لە شۆڕشەکانی سەدەی ١٩ و ٢٠ بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بەهۆی فاکتەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، باسی لە سیاسەت و ئایدیاکانی دەسەڵات و دەوڵەت نەتەوەکانی وەک ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی بۆ سڕینەوەی شوناس و کێیەتیی نەتەوەکانی دیکەی ئێران کرد. مامۆستا هەژار هەورامی لەو بەشە لە باسەکەیدا فەلسەفەی دروستبوونی حیزبی دێموکرات بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی ئاسمیلەکرانی کورد لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی تارانی شی کردەوە و ئاماژەی بە مێژووی پڕ سەروەریی ئەم حیزبە لە خەباتی شوناسخوازیی کورد بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد.

لە برگەی سێهەمی سمینارەکەدا کاک مەنسوور مروەتی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی پێشکێش کرد لەژێر ناوی «٢٨ی گەلاوێژ و ٤٠ ساڵ ئاسنی ساردکوتان». بەڕێزیان لە باسەکەیدا بە ئاماژە بە فەرمانی جیهادی ئایەتوڵڵا خومەینی بە دژی کورد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاویدا، باسی لە هۆکارەکانی ئەم فەرمانە کرد کە بووە هۆی هێرشی هەمەلایەنەی دەوڵەتی ناوەندی بۆ سەر کوردستان و سەپاندنی شەڕێکی بەردەوام کە لە فۆڕمی جۆراوجۆردا ماوەی ٤٠ ساڵە درێژەی هەیە.

کاک مەنسوور مروەتی لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا وێڕای ئاماژە بە ڕیزبەندێک لەو جینایەت و کۆمەڵکوژییانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان کردوویەتی، تیشکی خستەسەر لایەنی خۆڕاگری و بەرگریی کورد لەو ماوەیەدا و ئەو پێوەندییە نەپساوە و هەمیشەییەی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ئێران کە ڕێژیمی ناچار کرد لە ١٧ی خەرمانانی ساڵی ڕابردوودا بە مووشەکی بالستیک لەو حیزبە بدا، جینایەتێکی دیکە کە لەویشدا بەهۆی وەدەنگهاتنی خەڵک سەرنەکەوت.

# بەڕێوەچوونی دوو فستیڤاڵی کولتووری لە ناوچەی مایدەشتی کرماشان





ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ٩٨ی هەتاوی دوو فستیڤاڵی کولتووری و وەرزێڕی «خەرمان» و فستیڤاڵی «ئەسپی ڕەسەنی کوردی» لە ئاوایی «قومشەی سەیی یاقووب»ی مایدەشتی کرماشان بەڕێوەچوو.

جێژنی خەرمان و ڕێزگرتن لە «گوڵە گەنم» کە لە بنەڕەتدا جێژنی شوکرانە بژێریی ساڵێکی بە پیت و بەرەکەتە، بە بەشداریی گرووپە هونەرییەکان و کچان و ژنانی کورد و خەڵکی ناوچەی مایدەشت بەڕێوچوو. لەو فستیڤاڵەدا کۆمەڵێک داب و نەریتی کۆن، وەکوو يارییە ناوچەییەکان، زۆرانبازی و ئەسپسواری و پێشانگای جلوبەرگی کوردی و خواردەمەنییە کۆنەکان سەرلەنوێ بەڕێوەچوون و پیشان درانەوە.

لە هەمان ڕۆژدا فستیڤاڵی «ئەسپی ڕەسەنی کوردی» لە ئاوایی «قومشەی سەید یاقووب» بە بەشداریی سوارچاکەکانی پارێزگای کرماشان و بە نمایشی سوارکارییەوە بەڕێوەچوو.

شایانی باسە فستیڤاڵە وەرزی و کولتوورییەکان کە چەندین ساڵە بە گەرمیوگوڕیی زیاترەوە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و، بە ماندووبوونی چالاکانی مەدەنی و کەسانی خەمخۆر بەڕێوەدەچێ، جیا لەوەی کە بەستێنێکە بۆ پێشاندانی کولتووری و شارستانیەتی گەلی کورد، لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی میدیاکان و گەشتیاران کاریگەریی ئەرینی داناوە.

# بەڕێوەچوونی نۆیەمین فستیڤاڵی نێونەتەوەیی دەف لە شاری سنە





ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی گەلاوێژی ٩٨ی هەتاوی بە بەشداریی چەندین گرووپی مووسیقایی و پێشوازی کردنی بەربڵاوی خەڵک، لە شاری سنە کە بە «پایتەختی دەف» لە جیهاندا ناسراوە، نۆیەمین فستیڤاڵی ژەنینی دەف و چڕینی ئاوازە ئایینییەکان لە پارکی ئیستقلالی ئەو شارە بەڕێوەچوو.

یەکێک لە برگەکانی فستیڤاڵی دەف کە چەند ساڵە بە جوانی بەڕێوەدەچێ، کارنەڤاڵی «ژەنینی دەف»ە کە ئەمساڵیش زیاتر لە ٣٠٠ دەفژەنی پێکهاتوو لە ژنان و پیاوان و کچان و کوڕانی کورد بە شکۆمەندییەوە بەشدارییان تێدا کرد و تابلۆیەکی جوانی هونەرییان نەخشاند. لە یەکەمین کارنەڤاڵی دەف لە سنەدا، بۆ یەکەمجار ١٠٠٠ دەفژەن پێکەوە لە ئیمارەتی خۆسرئاوای سنە دەفیان ژەنی، کە لە ئاستی ئێران و جیهاندا دەنگدانەوەی هەبوو. بەتایبەتی بەشداریی بەربڵاوی کچان و ژنانی کورد لەو کارنەڤاڵە فەرهەنگی و هونەرییەدا زیاتر سەرنجراکێش بوو، ئەویش لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە ڕێگەی لە بەشداریی کردنی ژنانی لە بواری مووسیقیدا بەرتەسک کردوە.

ڕۆژی ٢٩ی گەلاوێژی ٩٨ی هەتاویش لە ئاوایی ڕێژاو کە بە پایتەختی هەنجیر لە ئێران ناسراوە، یەکەمین فستیڤاڵی میوە بەهەشتییەکان لە کاتی پێگەیشتنی هەنجیر و زەیتونی ئەو ناوچە وەکوو فستیڤاڵێکی وەرزی و کولتووری بەڕێوەچوو. لەو فستیڤاڵەدا هاوکات لەگەڵ پێشاندانی بەروبوومی وەرزێڕان، کۆمەڵێک چالاکیی فەرهەنگی و هونەریش کران، کە زیاتر سەرنجی میوانان و بەشداربووانی ڕاکێشا.